نووری عەلی ئەمین

# ڕێزمانی کوردی

ئەم ڕێزمانە لە نووسین و داڕشتن و دەستووری زمانی کوردی ئەدوێ

پێشەکی نووسین و ڕێکخستن و لە چاپدانەوەی

**د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

**چاپی یەکەم / چاپخانەی کامەران ـ سلێمانی ١٩٦٠**

**چاپی دووەم / چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر ٢٠١٢**

**چاپی سێیەم / چاپخانەی هێڤی ـ هەولێر ٢٠١٣**

* ناوی کتێب: ڕێزمانی کوردی

* نووسینی: نووری عەلی ئەمین

* پێشەکی نووسین و ڕێکخستن و لە چاپدانەوەی: د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپیێست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر

* چاپ: سێیەم ٢٠١٣

* چاپخانە: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ : ٤٠٠٠

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٨٥)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە .

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١٢ |
| سەرەتا | ١٧ |
| فەرهەنگۆک | ١٩ |
| ڕێزمان چییە ؟ | ٢٢ |
| پیت چییە؟ | ٢٢ |
| أ ـ پیتی بێدەنگ | ٢٢ |
| ب ـ پیتی بزوێن | ٢٣ |
| کەرتە چییە؟ | ٢٨ |
| کەرتەی کورت | ٢٩ |
| کەرتەی درێژ | ٢٩ |
| کەرتەکانی وشە | ٣٠ |
| وشە چییە؟ | ٣٣ |
| ١ـ وشەی سادە | ٣٤ |
| ٢ـ وشەی لێکدراو | ٣٤ |
| دەستەواژە | ٤٠ |
| ١ـ دەستەواژەی ناوی | ٤١ |
| ٢ـ دەستەواژەی ئاوەڵناوی | ٤٢ |
| ٣ـ دەستەواژەی ئاوەڵکاری | ٤٢ |
| ڕستە | ٤٧ |

بنچینەکانی ڕستە........................................٤٧
یەکەم ـ بکەر.........................................................٤٧
دووەم: کار...........................................................٤٩
١ـ کاری بەهێز........................................................٥٠
٢ـ کاری بێ هێز........................................................٥٠
ڕێك کەوتنی (بکەر) و (کار) لە ڕستەدا...........................٥١
سێیەم ـ سەربار......................................................٥٣
سەرباری بکەر چییە؟..............................................٥٣
سەرباری کار چییە؟...............................................٥٤
جۆرەکانی ڕستە.................................................. ٥٩
یەکەم: ڕستەی سادە......... ........................... ٥٩
دووەم: ڕستەی لێکدراو.......................................... ٥٩
سێ یەم: ڕستەی تێکەڵ........................................... ٦٠
چوارەم: پارچە.................................................... ٦١
أ ـ شاپارچە........................................................٦١
ب ـ پارچەی شوێن کەوتوو...................................... ٦٢
١ـ پارچەی ناوی....................................................٦٢
٢ـ پارچەی ئاوەڵناوی..............................................٦٤
٣ـ پارچەی ئاوەڵکاری..............................................٦٥
پێنجەم: ڕستەی مەزن.............................................٦٨
شەشەم: ڕستەی ناوبەین......................................... ٦٩
پارچەکانی ئاخاوتن.................................................٧٣

یەکەم: ناو.......................................................٧٣
١ـ ناوی سادە.................................................٧٣
٢ـ ناوی لێکدراو.................................................٧٣
جۆرەکانی ناو ...................................................٧٥
١ـ ناوی تایبەتی..............................................٧٥
٢ـ ناوی گشتی............................................... ٧٥
٣ـ ناوی ماددی...............................................٧٦
٤ـ ناوی مەعنەوی........................................... ٧٦
٥ـ ناوی کۆمەڵ...............................................٧٦
جینسەکانی ناو...............................................٧٧
١ـ ناوی نێر ...................................................٧٧
٢ـ ناوی مێ.....................................................٧٧
٣ـ ناوی بێ لایەن..............................................٧٨
ئامرازی پێناس...............................................٧٨
یەکەم: ئامرازی نەشوناس...................................٧٩
دووەم: ئامرازی شوناس.....................................٨٠
ژمارەی ناو ....................................................٨٠
١ـ ژمارەی تاك.................................................٨٠
٢ـ ژمارەی گەل ................................................٨١
ئامرازی گەل لە کوردیدا.......................................٨١
پیتە پاشگری ناو ..............................................٨٢
سەرباری ناو چییە؟............................................٩٠

ئەرکی ناو لە ڕستەدا.................................. ٩١
دووەم: ڕاناو .................................. ٩٧
بابەتەکانی ڕاناو .................................. ٩٧
١ـ ڕاناوی کەسی .................................. ٩٧
یەکەم: ڕاناوی کەسی جوێ.................................. ٩٧
ئەرکی ڕاناوی جوێ لە ڕستەدا.................................. ٩٩
دووەم: ڕاناوی کەسی لکاو.................................. ٩٩
٢ـ ڕاناوی خویی .................................. ١٠٤
ئەرکی ڕاناوی خۆیی لە ڕستەدا.................................. ١٠٥
٣ـ ڕاناوی ئیشاری .................................. ١٠٦
٤ ـ ڕاناوی گەیەنەر.................................. ١٠٨
ئەرکی ڕاناوی گەیەنەر لە ڕستەدا.................................. ١٠٩
٥ـ ڕاناوی پرسیاری .................................. ١١٠
ئەرکی ڕاناوی پرسیاری لە ڕستەدا.................................. ١١٢
٦ـ ڕاناوی نادیار .................................. ١١٢
٧ـ ڕاناوی هەیی .................................. ١١٤
ئەرکی ڕاناوی هەیی لە ڕستەدا.................................. ١١٥
سەرباری ڕاناو چییە؟.................................. ١١٥
سێیەم: ئاوەڵناو.................................. ١٢٠
جۆرەکانی ئاوەڵناو .................................. ١٢٠
یەکەم: ئاوەڵناوی خەبەری .................................. ١٢٠
١ـ ئاوەڵناوی سادە .................................. ١٢١

٢ـ ئاوەڵناوی لێکدراو ........................................ ١٢١
پلەکانی ئاوەڵناوی خەبەری........................................ ١٢٣
١ـ پلەی سابیت........................................ ١٢٣
٢ـ پلەی بەراورد ........................................ ١٢٣
٣ـ پلەی باڵا ........................................ ١٢٤
پیتە پاشگری ئاوەڵناوی خەبەری ........................................ ١٢٥
ئەرکی ئاوەڵناوی خەبەری چییە لە ڕستەدا؟........................................ ١٢٩
سەرباری ئاوەڵناوی خەبەری چییە؟........................................ ١٣٠
٢ـ ئاوەڵناوی ئیشاری ........................................ ١٣٠
١ـ ئاوەڵناوی ئیشاری موعەیەن........................................ ١٣٠
٢ـ ئاوەڵناوی ئیشاری موبهەم ........................................ ١٣٢
٤ـ ئاوەڵناوی فرمانی ........................................ ١٣٤
١ـ ئاوەڵناوی بکەر........................................ ١٣٤
١ـ ئاوەڵناوی بکەری سادە........................................ ١٣٤
٢ـ ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو........................................ ١٣٥
بەکارهێنانی ئاوەڵناوی بکەر........................................ ١٣٦
٢ـ ئاوەڵناوی کراو........................................ ١٣٧
١ـ ئاوەڵناوی کراوی سادە........................................ ١٣٧
٢ـ ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو........................................ ١٣٨
بەکارهێنانی ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو........................................ ١٣٨
٥ـ ئاوەڵناوی چەندی ........................................ ١٣٩
١ـ ئاوەڵناوی چەندی موبهەم........................................ ١٤٠

٢ـ ئاوەڵناوی چەندی موعەیەن ........................................١٤٠
١ـ ژمارەی ڕیشەیی..............................................١٤١
٢ـ ژمارەی تەرتیبی..............................................١٤٢
٣ـ ژمارەی تەوزیعی..............................................١٤٣
٤ـ ژمارەی کەسری..............................................١٤٤
٦ـ ئاوەڵناوی پرسیاری ..............................................١٤٤
چوارەم: چاوگ ....................................................١٤٩
جۆرەکانی چاوگ ....................................................١٥٠
١ـ چاوگی سادە....................................................١٥٠
٢ـ چاوگی لێکدراو....................................................١٥٠
چاوگی تێنەپەڕ ....................................................١٥١
چاوگی تێپەڕ....................................................١٥١
گۆڕینی چاوگی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ....................................................١٥٢
ئەرکی چاوگ چییە لە ڕستەدا؟....................................................١٥٣
سەرباری چاوگ چییە؟....................................................١٥٤
ڕەگی فرمان ـ چییە؟....................................................١٥٥
پیتە پاشگری ڕەگی فرمان....................................................١٥٨
پێنجەم : فرمان ....................................................١٦١
١ـ فرمانی تێپەڕ....................................................١٦١
٢ـ فرمانی تێنەپەڕ....................................................١٦١
فرمانی سادە....................................................١٦٢
فرمانی لێکدراو....................................................١٦٢

فرمانی مەعلوم..................................١٦٤
فرمانی مەجهول..................................١٦٤
سەرباری فرمان چییە؟..................................١٦٥
دەمەکانی فرمان ..................................١٦٦
١ـ فرمانی ڕابووردوو..................................١٦٦
جۆرەکانی فرمانی ڕابوردوو..................................١٦٧
١ـ فرمانی شهودی..................................١٦٧
٢ ـ فرمانی نزیك..................................١٦٩
٣ـ ڕابووردووی دوور..................................١٧١
٤ـ ڕابووردووی ئیستیمراری..................................١٧٣
٥ـ ڕابووردووی ئینشائی..................................١٧٥
٢ـ فرمانی دادێ..................................١٧٩
أ ـ فرمانی دادێی ئەخباری ..................................١٧٩
ب ـ فرمانی دادێی ئیلزامی ..................................١٨١
٣ـ فرمانی داخوازی..................................١٨٣
نەفی فرمان..................................١٨٣
پیتە پاشگری فرمان..................................١٨٥
شەشەم ـ ئاوەڵکار ..................................١٩٠
١ـ ئاوەڵکاری سادە ..................................١٩١
٢ـ ئاوەڵکاری لێکدراو..................................١٩١
جۆرەکانی ئاوەڵکار..................................١٩١
١ـ ئاوەڵکاری تافی..................................١٩١

**٢ـ ئاوەڵکاری شوێنی ........................................١٩٢**

**٣ـ ئاوەڵکاری چەندی ........................................١٩٣**

**٤ـ ئاوەڵکاری ئاوەڵناوی ........................................١٩٣**

**٥ـ ئاوەڵکاری نەفی ........................................١٩٤**

**٦ـ ئاوەڵکاری وەرامی........................................١٩٥**

**سەرباری ئاوەڵکار چییە؟........................................١٩٦**

**حەوتەم ـ ئامرازی پەیوەندی ........................................١٩٩**

**پیتە پاشگری ئامرازی پەیوەندی........................................١٩٩**

**بابەتەکانی ئامرازی پەیوەندی........................................٢٠٠**

**١ـ ئامرازی پەیوەندی سادە........................................٢٠٠**

**٢ـ ئامرازی پەیوەندی لێکدراو........................................٢٠٠**

**ئامرازەکانی پەیوەندی........................................٢٠١**

**هەشتەم: ئامرازی پێ بەست ........................................٢٠٨**

**نۆیەم: ئامرازی نیدا ........................................٢١٥**

# پێشەکی

**د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

زۆرن ئەوانەی خزمەتدەکەن، بەڵام بەدەگمەن کەسێ بە زیندوویی دەمێنێتەوە و کارەکانی دەبێتە بنەما و بناخەیێك بۆ پرۆژەکانی دواتر و دوای خۆی، نووری عەلی ئەمین یەکێك بوو لە داڕێژەرانی قوتابخانەی ڕێزماننووسی دێرین و بنەڕەتی زمانی کوردی، بە جۆرێك خزمەتکردنەکەی لە بواری زمان و ڕێنووسدا تاهەتایە هەر بە زیندوویی و بە نەمریی دەمێنێتەوە .

نووری عەلی ئەمین لە ساڵی ١٩٢٢ لە شارۆچکەی چەمچەماڵ لەدایکبووە، باوەکی خەڵکی سلێمانییە و دایکیشی خەڵکی چەمچەماڵە، لەو شارۆچکەیە تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە و قۆناغی شەشەمی سەرەتاییشی لە چەمچەماڵ تەواوکردووە، ئەو مامۆستایانەی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەرسیان پێوتووە ( حاجی ئەفەندی، تەلعەت ئەفەندی، ڕەمزی قەزاز، ڕەشید ئەفەندی، عەونی سەید کاکە، خەیروڵڵا عەبدولکەریم) بوون، لە پێنجوینیش ( ئەحمەد مووسڵی، عوسمان عارف، عەبدولخالقیق ئەفەندی) .[1]

---

[1] ـ بۆ ئەم پێشەکییەکە سوود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە: أـ سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، ڕۆڵی (نووری عەلی ئەمین) لە بواری ڕێزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا ـ کۆلیژی پەروەردە( ئیبن ڕوشد)ـ بەشی زمانی کوردی، ٢٠٠٣. ب ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ماڵئاوا لە نووری عەلی ئەمینی ڕێزماننووسی ڕەسەن، هەفتەنامەی بەدرخان، ژ.(٧٧)، ٢٢/١/٢٠٠٧، ل١١ .

سالّی ١٩٤٢ پەیمانگەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە و تا سەرەتای سالّی ١٩٥٨ لە ( پێنجوین، گوندی نزارە، گوندی بریفکان، دهۆك، تەقتەق، میرزا ڕۆستەم) مامۆستایەتی کردووە، بە دوای ئەمەدا گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی و لە قوتابخانەکانی ( گۆیژە، غازی، ئەیوبییە) دەرسی وتۆتەوە. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ەوە لە بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردی کراوەتە کارمەند و لەم دەزگایە پتر لە بیست سالّ خزمەتی کردووە. سالّی ١٩٨٠ خانەنشینکراوە، لە سەرەتای حەفتاکان، کە کۆڕی زانیاری کورد دامەزرا، بە ئەندامی یاریدەدەری ئەم کۆڕە هەلّبژێردرا، چ لەم کۆڕە و چ لە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاریی عێراقدا ئەندامێکی کارا و کارامەی لیژنەکانی زمان و ڕێنووس و زاراوە بووە . لە دوای نۆهەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا لەسەر داخوازیی هەندێ لە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا بەشداری چەند لێکۆلّینەوە و وتوێژی نامەی ماستەر و دکتۆرای ئەو بەشەی کردووە، ناوناوەش وتاری لەمەڕ بابەتی ڕۆشنبیری و زمانەوانی بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا نووسیوە و بە دەنگی خۆی تۆماری کردوون و بۆیان بلاّوکردۆتەوە .

نووری عەلی ئەمین لە بوارەکانی ڕێزمان و ڕێنووس و ئەدەبی کوردی و ئەدەبی بێگانەدا بەرهەمێکی زۆری بلاّوکردۆتەوە .بەداخەوە ڕۆژی یەکەمی جەژن شەممەی ٢٠٠٦/١٢/٣٠ لە شاری سلێمانی مالّئاوایی لێکردین .

**ـ کتێبەکانی لە بواری زمانەوانیدا:**

١ـ قەواعدی زمانی کوردی لە ( صرف و نحو)دا، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٦ .

٢ـ قەواعدی زمانی کوردی لە ( صرف و نحو)دا، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٥٨ .

٣ـ گرتنی کەلێنێکی دیکە لە ڕێزمانی کوردی ( پێشگر و پاشگر)، بەغدا، ١٩٥٨ .

٤ـ ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠.

٥ـ ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە (ئاخاوتنی کوردی)دا، بەغدا، ١٩٨٦ .

**ـ کتێبەکانی لە بواری ئەدەبدا:**

١ـ سروود بۆ قوتابیان، بەغدا، ١٩٦٠ .

٢ـ کاکۆڵ زێڕین و دان مرواری،چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە، بەغدا، ١٩٦٥.

٣ـ باپیرەم گوتی، چیرۆك بۆ منداڵان، بەغدا، ١٩٨٠.

٤ـ جارێکیان، چیرۆك بۆ منداڵان، بەغدا، ١٩٨٠.

٥ـ پشکۆی قین، کۆمەڵە پەخشانێك، بەغدا، ١٩٨٨ .

**ـ وتارەکانی لە بواری زمانەوانیدا:**

١ـ نیشانەکانی ڕێژەی فرمان، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٠٦)،١٩٨٥،ل ٥٠ ـ ٥٩ .

٢ـ نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی ناسادەدا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٠٧)،١٩٨٥،ل٢٠١ ـ ٢١٥ .

٣ـ چاووگی بوون و هەبوون لە زمانی کوردیدا ، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٠٩)،١٩٨٦،ل ٢٢٩ ـ ٢٥٧.

٤ـ دەوری پیتە بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١١١)،١٩٨٦،ل ١٦٩ ـ ١٨٢ .

٥ـ شێوازی ئەرێ و نەرێ لە ئاخاوتنی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی (١٥)،١٩٨٦،ل ١٣٩ ـ ١٨١ .

٦ـ وشەی ناسادە لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی (٢٩ ـ ٣٠)،٢٠٠٢،ل ٢٢١ ـ ٢٩٠ .

٧ـ بێژەی (دا)ی فرمان و نووسینی لە زمانی کوردیدا، ڕ. هاوکاری، ١٩٩٢،١٤٢٥، ل٣.

٨ـ جوێ بوونەوە لە واتای واوی عەتفدا، ڕ. هاوکاری، ١٩٩٢،١٥٢٠، ل٣ .

٩ـ وشەی لێکدراو چۆن دەبێتە دەستەواژە، ڕ. هاوکاری، ١٦٥٤،١٩٩٣، ل٣ .

١٠ـ ڕێنووسی نیشانەکانی ڕێـژەی (دە) و (ب)ی فرمـان، ڕ. هاوکـاری، ١٧٠١،١٩٩٣، ل٣ .

١١ـ ڕێنووسی ئامرازەکانی نەفی و نەهی، ڕ. هاوکاری، ١٧١٨،١٩٩٣، ل٣ .

**ـ بەشداریکردنی لە لیژنەکان**

**أـ کتێبی قوتابخانەکان:**

١ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی پێنجـەمی سەرەتایی، چاپی سێیەم، بەغدا، ٢٠٠١ .

٢ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی شەشـەمی سەرەتایی، چاپی سێیەم، بەغدا، ٢٠٠١ .

٣ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی یەکـەمی ناوەندیی، چاپی هەژدەهەم، بەغدا، ١٩٩٩ .

٤ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی دووەمـی ناوەندیی، چاپی شازدەهەم، بەغدا، ٢٠٠١ .

٥ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی سـێیەمی ناوەندیی، چاپی شازدەهەم، بەغدا، ١٩٩٩ .

٦ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی چـوارەمی ئامادەیی، چاپی حەڤدەهەم، بەغدا، ٢٠٠١ .

٧ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی پێنجـەمی ئامادەیی، چاپی چواردەهەم، بەغدا، ٢٠٠١ .

٨ــ لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، زمـان و ئـەدەبی کـوردی ، پـۆلی شەشـەمی ئامادەیی، چاپی دوازدەهەم، بەغدا، ٢٠٠١ .

**ب ـ لیژنە زانستییەکان:**

١ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی ( زمان و زانستەکانی)، بەغدا، ١٩٧٦ .

٢ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی ( زمان و زانستەکانی)، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (٥)، بەغدا، ١٩٧٧ ، ل ٣٤٣ ـ ٤٢١.

٣ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی ( زمان و زانستەکانی)، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (٦)، بەغدا، ١٩٧٨ ،ل ٣٤٤ ـ ٣٨٥.

٤ـ بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردیەکاند، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (١٠)، بەغدا، ١٩٨٣ ، ل ٢٧٧ ـ ٣٣٧ .

٥ـ هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی زمان و وێژەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥ .

٦ـ ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی (١٤)، بەغدا، ١٩٨٦ ، ل ١٦٠ ـ ٢٠٠ .

# سەرەتا

لە دوا ئەوەی کە بەرگی یەکەمی قەواعیدەکەم، لەتەك بەرگێ لەسەر (پاشگر) و (پێشگر)ی وشە لە زمانی کوردیدا، دەرهێنا، وام نیازبوو کە لە ئایندەدا بەرگێکی تر لە قەواعیدی کوردی بە دوور و درێژی دەربهێنم و پێشکەش بە ڕۆڵەکانی میللەتەکەمی بکەم، بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا ئاگام لێ بوو گەلێ لە خوێندەواران بە شوێن بەرگی یەکەم و دووەمی قەواعیدەکەما ئەگەڕان، لەکاتێکا لە بازاڕا هیچ نەمابوو، لەبەر ئەوە، و بۆ ئەوەی کە خوێندەواران لێی بێ بەش نەبن، هاتم و لەدوا بژارێکی باش و تەتەڵەیەکی بەسوود، هەردوو بەرگەکەم خستە بەرگێکەوە و گەلێ زانیاری ترم لە بارەی ڕێزمانەکەمانەوە هاویشتە ناوی و خستمەوە ژێر چاپ. دڵنیام کە بەمانە خزمەتێکی باشی زمانەکەم کردووە، و ئەمانەی من ئەبنە بەردی بناغە و دەستگرییەکی باش بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ لەم کۆڕەدا ئیش بکەن، وە دڵنیاشم ئەوانەی لە ئایندەدا دەست ئەدەنە ئەم کارە هەوڵ و تەقەلا و شەونوخونی منیش لەم کۆڕەدا ناکەن بەژێر لێوەوە، وەبەر لەوەی کۆتایی بە سەرەتاکەم بهێنم، ئەمەوێ بڵێم کە سوودیشم لەم نامیلکە و گۆڤار و کتێب و فەرهەنگانەی خوارەوە، وەرگرتووە:

١ـ فەرهەنگی مەردوخ.

٢ـ فەرهەنگی ڕابەر.

٣ـ گۆڤاری (هیوا، بڵێسە).

٤ـ قواعد اللغة الكردية، توفيق وهبى، ١٩٥٦.

٥ـ مختصری صرف و نەحوی کوردی مامۆستا سعید کابان.

6- Kurdish Dialect Studies by D. N. MAC KENZIE.

٧ـ دروس فی اللغة الفارسیة، ناصر فرج، ١٩٥٨.

٨ـ موحازەرەیەك بە زمانی فارسی، هی مامۆستای زمانی فارسییە لە کولیەی ئاداب.

٩ـ نووسینی کوردی بە لاتینی (جەمال نەبەز).

١٠ـ گەلێ کتێبی ئینگلیزی و فارسی و کوردی تر.

نووری عەلی ئەمین

# فەرهەنگێ بۆ زاراوەکانی ئەم ڕێزمانە

| کوردی | عەرەبی | کوردی | عەرەبی |
| --- | --- | --- | --- |
| ڕێزمان | القواعد | دەستەواژە | العبارة (شبه الجملة) |
| پیت | حرف | دەستەواژەی ناوی | العبارة الاسمية |
| پیتە بێ دەنگ | حرف الصوتي | دەستەواژەی ئاوەڵناوی | العبارة الوصفية |
| پیتی بێ دەنگ | حرف الصوتي | دەستەواژەی ئاوەڵکاری | العبارة الظرفية |
| پیتە بزوێن | حرف الصوتي | ڕستە | جملة |
| پیتی بزوێن | حرف الحركة | ڕستەی سادە | جملة بسيطة |
| پیتە دەنگدار | حرف الحركة | ڕستەی مەزن | جملة كبرى |
| پیتی دەنگدار | حرف الحركة | ڕستەی لێکدراو | جملة مركبة |
| کەرتە | المقطع | ڕستەی تێکەڵ | جملة معقدة |
| کەرتەی درێژ | مقطع طويل | پارچە | الفقرة |
| کەرتەی کورت | مقطع قصير | شاپارچە | جملة رئيسة |
| وشە، واژە | الكلمة | پارچەی شوێنکەوتوو | جملة تابعة |
| بێژە | اللفظ | پارچەی شوێنکەوتووی ناوی | فقرة اسمية |
| وشەی سادە | الكلمة البسيطة | پارچەی شوێنکەوتووی ئاوەڵناوی | فقرة وصفية |
| واژەی سادە | الكلمة البسيطة | پارچەی شوێنکەوتووی ئاوەڵکاری | فقرة ظرفية |
| وشەی لێکدراو | الكلمة المركبة | پارچەکانی ڕستە | اجزاء الجملة |
| واژەی لێکدراو | الكلمة المركبة | بکەر | مسنداليه |
| کار | مسند | مێ | مؤنث |
| سەربار | التكملة | بێ لایەن | محايد |
| کاری بەهێز | مسند كامل | ئامراز | اداة |
| کاری بێ هێز | مسند ناقص | ئامرازی پێ ناسینەوە | اداة التعريف |
| ئاخاوتن | الكلام | ئامرازی پێ ناسینەوەی شوناس | اداة تعريف معين |
| پارچەکانی ئاخاوتن | اقسام الكلام | ئامرازی پێ ناسینەوەی نەشوناس | اداة تعريف غير معين |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناو | اسم | ناوی تاك | اسم مفرد |
| ناوی سادە | اسم بسیط | ناوی گەل | اسم الجمع |
| ناوی لێکدراو | اسم مرکب | ئەرك | وظیفة |
| ناوی تایبەتی | اسم خاص | تەواوکەر | مفعول به |
| ناوی گشتی | اسم عام | تەواوکەری ڕاست/ سەربەخۆ | مفعول به صريح |
| ناوی مەعنوی | اسم معنوی | تەواوکەری ناڕاست | مفعول غير صريح |
| ناوی مادی | اسم مادی | تەواوکەری یاریدەدراو | مفعول غير صريح |
| ناوی کۆمەڵ | اسم الجمع | مەشق | تمرين |
| پیتە پاشگر | لاحقة | ڕاناو | ضمير |
| پیتە پێشگر | سابقة | ئاوەڵناوی پرسیاری | صفه استفهاميه |
| پاشگری ناو | لاحقه الاسم | چاوگ | مصدر |
| ناوی نێر | اسم مذکر | چاوگی سادە | مصدر بسيط |
| ڕاناوی جوێ | ضمير منفصل | چاوگی لێکدراو | مصدر مرکب |
| ڕاناوی لکاو | ضمير متصل | چاوگی تێ نەپەڕ | مصدر لازم |
| ڕاناوی خۆیی | ضمير عکسی | چاوگی تێ پەڕ | مصدر متعدی |
| ڕاناوی هەیی | ضميرملکی | چاوگی ڕەگی فرمان | جذر الفعل |
| ڕاناوی ئیشاری | ضمير اشاری | ئاوەڵناوی بکەر | صفه فاعليه |
| ڕاناوی گەیەنەر | ضمير الوصل | ئاوەڵناوی کراو | صفه مفعوليه |
| ڕاناوی پرسیاری | ضمير استفهام | پاشگری ڕەگی فرمان | لاحقة جذر الفعل |
| ڕاناوی نادیار | ضمير مبهم | فرمان | فعل |
| ئاوەڵناو | الصفه | فرمانی تێ نەپەڕ | فعل لازم |
| ئاوەڵناوی سادە | صفه بسيطة | فرمانی تێ پەڕ | فعل متعدی |
| ئاوەڵناوی لێکدراو | صفه مرکبه | فرمانی سادە | فعل بسيط |
| ئاوەڵناوی خەبەری | صفه ثابتة | فرمانی لێکدراو | فعل مرکب |
| پاشگری ئاوەڵناو | لاحقه الصفه | فرمانی ڕابوردوو | فعل ماضی |
| پلەکانی ئاوەڵناو | درجات الصفه | فرمانی ڕابووردووی نزیك | فعل الماضی الشهودی اوالقريب |
| ئاوەڵناوی ئیشاری | صفه اشاريه | ئاوەڵکاری تافی | ظرف زمنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناوی فرمانی | صفه فعلیه | ئاوەڵکاری شوێنی | ظرف مكانی |
| ئاوەڵناوی نادیار | صفه مبهمه | ئاوەڵکاری حاڵ | ظرف حالی |
| ئاوەڵناوی ژمارەیی | صفه عددیه | ئاوەڵکاری نەفی | ظرف النفی |
| فرمانی ڕابووردووی تەواو | الماضی المطلق | ئاوەڵکاری وەرام | ظرف جوابی |
| فرمانی رابووردووی دوور | الماضی البعید | ئاوەڵکاری چەندی | ظرف كمی |
| فرمانی رابووردووی دوور | الماضی البعید | پاشگری ئاوەڵکار | لاحقة الظرف |
| فرمانی رابووردووی ئیستمراری | الماضی الاستمر | ئاوەڵکاری سادە | ظرف بسیط |
| فرمانی رابووردووی ئیستمراری | الماضی الاستمر | ئاوەڵکاری لێکدراو | ظرف مركب |
| فرمانی رابووردی ئینشائی | الماضی الانشائی | ئامرازی پەیوەندی | حرف الجر |
| فرمانی دادێ | فعل مضارع | پاشگری ئامرازی پەیوەندی | لاحقة حرف الجر |
| فرمانی داخوازی | فعل الطلب | ئامرازی پێ بەست | اداة العطف |
| پاشگری فرمان | لاحقه فعل | ئامرازی نیدا | اداة النداء |
| فرمانی مەعلوم | فعل معلوم | | |
| فرمانی مەجهول | فعل مجهول | | |
| فرمانی مەرج | فعل شرط | | |
| ئاوەڵکار | الظرف | | |

## ڕێزمان چییە؟

ڕێزمان زانستێکە، فێری ئاخاوتن و نووسینی زمانێکمان ئەکا، بەشێوەیەکی ڕاستی.

## پیت (LETTER) چییە؟

پیت وێنەی ئەو دەنگانەیە، کە لە زار دێتە دەرەوە، وە وشەیان لێ پێك دێ، پیتیش دوو بابەتن:

**أ ـ پیتی بێدەنگ (CONSONANT LETTER).**

**ب ـ پیتی بزوێن (VOWEL LETTER).**

**پیتی بێدەنگ**: ئەو پیتانەن کە بەبێ یاریدەی پیتە بزوێن، دەنگەکانیان بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە نایەنە دەرێ، ئەمانەن:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ء | ف | س | ك | ع |
| ب | ق | ش | گ | غ |
| ت | ڤ | ر | ل | و |
| پ | ح | ڕ | لل[1] | ی |
| ن | خ | د | نگ | |
| م | ج | ژ | ڵ | |
| ه | چ | ز | ڵڵ[1] | |

[1]– کەللە، زللە، گوللە.

**پیتە بزوێن**: ئەو پیتانەن کە هەرگیز نە ئەکەونە سەرەتای وشەوە، وە نە کەرتەوە، وە ئەخرێتە پاڵ پیتە بێدەنگەکان بۆ ئەوەی کە یاریدەیان بدەن بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە بێنە دەرێ، وەك پیتی (ا، ی) لە وشەی (کانی)دا.

پیتە بزوێنەکانی زمانی کوردی ئەمانەن:

١ـ پیتە بزوێنی (ا): دەنگەکەی درێژە، وەك:

ئارد، باران، ئازادی، هەرا.

٢ـ پیتە بزوێنی (ە): دەنگەکەی کورتە، وەك:

ئەشکەوت، ئەستێرە، ڕەوڕەوە.

٣ـ پیتە بزوێنی (ی): دەنگەکەی درێژە و داکشاو، وەك:

شیر، کانی، سیر.

٤ـ پیتە بزوێنی (ێ): دەنگەکەی کراوەیە، وەك:

هەوێ، شێت، لادێ.

٥ـ پیتە بزوێنی (و): دەنگەکەی کورتە، وەك:

کوڵ، کوڕ، کورد.

٦ـ پیتە بزوێنی (وو): دەنگەکەی درێژە، وەك:

دوو، سوور، بەڕوو.

٧ـ پیتە بزوێنی (ۆ): دەنگەکەی کراوەیە، وەك:

دۆ، کۆکە، کۆز.

---

[١]ـ بەڕەڵلا، هەڵلا.

٨ـ پیتە بزوێنی (وێ): دەنگەکەی لە بەینی پیتی (و) و (ێ) دایە، وەك: ئەسکوێ، گوێ، خوێڕی.

جگە لەم پیتە بزوێنانە، لە زمانی کوردیدا، سێ پیتە بزوێن هەیە، هێشتا بە پیتی عەرەبی، نەهاتوونە نووسین، کە ئەمانەیە:

١ـ ئەو دەنگەی وا لە بەینی (م) و (ن) دا لە وشەی (من)دا، هەروەها: کردن، ژن، بردن.

٢ـ ئەو دەنگەی وا لەدوا پیتی (پ)ی وشەی (پیاز)، هەروەها: پیاو، بیانوو، بەختیار.

٣ـ ئەو دەنگەی وا لەدوا پیتی (چ)ی وشەی (چوار)، هەروەها: کوا، سوا، ڕوا.

وە ئەگەر:

١ـ پیتی (و) پیتێکی بزوێنی بە دوادا هات، وە یا خۆی بەدوا پیتێکی بزوێندا هات، وەك لەم وشانەی خوارەوەدا ئەیبینن، ئەوا بە پیتە بێدەنگ ئەژمێررێت، نەك بە پیتە بزوێن.

| | | |
|---|---|---|
| وەرد | داو | دیوار |
| وەرە | لێو | لێوار |

٢ـ پیتی (ی) پیتێکی بزوێنی بە دوادا هات، وەیا خۆی بەدوا پیتێکی بزوێندا هات، وەك لەم وشانەی خوارەوەدا ئەیبینن، ئەوا بە پیتە بێدەنگ دائەنرێت نەك بە پیتە بزوێن .

| | | |
|---|---|---|
| یانە | بەیانی | تەیمان |
| یارۆ | دایە | پەیمان |

٣ـ دوو پیتی (وو) کەوتە سەرەتای وشەیەك یا کەرتەی وشەیەك: یەکەمیان بە پیتە بێ دەنگ و دووەمیان بە پیتە بزوێن دائەنرێت، وەك:

وولاَخ کاووڕ

ووشە مێووژ

٤ـ دوو پیتی (یی) لە وشەیەکدا، ئەگەر کەرتەیەك بوون، یەکەمیان بە پیتە بێدەنگ دائەنرێت وە دووەمیان بە پیتە بزوێن، وەك:

پاییز شایی

ڕۆیشت خۆڕایی

٥ـ پیتی (وێ) لە وشەیەکدا، کەرتەیەك بوو، نەك بزوێنێ، وەك لە وشەی (هەوێ)دا ئەیبینی، ئەوا یەکەمیان (واتە: پیتە ـ و ـ ەکە) بە پیتە بزوێن دائەنرێت، هەروەها:

تەشوێ (تەش ـ وێ)

ئەخەوێ (ئە ـ خە ـ وێ)

ئاوێنە (ئا ـ وێـ ـ نە)

## پرسیاری (١)

پیت لە کوردیدا چەند بابەتە؟

## پرسیاری (٢)

| وشە | پیتە بێ دەنگ | پیتە بزوێن |
|---|---|---|
| کاڵەك | ك، ڵ، ك | ا، ە |

دە تۆش ئەم وشانەی خوارەوە، وەك وێنەی سەرەوە، پیتە بێدەنگ و پیتە بزوێنی لێ دەربهێنە:

(یاری، پەیین، هیوا، سەربەخۆیی، گوڵ، قووڵ، سوێر، شێر).

## پرسیاری (٣)

لەم وشانەی خوارەوەدا، چەند دوو (وو) ئەبینیت، سەرو هێڵیان بە ژێرا بکێشە، لەپاشا هێڵێکیش بهێنە بەسەر بزوێنەکانیاندا، با بێدەنگەکانیان دەربکەوێت.

(وونجروونجر، مێووژ، ووڕ، ووتار، ووڵاخ، وورگ، ووریا، ئەووت، ووشە، وورچ).

## پرسیاری (٤)

لەم وشانەی خوارەوە پیتی (ی) بێدەنگ لە پیتی (ی) بزوێن جویێ بکەرەوە.

پەنیر، دایەن، پەیژە، پیاز، نازەنین، یابوو، نەیار، یەك، نەسرین.

## پرسیاری (٥)

واوی بێ دەنگ لە واوی بزوێن جوێ بکەرەوە لەم وشانەی خوارەوە:

زەرد و سوور، نان و دۆ، جووڵە، وەڕی، دوور، داو، کووڕ، شوو، دراو، سوا، ناودار.

## پرسیاری (٦)

لەم وشانەی خوارەوەدا چەند دوو (ی ی) ئەبینی، سەرو هێڵ بکێشە بەژێریانا، لەپاشا پێمان بڵێ کامیان بە پیتی بێدەنگ و کامیان بە پیتی بزوێن ئەچێ؟

مایین، سەربەخۆیی، کۆیی، شایی، پاییز، بەخۆڕایی، ئاوایی، لادێیی، زایین، ئایین.

## پرسیاری (٧)

لەم وشانەی خوارەوەدا هەرچی (وێ)یەك ئەبینرێ، سەرو هێڵیان بەژێرا بکێشە، لەپاشا پێمان بڵێ کامیان بە پیتە بزوێن و کامیان بە کەرتە (مقطع) دائەنرێ.

ئەدوێ، کوێ، ئەڕوێ، ئەسکوێ، وێران، تەشوێ، نوێن، خوێندن، توێ توێ، ئەنوێ.

## کەرتە SYLLABLE چییە؟

کەرتە ئەو بێژەیەیە کە بە جارێ لە دەم دێتە دەرێ، وەك بێژەی (ئاش) و (تی) لە وشەی (ئاشتی)دا، بێژەی (ئاش) بە جارێ دێتە دەرەوە، لەدوا پشوویەکی کورت، ئینجا بێژەی (تی) دێتە دەرەوە، وە کەرتەش لە زمانی ئێمەدا:ـ

١ـ ئەلوێ لە پیتە بێدەنگێك کە بزوێنێك یاریدەی بدا لە بێژانا پێك بێ، وەك:

| کەرتە | پیتە بێ دەنگ | پیتە بزوێن |
|---|---|---|
| گا | گ | ا |
| بۆ | بـ | ۆ |
| دوو | د | وو |

٢ـ ئەلوێ لە دوو پیتە بێدەنگ، کە پیتێکی بزوێن یارمەتی بدا لە بێژانا پێك بێ، وەك:

| کەرتە | پیتە بێ دەنگ | پیتە بزوێن |
|---|---|---|
| کێو | ك، و | ێ |
| کوێر | ك، ر | وێ |
| پووش | پـ، ش | وو |

٣ـ ئەلوێ لە سێ پیتە بێدەنگ، کە پیتە بزوێنێك یارمەتی بدا لە بێژانا پێك بێ، وەك:

| کەرتە | پیتە بێ دەنگ | پیتە بزوێن |
|---|---|---|
| کوشت | ك، ش، ت | و |

| | | |
|---|---|---|
| مەرد | م، ر، د | ە |
| سارد | س، ر، د | ا |

## کەرتەی کورت ـ کەرتەی درێژ

کەرتە بە پێی بەرز و نزمی دەنگی ئەو پیتە بزوێنانەی کە تیایەتی، دوو بابەتە:

١ـ **کەرتەی درێژ**: بەو کەرتەیە ئەوترێ کە پیتە بزوێنەکەی لە بێژانا درێژبێ، وەك:

| وشە | کەرتەی درێژ |
|---|---|
| ساوەر | سا |
| بخۆ | خۆ |
| کوورە | کوو |
| ئەلەرزێ | زێ |
| ئەسکوێ | کوێ |

٢ـ **کەرتەی کورت**: بەو کەرتەیە ئەبێژرێ کە پیتە بزوێنەکەی لە بێژانا کورت بێ، وەك:

| وشە | کەرتەی کورت |
|---|---|
| کووپەڵە | پە، ڵە |
| کورد | کورد |
| ژن | ژن (JIN) |

| | |
|---|---|
| خوار | خـ (XU) |
| پیاز | پـ (PY) |

## کەرتەکانی وشە

وشە لە کوردیدا:

١ـ یا لە کەرتەیەك پێك دێ، وەك:

| وشە | کەرتە |
|---|---|
| گا | گا |
| سوور | سوور |
| بەرد | بەرد |

٢ـ یا لە دوو کەرتە پێك دێ، وەك:

| وشە | کەرتەکان |
|---|---|
| هاوین | ها ـ وین |
| ڕێواس | ڕێـ ـ واس |
| کۆتر | کۆ ـ تر |

٣ـ یا لە سێ کەرتە وە یا پتر پێك دێ، وەك:

| وشە | کەرتەکان |
|---|---|
| ئازادی | ئا ـ زا ـ دی |
| کەوانە | کە ـ وا ـ نە |

وەنەوشەیی	وە ـ نەو ـ شە ـ یی

سەربەخۆیی	سەر ـ بە ـ خۆ ـ یی

## پرسیاری (٨)

ئەم پارچە هەڵبەستەی (بێکەس) بخوێنەرەوە، لەپاشا:

١ـ پێنج وشەی یەك کەرتی.

٢ـ پێنج وشەی دوو کەرتی.

٣ـ پێنج وشەی سێ کەرتی.

٤ـ پێنج وشەی چوار کەرتی لێ دەربهێنە.

### * داری ئازادی*

**داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ، قەت بەر ناگرێ**
**سەربەخۆیی، بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ**
**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەقی لە مردن سڵ نەکا**
**هەر ((بڕوخێ)) بەس نی یە، تاکو نەسێنرێ، نادرێ**
**کورد ئەگەرچی مودەتێکە دیل و داماوە، بەڵام**
**باوەڕت بێ، ڕوحی میللی، هەر ئەمێنێ نامرێ**
**تۆ ئەگەر ئیسلامی قەوم و نیشتمانی خۆت ئەوێ**
**لێت موحەقەق بێ بەبێ شۆڕش مەحاڵە ناکرێ**
**بیری ئازادی جیهانی گرتەوە توخوا بەسە**

**ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هیمەتێ کەن لابرێ**

**قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە**

**ئیتیفاقتان گەر هەبێ، زەحمەتە خۆی ڕاگرێ**

**ئەم عیراقە خۆشەویستە خاکی گوڵگون بوو بە خوێن**

**تاهەقی دەس گیر نەبێ لەم خوێنە دەست هەڵ ناگرێ**

**نێر و مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**

**دوورە دەرچوونی لە زیللەت، مەل بە باڵێ نافڕێ**

**هەوڵی ڕاستی هەردوولا، ئامانجی میللەت سەرئەخا**

**چونکە مەعلومە بەیەك دەس چەپڵە قەد لێ نادرێ**

**وا گولۆڵەی کەوتە لێژی باوی ئیستعمار نەما**

**هیچ کەسێ ئیتر بە زۆڕنا و تەپڵی ئەو هەڵ ناپەڕێ**

**دۆستی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەریخ شاهیدە**

**ناحەزی ڕوو ڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ**

## پرسیاری (٩)

ئەم وشانە بکە بە (کەرتە):

سامان، کرێکار، سەربەستی، بیانوو، بازوو، کورت، پەڵپ، جل، وورییایی، پررە، گوان، خورما.

## پرسیاری (١٠)

| وشه | کەرتەی درێژ | کەرتەی کورت |
|---|---|---|
| چۆلەکە | چۆ | لە، کە |

دەتۆش ئەم وشانەی خوارەوە، وەك وێنەی سەرەوە، کەرتەی کورت و کەرتەی درێژی لێ دەربهێنە:

ئەسپێ، جوانی، ئەشوات، خۆزگە، نووستن، بوار، ئەدوێت، پەنیر، مزر، گیا.

## پرسیاری ١١

ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

هەمیشە، فەرمان، هەرگیز، فرمان، ڕەن، ڕەبەن، هەنووکە، گەمژەڵ، گاشە.

## وشە WORD چییە؟

وشە کەرەسەی زمانە و لە دەنگێ وە یا چەند دەنگێ دروست ئەکرێ، وەك وشەی (خانزاد)، لە دەنگی (خ، ا، ن، ز، ا، د) پێك هاتووە، وشەش بەپێی زۆر و کەمی واژەکانی دوو بابەتە:

**١ـ وشەی سادە** (SIMPLE WORD).

**٢ـ وشەی لێکدراو** (COMPOUND WORD).

**وشەی سادە**: ئەو واژەیەیە کە تەنیا ڕیشەیەکی[1] هەیە، وەك: مار، مێرگ، فڕی، بە، جگە، پشت، هەی، دەم.

**وشەی لێکدراو**: ئەو واژەیەیە کە دوو ڕیشە یا پتری هەیە، وەك:

| وشەی لێکدراو | ڕیشەکانی |
|---|---|
| مارماسی | مار، ماسی |
| مێرگەسوور | مێرگ، ە، سوور |
| بەناو | بە، ناو |
| پشتاوپشت | پشت، او، پشت |
| هەی هوو | هەی، هوو |
| دەم بە پێ کەنین | دەم، بە، پێ، کەنین |

وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا:

١ـ یا یەکەمیان مەعنای دووەمیان تەواو ئەکا، وەك: (نێرەکەو)، لەم وشە لێکدراوەدا واژەی (نێر) واژەی (کەو) تەواو ئەکا، هەروەها

هاوینە هەوار، زڕەدار

٢ـ یا دووەمیان مەعنای یەکەمیان تەواو ئەکا، وەك: (دەنکە گەنم).

لەم وشە لێکدراوەدا، واژەی (گەنم) مەعنای واژەی (دەنك) تەواو ئەکا، هەروەها:

سەبەتە ترێ، بەرداش

[1]– ڕیشە: أصل.

ئەنجا وشەی کوردی (سادە) بێ یا (لێکدراو):

١ـ ئەگەر بۆ ناونانی کەسێ یا شتێ بەکارهێنرا، پێی ئەوترێ (ناو)، وەك:

بارام، شاسوار، هەڵووژە، قەل، مەهاباد، ڕووناك، خۆشناو.

٢ـ ئەگەر لە بری ناو بەکارهێنرا، پێی ئەڵرێ (ڕاناو)، وەك:

من، خۆت، کێ؟، ئەمانە، هین.

٣ـ ئەگەر بۆ وەسفی ناوێ یا ڕاناوێ بەکارهێنرا، پێی ئەبێژرێ (ئاوەڵناو)، وەك:

| | |
|---|---|
| پشیلەی ڕەش | (ڕەش) |
| هەندێ سێو | (هەندێ) |
| تۆی کەساس | (کەساس) |
| هەشت پۆڕ | (هەشت) |
| ئەم شۆڕشە | (ئەم... ە) |
| چەند ئافرەتێ | (چەند؟) |

٤ـ ئەگەر خەبەری پێ لە کاری کەسێ یا شتێ درا، لە تافێکا، پێی ئەڵرێ (فرمان)، وەك:

| | |
|---|---|
| **ئەسپەکە هەڵ خلیسکا.** | **(هەڵ خلیسکا)** |
| **باوکم دانیشت.** | **(دانیشت)** |
| **دارتاشەکە تەشوێکەی ئەسوێ.** | **(ئەسوێ)** |
| **بایز: ئەمەم بۆ بگرە.** | **(بگرە)** |

٥ـ ئەگەر وەسفی فرمانێ وەك وێنەی (أ) یا ئاوەڵناوی وەك وێنەی (ب) یا ئاوەڵکارێکی وەك وێنەی (جـ) پێ کرا، پێی ئەووترێ (ئاوەڵکار).

**أ ـ گوڵناز بەکوڵ ئەگری (بەکوڵ).**

**ب ـ پیاوی وەها ئازا کەم هەڵ ئەکەوێ (وەها).**

**جـ ـ بارام زۆر زوو گەیشتە جێ (زۆر).**

٦ـ ئەگەر بۆ دەرخستنی بەندیواری (علاقە)ی ناوێ، یا ڕاناوێ، یا ئاوەڵناوێ بەکارهێنرا لەتەك واژەکانی تری ڕستەکەدا، پێی ئەووترێ (ئامرازی پەیوەندی)، وەك:

**گوڵاو لە گوڵ دەرئەهێنرێ.**

لەم ڕستەیەدا: واژەی (لە) بەندیواری بەینی (گوڵ) و (گوڵاو) دەرئەخا، هەروەها:

**ترێی ترش مەکڕە.**

لەم ڕستەیەدا: واژەی (ی)، بەندیواری بەینی (ترێ) و (ترش) دەرئەخا.

٧ـ ئەگەر بۆ یەکخستن و گرێدانی دوو وشە، وەك وێنەی (أ) یا دوو دەستەواژە وەك وێنەی (ب)، یا دوو ڕستە وەك وێنەی (جـ) بەکارهێنرا، پێی ئەڵرێ (ئامرازی پێ بەست).

**من و هیوا ئەچین بۆ ناوچەی هەورامان. (و)**

**گۆڤاری بلێسە و گۆڤاری هیوا لە عیراق دەرئەچن . (و)**

**من نای دوێنم کەچی خۆیم تێ هەڵ ئەسوێ . (کەچی)**

٨ـ ئەگەر بۆ وریاکردنەوەی دوێنراو، وەیا هەست بەخۆشی، ناخۆشی، ترس، پەژارە، پەستی بەکارهێنرا، وەك وشەی (ێ، ئەها، ئۆف، ئەی)ی.

ئەم وشانەی خوارەوە، پێی ئەوترێ (ئامرازی نیدا)

**خوشکێ، بۆچی بە ناڕەوا داوێنم ئەگرێ .**

**ئەها، سوارێك خۆی کرد بە ئاواییەکەدا!**

**ئۆف، لەژیانی کوێرەوەری!**

**جۆگەلەی زووخاوی جەرگم وا لەچاوم سەر ئەکا**

**ئەی وەتەن، دەردت لە دڵما زامی سەد خەنجەر ئەکا**

## پرسیاری ١٢

وشەی (سادە) و (لێکدراو) لە یەکتر جوێ بکەرەوە، لەپاشا هەموویان لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

دائەگەڕێ، شۆڕش، هەلووك، بەڵمەبرنج، سپی، هەرزن، بە، گوڵ بەدەم، ئەگینا، بەیانی زوو، سەوز.

## پرسیاری ١٣

أـ بەفر بارین.                ب ـ بارینی بەفر

دە تۆش ئەو وشە لێکدراوانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

مزرە سێو، پاقلە چاندن، سوورە گوڵ، براژن، سەوزەگیا .

## پرسیاری ١٤

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە، سەرو هێڵ بکێشە بەژێر وشە لێکدراوەکانیا:

**١ـ لەسەر دەزگای برایەتی کورد و عەرەب هەموو پیلانێکی دوژمن تێك ئەهاڕین.**

**٢ـ شاسوار بە شاتووەکەدا سەرکەوت هەتاوەکو گەیشتە پۆپەکەی .**

**٣ـ ئێمە تێ ئەکۆشین، خەبات ئەکەین، کۆڵ نادەین، هەنگاو ئەنێین هەتا ئەگەینە ئامانج.**

**٤ـ پاشایەتی بۆگەن بە یەکێتی گەل و سوپا، ڕیشەی لەبن دەرهێنرا.**

## پرسیاری ١٥

لەم دوو دێر هەڵبەستەی (هەژار)، هەوڵ بدە:

١ـ چەند ناوی تیا هەیە دەری بهێنە.

٢ـ چەند فرمانی تیا هەیە دەری بهێنە.

٣ـ چەند ئامرازی پەیوەندی و پێ بەستی تیا هەیە دەریان بهێنە:

**کوردم و لە ڕێ ی کوردستان**
**سەر لە پێناوم، گیان لەسەر دەستان**
**بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم**
**بە کوردی، ئەی دەم، وەرامی قەبرم**

## پرسیاری (١٦)

هەرچی (ڕاناو) و (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵکار) ئەبینی لەم ڕستانەدا، دەریان بهێنە:

**١ـ پیاوی دووڕوو مەدوێنە.**

**٢ـ ئەمەی من لە هینەکەی ئەو باشترە.**

**٣ـ دایکی دز، سنگ ئەخوا، یا سنگ ئەکوتێ.**

**٤ـ بەهاران کە هەور ئەگرمێنێ، دوومەڵان هەڵ ئەتۆقێ.**

**٥ـ سەگی هار چل شەو ئەژی.**

## پرسیاری (١٨)

ئەم ئاوەڵناوانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:

زمان شڕ، دڕ، ساوا، ئەم...... ە، هەموو، زانا.

١ـ منالّی .......... ئەبێ جوان بەخێو بکرێ.

٢ـ ........... ڕێگایەك بۆ بانە ئەچی.

٣ـ پیاوی ............ هەرگیز نامرێ.

٤ـ ........... دارستان .......... چڕە.

٥ـ لە سەگی .......... لە ئافرەتی .......... بترسە.

## پرسیاری (١٩)

هەرچی فرمانێ ئەبینی لەم ڕستانەدا، سەرو هێڵی بەژێرا، بکێشە:

**١ـ پرشنگ گوڵ ئەڕوێنێ.**

**٢ـ فەرهاد فرۆکە لێ ئەخوڕێ.**

**٣ـ بریا بم دواندایە، بم زانیایە، بۆچی ئەچێ بۆ هەڵەبجە.**

**٤ـ نانەکەم بۆ بخەرە سەر سەبەتەکە، خۆم ئەی خۆم.**

## دەستەواژە PHRASE

بریتییە لە کۆمەڵە واژەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو، کە نەمەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، وە نەفرمانێکیان لەتەکدا ئەبێ، وە پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەك لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ، وەك:

**لەشکرەکەی زینفون، لە کوردستاندا**

**دوژمنی خۆم، بە شەکراو**

**هەناری گوڵ بەدەم**

ئەمانە هەریەکە دەستەواژەیەکن، چونکە:

١ـ کۆمەڵە واژەیەکی لەیەکتر دانەبڕاون.

٢ـ مەعنایەکی تەواو نابەخشن.

٣ـ فرمانیان لەتەکا نییە.

٤ـ ئەگەر خرانە ڕستەوە ئەرکی یەکێ، لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینن، بەڵام ئەگەر بێژرا:

**لەشکرەکەی زینفون لە کوردستانا شکێنرا.**

**دوژمنی خۆم بە شەکراو ئەخنکێنم.**

**هەناری گوڵ بەدەم جوانە.**

لە دەستەواژە دەرئەچن و ئەبنە ڕستە، چونکە:

١ـ مەعنایەکی تەواو ئەبەخشن.

٢ـ فرمانێکیان لەتەکا ئەبێ (شکێنرا، ئەخنکێنم، ە).

٣ـ هەر کۆمەڵەیان پێکەوە ئەرکی یەکێ لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینن، بۆ وێنە:

دەستەواژەی (لە کوردستانا) ئەرکی ئاوەڵکاری ئەبینێ لە ڕستەی یەکەمدا.

دەستەواژەی (هەناری گوڵ بەدەم) لە ڕستەی سێیەمدا ئەرکی ناوی ئەبینێ، دەستەواژەش سێ بابەتی گرنگی هەیە:

**١ـ دەستەواژەی ناوی** (NOUN PHRASE).

**٢ـ دەستەواژەی ئاوەڵناوی** (**ADJUFCTIVE PHRASE**).

**٣ـ دەستەواژەی ئاوەڵکاری** (**ADVERB PHRASE**).

**دەستەواژەی ناوی**: ئەو دەستەواژەیەیە، کە لە ڕستەدا ئەرکی ناوێ ئەبینێ، وەك دەستەواژەی (لێدانی زەنگەکە)ی ئەم ڕستەیە (لێدانی زەنگەکە لەخەو ڕای پەڕاندم)، چونکە بۆتە (بکەر)ی فرمانی (ڕای پەڕاندم)، وە ئەو وەزیفانەی کە بە دەستەواژەی ناوی ئەسپێرـ رێ لە ڕستەدا ئەمانەن:

١ـ وەزیفەی (بکەر)، وەك:

**شوانی ڕانەکە بلوێر لێ ئەدا . (شوانی ڕانەکە)**

**دانیشتنی ئێرە خۆشە . (دانیشتنی ئێرە)**

٢ـ وەزیفەی تەواوکەری کاری بەهێز، وەك:

**گوێزی هەورامان ئەکڕم . (گوێزی هەورامان)**

لە گوللەی ئیمپریالیزم ناترسم (لە گوللەی ئیمپریالیزم)

٣ـ وەزیفەی تەواوکەری کاری بێ هێز، وەك:

**بارام کوڕی تۆیە . (کوڕی تۆ)**

**پارەکە بە فەرهاد بوو . (بە فەرهاد)**

٤ـ وەزیفەی مونادا، وەك:

**ئۆخەی کە ڕۆژی ڕوون دەرکەوت!**

**دەستەواژەی ئاوەڵناوی**[1]: ئەو دەستەواژەیەیە، کە وەسفی ناوێ یا ڕاناوێکی پێ ئەکرێ، وەك:

**کابرای فەرەنجی لەبەر شوانی ئێوەیە.**

لەم ڕستەیەدا دەستەواژەی (فەرەنجی لەبەر)، لەبەرئەوەی وەسفی ڕاناوی (کابرا) ئەکا، پێی ئەڵرێ (دەستەواژەی ئاوەڵناوەی)، وە دەستەواژەی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا، ئەم وەزیفانەی پێ ئەسپێر ـ رێ:

١ـ وەزیفەی تەواوکەری ناو، وەك:

**شووی نابەدڵ ئەنجامی بەباش ناگەڕێ . (نابەدڵ)**

**نەیاری تەنگ پێ هەڵ چنراو خۆی ناگرێ . (تەنگ پێ هەڵ چنراو)**

٢ـ وەزیفەی تەواوکەری ڕاناو، وەك:

**ئێوەی سەر لێ شێواو ناگەنە ئاوات . (سەر لێ شێواو).**

**کابرای تفەنگ بەشانم دی . (تفەنگ بەشان)**

**دەستەواژەی ئاوەڵکاری**: ئەو دەستەواژەیەیە کە وەزیفەی ئاوەڵکاری ئەبینێ لەڕستەدا، وەك:

**پشیلەکە لەژێر مێزەکەدا نووست.**

---

[1]– دەستەواژەی ئاوەڵناوی هەر ئاوەڵناوی لێکدراوە.

لەم ڕستەیەدا، دەستەواژەی (لەژێر مێزەکەدا) وەزیفەی ئاوەڵکارێکی جێیی ئەبینێ، چونکە وەسفی فرمانی (نووست) ئەکا، و دەستەواژەی ئاوەڵکاری ئەم وەزیفانەی پێ ئەسپێر ڕێ.

١ـ وەزیفەی ئاوەڵکارێ کە (حاڵ) پیشان بدا، وەك:

**ئەسپەکەم بە زینەکەوە بەجێ هێشت . (بەزینەکەوە)**

**چێشتەکە بەگەرمی مەخۆ . (بەگەرمی)**

٢ـ وەزیفەی ئاوەڵکارێ کە (کات) پیشان بدا، وەك:

**هەفتەی ئایندە ئەچم بۆ عەمادیە . (هەفتەی ئایندە).**

**ڕێگاکەم بە پێنج ڕۆژی بڕی . (بە پێنج ڕۆژ)**

٣ـ وەزیفەی ئاوەڵکاری کە (شوین) پیشان بدا، وەك:

**فەرهاد ئەچێ بۆ ناوچەی شارەزوور . (بۆ ناوچەی شارەزوور)**

**شاسوار مارەکەی لەسەر سەوزە گیاکە کوشت . (لەسەر سەوزە گیاکە)**

٤ـ وەزیفەی ئاوەڵکارێ کە (نیازی) پیشان بدا، وەك:

**بۆ خوێندن هاتووم بۆ ئێرە . (بۆ خوێندن)**

**بۆ سێو خواردن چووم بۆ ناو باخەکە . (بۆ سێو خواردن)**

٥ـ وەزیفەی ئاوەڵکارێ کە (ئیستعانە) پیشان بدا، وەك:

**مریشکەکەم بە چەقۆ سەربڕی. (بە چەقۆ)**

**گوێزەکەم بە دەست شکاند. (بەدەست)**

## پرسیاری (٢٠)

ئـــەم چـــیرۆکەی[1] کـــەریم خـــانی زەنـــد بخوێنـــەرەوە، لەپاشـــا هەرچـــی دەستەواژەیەکی تیا ئەبینی بکێشە بەژێریا:

**یەکێ لە عادەتی کەریم خان ئەمە بـووە، هـەموو ڕۆژێ چـەند سـەعاتێکی بـۆ بیستنی شکاتی خەڵکی تەرخان کردبـوو، ڕۆژێـك لـە دیوەخـانی دادپـەروەری ئیشی تەواو ئەبێت و ئەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، کابرایەك بە پەشۆکاوی و ڕەنـگ هەڵ بڕسکاوی بەرەو ڕووی دێت و بانگ ئەکا:**

**پاشا! داد، داد!**

**کەریم خان ئەڵێ:**

**کوڕە کابرا چیت لێ قەوماوە و تۆ کێیت؟!**

**کابرا ئەڵێ:**

**قوربان من بازرگانم، هەر شتێکم کە بوو، دز بردی**

**کەریم خان لێی ئەپرسێ:**

**چۆن؟! وە لە کوێ دزرا؟!...**

**بازرگانەکە ئەڵێ:**

**لە خەودا بووم و دز ماڵەکەی بردم.**

**کەریم خان بەتووڕەییەوە ڕووی تێ کرد و ووتی:**

**ئەی بۆچی نووستی و ئاگاداری ماڵی خۆتت نەکرد؟!...**

**بازرگانەکە ووتی:**

---

[1]– لە کتێبی کەریم خانی زەندەوە وەرگیراوە.

**نەم زانی، وا تێ گەیشتم کە تۆ بە ئاگایت!!..**

**کەریم خان ئـەم وەرامـەی پـێ خـۆش بـوو، وەفـەرمانی دا، کـە ماڵەکـەی بـۆ ببژێرن.**

## پرسیاری (٢١)

جیاوازی چییە لە بەینی وشەی لێکدراو و دەستەواژەدا.

## پرسیاری (٢٢)

ئەم دەستەواژانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

لە بازاڕ، بۆتاشین، سەربەگۆبەن، ڕۆژی هـەینی، کاکـەی شـوان، لەسەرپاشـوو، بەگورجی، بەرازی سەرزل.

## پرسیاری (٢٣)

هەرچـی دەسـتەواژەیەك لـەم ڕسـتانەی خـوارەوەدا ئـەبینی، دەریـان بهێنــە، لەپاشا بەرامبەری هەر یەکێکیان جۆرەکەشی بنووسە:

**١ـ لە جەژنی قوربانا ئەچم بۆ دەشتی قەراج لە ناوچەی هەولێر.**

**٢ـ نووسراوەکەم بە چوار ڕۆژ پێ گەیشت.**

**٣ـ گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ.**

**٤ـ باوکم چوو بۆ شار بۆ فرۆشتنی مەڕەکە.**

**٥ـ ئێمەی دواکەوتوو ئەشێ فرە تێ بکۆشین بۆ ئەوەی کە بگەینە کاروانی شارستانی.**

**٦ـ وولاخەکەم بە بارەوە لێ بزربوو.**

**٧ـ داسێکی دەم تیژم کڕی.**

**٨ـ تۆی دەست بڵاو چی پاشەکەوت ئەکەی؟**

## پرسیاری (٢٤)

جیاوازی چییە لەبەینی ڕستە و دەستەواژەدا؟

## پرسیاری (٢٥)

ئەم دەستەواژانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە.

لە هەولێر، بە فیشاڵی بێگانە، بەجەنجەڕ، گوێزی هەورامان، ئەم ڕەزە

١ـ کراشەکەم ............ ئەچنم.

٢ـ ............ بەدەستی ئەشکێ.

٣ـ فەرهاد ............ە .

٤ـ ترێ ی ............ جوانە.

٥ـ ئێمە ............ جارێکی تر هەڵ ناخەڵەتێین.

## ڕستە SENTENCE

ئێمە کە ئەدوێین، وە یا ئەنووسین چەن واژەیەك بەکار ئەهێنین بۆ دەربڕینی بیروباوەڕمان، ئەنجا (بەو کۆمەڵە واژەیەی کە بەکاری ئەهێنین و مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ و فرمانێکی لەتەکدا ئەبێ، پێ ی ئەڵێ:(ڕستە)، وەك:

**١ـ مامەیارە قارەمانێکی بە هەڵپەی لەشکری بابان بوو.**

**٢ـ ئەو گەلەی کە قوربانی بدا، هەرگیز نامرێ.**

**٣ـ من لاوێکم گیانی خۆم لەڕێی ئەم نیشتمانەدا بەخت ئەکەم.**

وە ڕستە کورت بێ یا درێژ لەسەر دوو بنچینە دائەمەزرێ (بکەر) و (کار)، هەرچی لەوان بەدەربێ، پێی ئەبێژرێ (سەربار)، وەك:

| ڕستە | بکەر | کار | سەربار |
|---|---|---|---|
| هیوا ئەچێ بۆ بازار | هیوا | ئەچێ | بۆ بازاڕ |
| خەیارەکەم خوارد | ڕاناوی (م) | خوارد | خەیارەکە |

ئەوا بەدوور و درێژیش لە بنچینەکانی ڕستە ئەدوێم.

### یەکەم ـ بکەر (SUBJECT)

ئەو واژە یا دەستەواژەیەیە کە ئێمە لێی ئەدوێین لە ڕستەکەدا، وەك:

واژەی (ماستەکە) و (کۆترەکەی تۆ)ی ئەم ڕستانەی خوارەوە، ئەوانەن کە ئێمە لێیان ئەدوێین.

**ماستەکە ڕژا .**

**کۆترەکەی تۆ فڕی.**

وە بکەر لە ڕستەدا:ـ

١ـ پێش فرمان ئەکەوێ، بە مەرجێ (ڕاناوی لکاو) نەبێ، وەك:

**شووشەکە شکا . (شووشەکە)**

**منداڵەکان هاتن . (منداڵەکان)**

**ئێمە کوردین . (ئێمە)**

**نەمامەکە هەڵکێشرا .(نەمامەکە)**

٢ـ دوا فرمان ئەکەوێ، بەمەرجێ ڕاناوی لکاو بێ، وەك:

**هەنجیرەکە ئەخۆم . (ڕاناوی ـ م ـ)**

**ناوی من بنووسن .(ڕاناوی ـ ن ـ)**

**دوێنێ شەو لە ژوورەکەدا خەوێنرام . (ڕاناوی ـ م ـ)**

**پووشەکەتان سووتاند. (ڕاناوی ـ تان ـ)**

وە (بکەر) ئەلوێ:

١ـ واژەیەك بێ، واژەکەش دروستە:

أ ـ (ناو) بێ، وەك:

**پرشنگ بنێشت ئەجوێ . (پرشنگ)**

ب ـ (ڕاناو) بێ، وەك:

**ئێمە دیوارەکەمان ڕووخاند . (ئێمە)**

جـ ـ (ئاوەڵناو) بێ، وەك:

**ئەم دارە بۆچی شکا ؟ (ئەم ....)**

د ـ (ئاوەڵکار) بێ، وەك:

**دوێنێ هەینی بوو . (دوێنێ)**

هـ ـ (چاوگ) بێ، وەك:

**کۆکین نابێ فەرامۆش بکرێ . (کۆکین)**

٢ـ دەستەواژەیەك (PHRASE) بێ، وەك:

**گۆزەی ئاوەکە شکا . (گۆزەی ئاوەکە)**

**هەیاسەی زیو جوانە . (هەیاسەی زیو)**

٣ـ پارچەیەك بێ (CLAUSE)، وەك:

**تۆ بە منت نەوت کە (باوکم نەخۆشە) .**

**ئەوان چۆنیان زانی کە (من لێرەم) .**

**دووەم: کار** (PREDICATE)

ئەو بەشەیە (واژە، یا دەستەواژەیەیە) لە ڕستەکەدا، کە پێمان ئـەڵێ (بکـەر) چی کردووە، وە یا چی ئەکا، وەك:

**ئاسۆی کوڕم ئەچێ بۆ یاری .**

لەم ڕستەیەدا:

١ـ (ئاسۆی کوڕم) بکەرە و لەچەند واژەیەك پێك هاتووە، بەڵام ئەو واژەیەی کە ئێمە لێی ئەدوێین لە ڕستەکەدا، وشەی (ئاسۆ)یە.

٢ـ (ئەچێ بۆ یاری)، کارە و لەچەند واژەیەك پێك هاتووە، بەڵام ئەو واژەیەی کە یەکسەر پێمان ئەڵێ (ئاسۆ چی ئەکا)، لەناو ئەو واژانەدا فرمانی (ئەچێ)یەوە کاریش لە کوردیدا، دوو بابەتە:

**١ـ کاری بەهێز**

**٢ـ کاری بێ هێز**

**کاری بەهێز:** ئەو کارەیە، ئەو فرمانەی کەتیایەتی، بەبێ یاریدەی واژەیەك، یا چەند واژەیەکی تر، ئەتوانێ ببێتە (کار)، وەك:

**دارا ئەنوێ.**

لەم ڕستەیەدا: فرمانی (ئەنوێ) بەبێ یارمەتی وشەیەك، یا چەند وشەیەکی تر، بۆتە (کار)، واتە، خەبەری پێ لە (بکەر) دراوە، لەبەر ئەوە پێ ی ئەڵرێ: (کاری بەهێز)، هەروەها:

**پەپوولە ئەفڕێ .        (ئەفڕێ)**

**من ئەڕۆم .        (ئەڕۆم)**

**دەرگای باخەکە داخرا .        (داخرا)**

**کاری بێ هێز:** ئەو کارەیە، ئەو فرمانەی کە تیایەتی بەبێ یاریدەی واژەیەك یا چەند واژەیەکی تر، ناتوانێ ببێتە (کار)، وەك:

پرشنگ لە شارە.

لەم ڕستەیەدا: فرمانی (ە)ی بێ هێز، لەبەر ئەوەی بەبێ یارمەتی (لەشار) نەیتوانیوە ببێتە (کار)، واتە: خەبەری پێ لە (بکەر) بدرێ، پێی ئەوترێ (کاری بێ هێز)، هەروەها:

**پێڵاوەکەم تەنگ بوو[1] .** **(بوو)**

**مناڵەکان لە بازاڕن.** **(ن)**

**ئەمە کێ یە؟** **(یە)**

**ئێرە بکرێ بە باخ، خۆش ئەبێ.** **(ئەبێ)**

**چیای قەندیل بڵندە.** **(ە)**

وە فرمانی بێ هێز ئەمانەیە:

١ـ ئێسکی ڕابووردوو (بوو، بووە، ئەبوو، بوو بوو، ببوایە).

٢ـ ئێسکی دادێ (ئەبێ، ببێ) (م، ین ـ ە، یە، ن ـ ی، ن)

٣ـ ئێسکی ئەمر (بە)

## ڕێك كەوتنی (بكەر) و (كار) لە ڕستەدا

١ـ ئەگەر (بکەر) تاك بوو، ئەشێ کارەکەشی تاك بێ، وەك:

| ڕستە | بکەری تاك | کاری تاك |
|---|---|---|
| قەلەکە فڕی. | قەلەکە | فڕی |
| مەلەوانەکە بەجەرگە. | مەلەوانەکە | بەجەرگە |

٢ـ ئەگەر (بکەر) گەل بوو، ئەشێ کارەکەش گەل بێ، وەك:

---

[1] ـ چونکە ئەگەر وشەی (تەنگ، لە بازاڕ، کێ، خۆش، بڵند)ی پێش فرمانی (بوو، ن، یە، ئەبێ، ە) لابەرین، ڕستەکان بە کەم و کوڕی ئەمێنێتەوە و مەعنایەکی تەواو نابەخشن.

| ڕستە | بکەری گەل | کاری گەل |
| --- | --- | --- |
| منداڵەکان هاتن | منداڵەکان | هاتن |
| ئەم سێوانە ترشن | ئەم سێوانە | ترشن |

٣ـ ئەگەر چەند (بکەر)ێکی تاك یا گەل لە ڕستەیەکدا، بە بۆنەی ئامرازی پێ بەستەوە درابنە دەم یەکتر، ئەشێ کارەکەیان گەل بێ، وەك:

**من و بارام و تۆ ئەچین بۆ سیوەیل.**

**بزنەکان و مەڕەکان باش ئەلەوەڕێن.**

٤ـ ئەگەر دوو (بکەر) لە ڕستەیەکدا واوێکی پێ بەست لە بەینیانا بوو، بەڵام تەواوکەری مەعنای یەکتربوون، دروستە کارەکەی تاك یا گەل بێ، وەك:

**بەفر و باران لە زستانا ئەبارێ**

**بەفر و باران لە زستانا ئەبارێن**

**کاڵەك و شوتی لە هاوینا پێ ئەگا**

**کاڵەك و شوتی لەهاوینا پێ ئەگەن**

٥ـ ئامرازی (یا)ی سادە یا لێکدراوی پێ بەست بکەوێتە بەینی دوو (بکەر)ەوە، ئەشێ کارەکەیان تاك بێ، وەك:

**کوڕەکە یا کچەکە ڕۆیشت.**

**هەنارەکە یاخوت سێوەکە فرۆشرا .**

**سێیەم ـ سەربار** COMPLEMENT

ئەو واژە یا واژانەیە لە ڕستەدا کە نە (بکەر)ە، وە نە (کار)ە، بەڵام تەواوکەری لایەکی ڕستەکەیە (واتە: یا تەواوکەری بکەرە، وە یا تەواوکەری کارە)، وەك:

**کوڕەکەی تۆ ئەچێ بۆ سۆلاڤ .**

لەم ڕستەیەدا:

١ـ واژەی (کوڕەکە و ئەچێ) ئەو دوو بنچینەیە کە ڕستەکەی لەسەر دامەزرێنراوە، (واتە: بکەر و کارن).

٢ـ واژەکانی (ی تۆ) و (بۆ سۆلاڤ) سەربارن:

أ ـ واژەکانی (ی تۆ) سەرباری بکەرەکەیە، کە (کوڕەکە)یە.

ب ـ واژەکانی (بۆ سۆلاڤ) سەرباری کارەکان، کە (ئەچێ)یە.

**سەرباری بکەر چییە؟**

ئەو واژە یا واژانەی کە ئەخرێنە پاڵ (بکەر) بۆ تەواوکردنی مەعناکەی، پێی ئەوترێ (سەرباری بکەر)، وەك:

**کەمەرەی زیو لەلادێ بەکار ئەهێنرێ.**

لەم ڕستەیەدا، واژەی (ی زیو) پێ ی ئەوترێ (سەرباری بکەر)، چونکە مەعنای بکەرەکەی تەواوی کردووە، کە (کەمەرە)کەیە، وە ئەو واژانەی کە ئەبنە سەرباری بکەر بە بۆنەی ئامرازی (ی) یاخوت (ی ناو، ی سەر، ی لا)ی پەیوەندیەوە، ئەلوێ:

١ـ (ناو) بێ، وەك:

**پێڵاوەکەی نەسرین دڕا .(نەسرین)**

٢ـ (ڕاناو) بێ، وەك:

**کەواکەی من[1] شڕبوو .(من)**

٣ـ (ئاوەڵناو) بێ، وەك:

**پێ کەنینی زۆر مرۆڤ ئەشکێنێ .(زۆر)**

٤ـ (ئاوەڵفرمان) بێ، وەك:

**سەری مانگ هاتە پێشەوە .(مانگ)**

٥ـ (چاوگ)[2] بێ، وەك:

**کارگەی چنین لە وڵاتا بێکاری ناهێڵێ .(چنین)**

## سەرباری کار چییە؟

ئەو واژەیە یا واژانەی کە ئەخرێنەپاڵ فرمانێ بۆ تەواوکردنی مەعناکەی، بەبێ هۆی ئامرازی پەیوەندی یەوە، یا بەهۆی ئامرازی پەیوەندی یەوە، وەك:

شوانەکە بلوێر لێ ئەدا

لەم ڕستەیەدا واژەی (بلوێر) پێ ی ئەوترێ (سەرباری کار)، چونکە کارەکەی تەعین و تەحدید کردوە کە (لێ ئەدا)یە.

وە سەرباری کار لە ڕستەدا:

---

[1]– بەڵام سەرباری بکەر ئەگەر (ڕاناوی لکاو) بێ، پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی نییە، کە یارمەتی بدا لە کارەکەیا، وەك: کەواکەم شڕ بوو (م).

[2]– ئەوەش بزانە کە (ڕاناو، ئاوەڵناو، یا ئاوەڵفرمان، یا چاوگ) لەم شێوەی بکەرییەدا وەك (ناو) بەکار ئەهێنرێن.

١ـ ئەلویَ واژەیەك بیَ، واژەكەش دروستە.

أ ـ (ناو) بیَ، وەك: **كراسەكەم بەخشی. (كراسەكە)**

ب ـ (ڕاناو) بیَ، وەك: تۆم لە هەولێر نەدیوە. (تۆ)

جـ ـ (ئاوەڵناو) بیَ، وەك: **شێتەكەم لە كۆڵانەكەدا دی .(شێتەكە)**

د ـ (ئاوەڵفرمان) بیَ، وەك: **باران نم نم ئەباریَ .(نم نم)**

٢ـ ئەلویَ دەستەواژەیەك بیَ، وەك:

**من حەز لە گۆشتی ماسی ئەكەم. (لە گۆشتی ماسی)**

**تریَ ی ناو سەبەتەكەم كڕی. (تریَ ی ناو سەبەتەكە)**

**ئەمە پێڵاوەكەی منە . (پێڵاوەكەی منە)**

٣ـ ئەلویَ (پارچە ـ CLAUSE)یەك بێت، وەك:

**فەرهاد وتی (نووسراوەكەم وەرگرت) .**

**باوكم ئاگاداری كردم كە (بەیانی ئەگەڕێتەوە) .**

## پرسیاری ٢٦

هەرچی (بكەر) و (كار) هەیە لەم ڕستانەدا، دەریان بهێنە:

**١ـ سوارەكە گلا .**

**٢ـ هیوا ئەخوێنیَ .**

**٣ـ دارەكە بە تەور ئەشكێنم .**

**٤ـ سەركەوتن بۆ گەلە .**

**٥ـ لۆكە لە هاوینا پیَ ئەگا .**

**٦ـ ئەمەی پێ جوان بوو .**

## پرسیاری ٢٧

چ سەرباری ئەبینی لەم ڕستانەدا، سەرو هێڵیان بەژێرا بکێشە:

**١ـ دارا ئەچێ بۆ بەغدا .**

**٢ـ پێشەوای گەل دڵسۆزە .**

**٣ـ باخەوانەکەی ئەوان کەوت بە دەما .**

**٤ـ واشە بەگوشت ئەژی .**

**٥ـ ئەم هەنارانە ترشن .**

**٦ـ پووشی پاوانەکە سوتا.**

## پرسیاری ٢٨

کاری بەهێز لە کاری بێ هێز جیابکەرەوە، لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

**١ـ ئەسپەکەی بابیز بەربوو .**

**٢ـ نەریمان لە ڕاڕاوەکەدا دانیشتووە .**

**٣ـ یالی مایینەکە زۆر درێژە.**

**٤ـ من پێشمەرگم .**

**٥ـ نازەنین جل ئەشوا .**

**٦ـ گەنمەکە لەکوێ چێنرا؟**

## پرسیاری ٢٩

بکەرێ بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:

١ـ ............ پووش ئەچنێ.

٢ـ ............ هەڵچوو.

٣ـ ............ لە لادێیە.

٤ـ ............ سەرکەشە.

٥ـ ............ لە هەیوان ئەنوێ.

٦ـ ............ مریشک ئەخوا.

## پرسیاری ٣٠

کارێکی بەهێز یا بێ هێز بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:

١ـ چنوور هەرمێ ............ .

٢ـ توورەکەم ............ .

٣ـ ئەمە من ............ .

٤ـ بۆچی نەتان ........... .

٥ـ گێلاس بەچی ............؟

٦ـ کێ لە دەرگا ............؟

## پرسیاری ٣١

سەرباری بخەرە ئەم بۆشاییانەوە :

١ـ داری .............م شکا.

٢ـ شاسوار ............ ئەبڕێ.

٣ـ هەنگ شیلەی ............ ئەمژێ.

٤ـ گوڵناز ............ ئەشوا.

٥ـ دارەکەم بە ............ هەڵ پاچی.

٦ـ بەردی ............ سەر ئەشکێنێ.

## پرسیاری ٣٢

لەمانەی خوارەوەدا دەستەواژە و ڕستە لە یەکتر جیاکەرەوە:

دەنگی ئازادی گەلان ڕائەپەڕێنێ، ڕۆڵەی گەل، کۆتری ئاشتی زۆر جوانە، بۆ لای ئێوە، لە گوێ ڕووبارێکی گەورە، هەنگوینی دوو بەرەی هەورامان بەناوبانگە، کوردستانی گەورە، دار بەگەورەیی ناچەمێتەوە.

## پرسیاری ٣٣

أ ـ من جووتیارم

ب ـ منم جووتیار

دە تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە.

**١ـ ئێوە کرێکارن.**

**٢ـ ئەمە تۆیت؟**

**٣ـ ئەوان فرۆکەوانن.**

**٤ـ تۆ ئەندازیاری.**

**٥ـ ئێمە ژمارياريين.**

**٦ـ ئەمانە شێرن؟**

**جۆرەکانی ڕستە** KINDS OF SENTENCE

**یەکەم: ڕستەی سادە** THE SIMPLE SENTENCE

ئەو ڕستەیە کە تەنیا فرمانێکی تیا هەیە و مەعنایەکی تەواویش ئەبەخشێ، وەك:

| بکەر | کار |
|---|---|
| چنور | ئەچێ بۆ لای باوکی (ئەچێ) |
| ئێمە | لە ماڵی ئێوە بووین (بووین) |

**دووەم: ڕستەی لێکدراو** THE COMPOUND SENTENCE

ئەو ڕستەیە کە لە دوو ڕستەی سادە یا پتر پێك دێ، وە بە بۆنەی ئامرازی پێ بەستەوە ئەدرێنە دەم یەکتر، ئەگەر هاتوو ئامرازە پێ بەستەکە لە بەینیانا هەڵ گیرا، هەر ڕستە بۆ خۆی سەربەست ئەبێ و بەندیواری لە تەك ڕستەکەی تردا نامێنێ، وەك:

**دایکم نان ئەکا و نازەنینی خوشکم جل ئەشوا، کەچی گەلاوێژ ماڵەکە ناڕازێنێتەوە.**

ئەگەر ئامرازی (و، کەچی) لە ڕستە لابەرین، ئەم ڕستە سادە سەربەخۆیانەی لێ پێك دێ:

**دایکم نان ئەکا.**

**نازەنینی خوشکم جل ئەشوا.**

**گەلاوێژ ماڵەکە ناڕازێنێتەوە.**

## سێ یەم: ڕستەی تێکەڵ THE COMPLEX SENTENCE

ڕستەی تێکەڵ لە دوو پارچە (CLAUSE) یا پتر پێك دێ، لەناو ئەو پارچانەدا، پارچەیەك هەیە ئامرازی پێ بەستی لە پێشەوەیە نییە، وە سەربەخۆشە ـ واتە: ئەتوانرێ بەتەنیا بووترێ ، پێی ئەڵرێ (شاپارچە ـ MAIN CLAUSE)، بەڵام پارچەکانی تری کە سەربەخۆ نین و ناتوانرێ بە تەنیا بووترێ، وە ئامرازی پێ بەستیان پێش ئەکەوێ، وە وەسفی وشەیەك ئەکەن لە شاپارچەدا پێیان ئەبێژرێ (پارچەی شوێن کەوتوو)، وەك:

ئەوانەی کە لە پێناوی گەلدا خەبات ئەکەن، گەل شانازی یان پێوە ئەکا، ئەم ڕستەیە:

١ـ ڕستەیەکی (تێ کەڵ)ە چونکە لە دوو پارچە پێك هاتووە و بە بۆنەی ڕاناوی گەیەنەری (ی کە)وە دراونە دەم یەکتر.

٢ـ ڕستەی (ئەوانە گەل شانازی یان پێوە ئەکا) شاپارچەیە، چونکە ڕستەیەکی سەربەخۆیە و هەم ئامرازی پێ بەستی پێش نەکەوتووە.

٣ـ ڕستەی (کە لە پێناوی گەلا خەبات ئەکەن) پارچەیەکی شوێن کەوتوون، وە ڕاناوی (ی کە) گەیەنەری پێش کەوتووە، وە وەسفی وشەی (ئەوانە) ئەکا لە شاپارچەدا.

**چوارەم: پارچە** CLAUSE

پارچە بەو کۆمەڵە واژەیە ئەووترێ کە بەشێك بێ لە ڕستەی (تێکەڵ)، وە فرمانێکی لەگەڵدا بێ، وەك:

کوڕەکەی کە لە تەنیشت تۆوە دانیشتووە، برامە، لەم ڕستە (تێکەڵ)ەدا.

١ـ کۆمەڵە واژەی (کوڕەکە برامە)، چونکە بەشێکە لەو ڕستە (تێکەڵ)ە، و فرمانی (ە)ی بێ هێزیان لە تەك دایە، پێ ی ئەوترێ (پارچە).

٢ـ کۆمەڵەی واژەی (ی کە لە تەنیشت تۆوە دانیشتووە)، چونکە بەشێکە لەو ڕستە (تێکەڵ)ە و فرمانی (دانیشتووە)ی بەهێزیان لە تەکدایە، پێی ئەبێژرێ (پارچە).

وە پارچەش لە ڕستەی (تێکەڵ)دا، دوو جۆرە:

**أ ـ شاپارچە MAIN CLAUSE**

**ب ـ پارچەی شوێن کەوتوو SUBORDINATE CLAUSE**

**<u>شاپارچە:</u>** شاپارچە لە ڕستەی (تێ کەڵ)دا، ئەو کۆمەڵە واژەیەیە جگە لەوەی کە سەربەخۆیە (واتە: ئەتوانرێ بە تەنیا بەکاربهێنرێ)، وە وشەی پێ بەستیشی پێش نەکەوتووە، وەك:

ئەو سێوەی کە ئێوارێ کڕیم، باش نەبوو

لەم ڕستەی (تێکەڵ)ەدا، پارچەی (ئەو سێوە باش نەبوو)، چونکە سەربەخۆیە و وشەی پێ بەستی پێش نەکەوتووە، پێی ئەوترێ (شاپارچە)، هەروەها:

**١ـ بارام هەرچەند بەتوندی ڕابکا، ناگاتە ئەوان .**

**٢ـ کلکی شێر مەگرە، کە گرتت بەری مەدە .**

**<u>پارچەی شوێن کەوتوو:</u>** ئەو کۆمەڵە واژەیەیە لە ڕستەی (تێکەڵ)دا، کە سەربەخۆ نییە (واتە: ناتوانرێ بە تەنیا بەکاربهێنرێ) و هەم بەری بە وشەی پێ بەست گیراوە، وە وەسفی وشەیەك ئەکا لە شاپارچەدا، وەك:

تێ ئەکۆشم کە بگەمە ئاواتم

لەم ڕستە (تێکەڵ)ەدا، پارچەی (کە بگەمە ئاواتم)، پارچەیەکی شوێن کەوتووە، چونکە سەربەخۆ نییە و بەری بە وشەی (کە)ی پێ بەست گیراوە، وە بۆتە تەواوکەری فرمانی (تێ ئەکۆشم) لە شاپارچەدا، هەروەها:

**ئەگەر زوو بم زانیایە، سەرێکم لێ ئەدا .**

**ئەوی لە مشك بێ، جەواڵ ئەدرێ .**

وە پارچەی شوێن کەوتووش، سێ بابەتە:

**١ـ پارچەی ناوی NOUN CLAUSE**

**٢ـ پارچەی ئاوەڵناوی ADJECTIVE CLAUSE**

**٣ـ پارچەی ئاوەڵکاری ADVERB CLAUSE**

**<u>پارچەی ناوی:</u>** ئەو پارچە شوێن کەوتووەیە لە ڕستەی (تێکەڵ)دا، کە ئەرکی ناوێکی پێ ئەسپێر ـ رێ لە شاپارچەدا، وەك:

**من نەم بیستووە، کە نەوزاد چووبێ بۆ تەوێڵە.**

لەم ڕستەیەدا:

پارچەی (من نەم بیستووە) شاپارچەیە، بەڵام پارچەی (کە نەوزاد چووبێ بۆ تەوێڵە)، پارچەیەکی شوێن کەوتووە، و بۆتە تەواوکەری سەربەخۆی فرمانی بەهێزی (نەم بیستووە)، لەبەر ئەوە پێ ی ئەوترێ (پارچەی ناوی)، هەروەها:

**تۆ دیتت کە بلوێر لێ بدا .**

**من کەی ووتم کە دێم بۆ ئەوێ؟**

وە پارچەی ناوی ئەبێتە:

١ـ بکەر (SUBJECT)ی فرمانێ لە شاپارچەدا، وەك:

**ئەوەی کە ڕاوەستاوە باوکە .**

لەم ڕستەیەدا:

پارچەی (ئەوە باوکمە) شاپارچەیە .

پارچەی (کە ڕاوەستاوە) پارچەیەکی شوین کەوتووە و بۆتە بکەری فرمانی (...ە)ی بێ هێز لە شاپارچەدا .

٢ـ تەواوکەری فرمان، وەك:

**کێ لەوە ئەپرسێ کە من نەهاتووم؟**

لەم ڕستەیەدا:

پارچەی (کێ لەوە ئەپرسێ) شاپارچەیە.

پارچەی (کە من نەهاتووم)، پارچەیەکی شوێن کەوتووە و بۆتە تەواوکەری (ئەپرسێ)ی بەهێز لە شاپارچەدا.

٣ـ بەدەل، وەك:

**ئەوەی کە پشتیوانی کرێکار و جووتیارە، پێشەوای مەزن، عەبدولکەریمە .**

لەم ڕستەیەدا:

پارچەی (ئەوە پێشەوای مەزن، عەبدولکەریمە) شاپارچەیە، پارچەی (ی کە پشتیوانی کرێکار و جووتیارە) پارچەیەکی شوێن کەوتووە و (بەدەل)ە، چونکە لە جێی عەبدولکەریم بەکارهێنراوە کە لە شاپارچەدایە.

٤ـ موزاف ئیلەیهی، وەك:

**ئەو هەنارەی کە لە جەواڵەکەدایە، هی ئێوەیە .**

لەم ڕستەیەدا:

پارچەی (ئەو هەنارە هی ئێوەیە) شاپارچەیە.

پارچەی (ی کە لەناو جەواڵەکەدایە) پارچەیەکی شوێن کەوتووە و بۆتە تەواوکەری ناوی (ئەو هەنارە) لە شاپارچەدا.

<u>**پارچەی ئاوەڵناوی:**</u> ئەو پارچە شوێن کەوتووەیە، لە ڕستەی (تێ کەڵ)دا، کە وەسفی ناوێ یا ڕاناوی ئەکا، لە شاپارچەدا، وەك:

**ئەو کوڕەی کە گالۆکەکەی بەدەستەوە بوو، شوانە .**

لەم ڕستەیەدا: پارچەی (ئەو کوڕە شوانە) شاپارچەیە.

پارچەی (ی کە گالۆکەکەی بەدەستەوە بوو)، پارچەیەکی شوێن کەوتووە، پارچەیەکی ئاوەڵناوی یە، چونکە وەسفی ناوی (کوڕ) ئەکا، لە شاپارچەدا.

وە پارچەی ئاوەڵناوی لە ڕستەی (تێکەڵ)دا:

١ـ یا وەسفی ناوێکی پێ ئەکرێ لە شاپارچەدا، وەك:

**پیاوەکە گەیشتە جێ، کە قاچی شکابوو .**

لەم ڕستەیەدا پارچەی (کە قاچی شکابوو) وەسفی ناوی (پیاوەکە) ئەکا لە شاپارچەدا.

<u>**پارچەی ئاوەڵکاری:**</u> ئەو پارچە شوێن کەوتووەیە لە ڕستەی (تێکەڵ)دا، کە ئەرکی ئاوەڵکارێکی پێ ئەسپێر ـ رێ لە شاپارچەدا، وەك:

**کە تەرزەکە باری، لافاوەکە هەڵسا.**

لەم ڕستەیەدا:

پارچەی (لافاوەکە هەڵسا) شاپارچەیە.

پارچەی (کە تەرزەکە باری) پارچەیەکی شوێن کەوتووە، وەسفی فرمانی (هەڵسا) ئەکا لە شاپارچەدا، وە بەیانی ئەوساتە ئەکا کە لافاوەکەی تیا ڕوویداوە، لەبەر ئەوە پێ ی ئەوترێ (پارچەی ئاوەڵکاری)، هەروەها:

**پرشنگ کە باوکی هاتەوە، ئەچێ بۆ شەقڵاوە.**

**کە پێڵاوەکەم لەپێ کرد، بزمارێ چوو بەقاچما.**

وە پارچەی ئاوەڵکاری لە ڕستەی (تێکەڵ)دا:

١ـ بۆ (کات) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**کە تۆم دی، چوومە ژوورێ .**

٢ـ بۆ (شوێن) بەکارئەهێنرێ، وەك :

**مارەکەم لەسەر سەوزەگیاکە کوشت، کە لێ ی دانیشتبووین .**

٣ـ بۆ (سەبەب) بەکارئەهێنرێ، وەك :

**ئەم نەمامە هەڵ ئەکێشم، چونکە وشك بووە .**

٤ـ بۆ (نیاز) بەکارئەهێنرێ، وەك :

**دارا چوو بۆ بازاڕ کە هەندێ سێو بکڕێ.**

٥ـ بۆ (ئەنجام) بەکار ئەهێنرێ، وەك:

**بارام بەشێنەیی ئەدوێ، بۆیە هەموو کەس تێ ی ئەگا .**

٦ـ بۆ (تەناقوز) بەکار ئەهێنرێ، وەك:

**شاسوار هەرچەندە ڕابکا، ناگاتە باییز .**

٧ـ بۆ (حاڵ) بەکارئەهێنرێ، وەك :

**ئەو ئەسپەی کە بە زینەکەوە فرۆشتم، هی خۆم بوو .**

٨ـ بۆ (بەراورد) بەکارئەهێنرێ، وەك :

**دارا کە لە خوشکەکەی بچوکترە، لە بەراوردا بەیەکەم دەرچوو .**

٩ـ بۆ (مەرج) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**ئەگەر چێشتەکەم لێنا، سەرێکتان لێ ئەدەم .**

وە لە ڕستەی مەرجی دا:

١ـ ئەو پارچەیەی کە شوێن کەوتووە و وشەی مەرجی تیایە، پێی ئەڵێ: (پارچەی مەرجی)، وەك:

**ئەگەر بخوێنیت، دەرئەچیت .**

٢ـ ئەو پاچەیەی کە ووشەی مەرجی تیا نییە و شاپارچەیە، پێی ئەبێژرێ:( پارچەی وەرام)، وەك:

**کە برسیت بوو، نانەکە بخۆ.**

وە لە ڕستەی مەرجی دا:

١ـ ئەگەر فرمانی مەرج (ڕابووردووی ئینشائی) بوو، وەرامی مەرج (ڕابوردووی ئیستمراری) ئەبی، وەك:

| **فرمانی مەرج** | **وەرامی مەرج** |
|---|---|
| ئەگەر پەیژەکە بکەوتایە | پشیلەکە ئەترسا |
| ئەگەر نەخۆش بکەوتمایە | سەرگەردان ئەبووم |

٢ـ ئەگەر فرمانی مەرج[1] (ڕابوردووی نزیك) بوو، ئەوا ئەلوێ فرمانی وەرام (ئەمر) یا (دادێ)[2] بیٚ، وەك:

| **فرمانی مەرج** | **وەرامی مەرج** |
|---|---|
| ئەگەر نووستووە، | وازی لیٚ بهێنە |
| ئەگەر ئاوەکە گەرم بووە، | خۆم ئەشۆم |

٣ـ ئەگەر فرمانی مەرج (ڕابووردووی شهودی) بیٚ، وەرامەکەی ئەلوێ (دادێ ی ئەخباری) یا (ئەمر) بیٚ، وەك:

| **فرمانی مەرج** | **وەرامی مەرج** |
|---|---|
| ئەگەر چوویت بۆ لادیٚ، | منیش دیم |
| ئەگەر بەرانەکەت فرۆشت | بە منی بفرۆشە |

٤ـ ئەگەر فرمانی مەرج (ڕابوردووی دوور) بوو، ئەلوێ وەرامەکەی (دادیٚی ئەخباری یا ئیلزامی) بیٚ، وە یا (ئەمر)، وەك:

---

[1] - شرط.

[2] - مضارع.

| فرمانی مەرج | وەرامی مەرج |
|---|---|
| ئەگەر دەرگاکە داخرابوو، | هەڵی ئەگرم |
| ئەگەر زەوی یەکەی کێڵابوو، | وازی لێ بهێنم |
| ئەگەر دانوولەکەی کوڵان بوو، | مەنجەڵەکە بهێنەرەوە |

٥- ئەگەر فرمانی مەرج (ڕابووردووی ئیستمراری) بوو، وەرامەکەی ئەلوێ یا (ئەمر) بێ یا (ڕابووردووی ئیستمراری) بێ، وەك:

| فرمانی مەرج | وەرامی مەرج |
|---|---|
| ئەگەر منالەکە ئەگریا، | ڕای بژەنە |
| ئەگەر ئەم دی، | پێم ئەووت |

٦- ئەگەر فرمانی مەرج (دادێ) بوو، ئەلوێ وەرامەکەشی (دادێ) بێ، وەك:

| فرمانی مەرج | وەرامی مەرج |
|---|---|
| هەتا خانووەکەم نەفرۆشم | ناچم بۆ لادێ |
| کەی خەرمانەکە هەڵ بگرین، | ئەگەرێینەوە بۆ ناو ئاوایی |

## پێنجەم: ڕستەی مەزن

ئەم ڕستەیەیە کە کاری بکەرەکەی لە ڕستەیەکی سادە پێك هاتووە و پێی ئەڵرێ (ڕستەی مەزن)، وەك:

**نەسرین چەفتەکەی سوورمەیە.**

لەم ڕستەیەدا:

١- وشەی (نەسرین) بکەرە.

٢ـ کۆمەڵە و وشەی (چەفتەکەی سوورمەیە) کە ڕستەیەکی سادەیە (واتە: لە بکەر و کار پێك هاتووە) بەسەریەکەوە بوونەتە کاری وشەی (نەسرین)، لەبەر ئەوە بەم جۆرە ڕستانە ئەبیژرێ (ڕستەی مەزن)، هەروەها:

| ڕستەی مەزن | بکەر | کار (ڕستەی سادە) |
|---|---|---|
| پێنجوێن هەواکەی فێنکە | پێنجوێن | هەواکەی فێنکە |
| نەریمان پێڵاوەکەی تەنگە | نەریمان | پێڵاوەکەی تەنگە |

## شەشەم: ڕستەی ناوبەین

ئەو ڕستەیەیە، کە مەعنایەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەناو ڕستەیەکی تردا، وەك:

**کە جلەکانت بۆ شووشتم ـ بەیانی ئەیان شۆم ـ بۆم لە ووتو بدە.**

لەم ڕستەیەدا: ڕستەیەکی تر هەیە کە مەعنایەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەویش ڕستەی (بەیانی ئەیان شۆم)ە، لەبەر ئەوەی کە بەندیواری لەتەك ڕستە ڕیشەییەکەدا هەیە و کەوتۆتە ناوییەوە، پێی ئەوترێ: (ڕستەی ناوبەین)، هەروەها:

**کە گەیشتینە دارستانەکە ـ ئێمە چاومان لێ بوو ڕەشماڵەکەمان هەڵدا.**

**ئەگەر باوکم لەماڵەوەبوو ـ لەماڵەوە نی یە ـ پێ ی بڵێ، بەیانی ئەگەڕێمەوە.**

## پرسیاری ٣٤

ئەم پارچە نووسراوە، بخوێنەرەوە، لە پاشا چەند ڕستەی تیا هەیە، دەریان بهێنە.

**لە دەوری پاشایەتی بۆگەنا، هەر جووڵانەوەیەکی نیشتمانی رووی بدایە، فەرمانڕەوایان بە ئاگر و ئاسن بە پیریەوە ئەچوون، بە ناڕەوا خەڵکیان ئەگرت، ئازاریان ئەدا، ئاوارەیان ئەکرد، بەڵکو چاوترسێن ببن، گوێ ی خۆیان باخنن، هەرچی ناڕەواییەك ببینن، نەوێرن لێو ببزوێنن داوای ئازادی و ئاشتی و دیمکراتی و برایەتی و مافی نەتەوایەتی و کامەرانی ئەکەن، بەڵام ئەوەیان بە بیرا نەئەهات کە گەل هێزە و بۆ ئەوان ناشکێنرێ کە ڕابەری پیشەکێشان ئەکا و بەدەردێکیان ئەبا با بەدەواری شڕی ئەکا.**

## پرسیاری ٣٥

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە، ئەگەر سادە بوو (س)، لێکدراو بوو (ل) تێکەڵ بوو (ت)، مەزن بوو (م) بنووسە لەناو کەوانەکانی بەردەمی هەر یەکێکیانا

١ـ سوپای عێراق شۆڕشەکەی لە چواردەی گەلاوێژا هەڵگیرساند (          ) .

٢ـ چینی کرێکار لە نیشتمانا بڕ بڕەی پشتی گەلن (          ) .

٣ـ بازاڕی کڕین و فرۆشتن هەندێ کزە (          ).

٤ـ دوێنێ پیاوەکەم نارد کە نەمامەکانم بۆ بهێنێ (          ) .

٥ـ پەیمانی سێڤر بەرامبەر بە گەلی کورد پەیمانێکی دەم و گوێ خنراو بوو ( ) .

٦ـ زەوی بە دەوری ڕۆژا ئەسووڕێتەوە، بەڵام مانگ بەدەوری زەوییا (      ) .

٧ـ کوردو عەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن (                    ) .

## پرسیاری ٣٦

شاپارچە و پارچەی دواکەوتوو لەم ڕستانەدا لەیەکتر جویێ بکەرەوە:

**١ـ نەوزاد ووتی کە باوکم مرد من منداڵ بووم.**

**٢ـ پیاوەکەم دی کە لەسەرما هەڵ ئەلەرزی.**

**٣ـ ئەوانەی کە گەل ئەچەوسێننەوە، گەل تۆڵەیان لیێ ئەسێنیێ .**

**٤ـ ئەگەر گوڵ نەبی، دڕکیش مەبە .**

**٥ـ چێشتەکە بە گەرمی مەخۆ نەك دەمت بسووتێنیێ .**

## پرسیاری ٣٧

هەرچی پارچەی ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری هەیە، لەم ڕستانەدا، لە یەکتریان جویێ بکەرەوە:

**١ـ کە بەهار هات، دنیا سەوز هەڵ ئەگەڕیێ .**

**٢ـ بە کوڕەکە گەیشتم کە هەنجیری ئەفرۆشت .**

**٣ـ ناچم بەدوایا چونکە بەجیێ یان هێشتم .**

**٤ـ ئەو دزەی کە لە پشت دەرگاکە بوو، گرتم .**

**٥ـ کە دەرمانەکەم خوارد، لەشم سووك بوو .**

**٦ـ ئەو ئاروانەی کە لەناو جەواڵەکەدان، گوڵ بەدەمن .**

**٧ـ پێم ووتن کە لێ بوونەوە، بێن بەشوێنتانا .**

## پرسیاری ٣٨

فرمانی مەرج و وەرامی مەرج لەم ڕستانەدا، دەربهێنە:

**١ـ ئەگەر سوێربوو، مەی خۆ .**

**٢ـ ئەگەر بم دیایە، تێم ئەگەیاند .**

**٣ـ کە گەل یەك بوو، بەسەر دوژمنیا زاڵ ئەبێ .**

**٤ـ هەتا ئەوان نەڕۆن، ئێمە لەجێ ی خۆمان نابزوێین .**

**٥ـ ئەگەر نوستووە، جارێ هەڵی مەسێنە .**

# پارچەکانی ئاخاوتن

**یەکەم: ناو** (NOUN)

ناو وشەیەکە بۆ ناونانی کەسێ یا شتێ بەکارئەهێنرێ، بەبێ ئەوەی کە سەیری تافی تیا (بکرێ)، وەك:

شاسوار، گەلاوێژ، هەڵۆژە، بەراز، دهۆك

وە ناویش دوو جۆرە:

**١ـ ناوی سادە (SIMPLE NOUN)**

**٢ـ ناوی لێکدراو (COMPOUN NOUN)**

**ناوی سادە:** ئەو ناوەیە کە ڕیشەیەکی هەیە، وەك:

مەڕ، بارام، جاف، دەرزی، نەسرین

**ناوی لێکدراو:** ئەو ناوەیە کە دوو ڕیشە یا پتری ئەبێ، وەك:

هاوینەهەوار، چوارباخ، شێرەکوللە

وە ناوی لێکدراویش، ئەلوێ:

١ـ لە دوو ناوی سادە پێك هاتبێ، وەك:

مارماسی، کڵافە دەزوو، داردەست

٢ـ لە ناوێکی سادە و ئاوەڵناوێ پێك هاتبێ، وەك:

مێرگەسوور، ئەحەشەڵ، تۆفیقە کونج

٣ـ لە ئاوەڵناوێك و ناوێکی سادە پێك هاتبێ، وەك:

ڕەشەبا، چوارباخ، سەوزەگیا

٤ـ لە ئاوەڵفرمانێك و ناوێکی سادە پێك هاتبێ، وەك:

پێش نوێژ، ژێرکراس، بەرماڵ، بن باخەڵ

٥ـ لەناوێکی سادە و ڕەگی فرمانێ پێك هاتبێ، وەك[1]:

دارتاش، پیلانگێڕ، دەستبڕ

٦ـ لە دوو ڕەگی فرمان پێك هاتبێ، وەك:

جووڵە جووڵ، لوورە لوور، فیکەفیك

٧ـ لە دوو ناوی سادەی (هاوبەش) لەبێژانا پێك هاتبێ، وەك:

دەنگە دەنگ، گڤە گڤ، گردەگرد

٨ـ لە ڕەگی فرمانێك و پاشگرێ پێك هاتبێ، وەك:

پرسیار، نووسیار، بڕیار.

٩ـ لە ناوێکی سادە و پاشگرێ پێك هاتبێ، وەك:

ئاسنگەر، نانەوا، کرێکار

(لێکدرانی ناوی لێکدراو)

ناوەکانی ناوی لێکدراو ئەتوانرێ:

١ـ بەبێ هۆ بدرێتە دەم یەکتر، وەك:

دابەزین، نەونەمام، شاهەنگ، هەزارمێرگ

٢ـ بەهۆی یەکێ لەم ئامرازانەی خوارەوە:

أ ـ ئامرازی (ە) پەیوەندی، وەك:

چەرمەگا، دەسکە سلْق، بەردە نوێژ.

---

[1]– ئەمانە ئەگەر وەسفی ناوێ یا ڕاناوێ بکەن، ئەبنە ئاوەڵناو، وەك پیاوی دەست بڕ، ئەوی پیلانگێڕ .

ب ـ ئامرازی (و)ی پێ بەست، وەك:

لەرزوتا، بەفرودۆ، هێلکەو ڕۆن

جـ ـ ئامرازی (ەو)، وەك:

بانەوبان، دارەودار، شارەوشار، تەڵانەوتەڵان

د ـ ئامرازی (او)، وەك:

چڵاوچڵ، تەپاوتل، چەماوچەم

هـ ـ ئامرازی (ان)، وەك:

بەرانبەر، سەرانسەر

**( جۆرەکانی ناو** KIND OF NOUN )

**١ـ ناوی تایبەتی** (PROPER NOUN)**:** ئەو ناوەیە کە کەسێ یا شتێکی مووعەیەن پیشان ئەدا، وەك:

**شاسوار ئەچێ بۆ هەورامان .**

لەم ڕستەیەدا، وشەی (شاسوار) و (هەورامان) دوو ناوی تایبەتین، چونکە یەکەمیان (= شاسوا) ناوی کەسێکی مووعەیەن و دوومیان (= هەورامان) ناوی شوێنێکی مووعەیەن پیشان ئەدا، هەروەها:

نەوزاد، گەلاوێژ، مەریوان، جاف، قەندیل

**٢ـ ناوی گشتی** (COMMON NOUNS)**:** ئەو ناوەیە کە بەسەر ئەو هەموو کەس و شتانەدا ئەبێژرێ کە جنسیان یەکە، وەك:

کوڕ، شار، ڕووبار

ئەمانە ناوی گشتین، چونکە:

بە هەموو کوڕێ ئەبێژرێ (کوڕ)

بە هەموو شارێ ئەووترێ (شار)

بە هەموو ڕووبارێ ئەڵرێ (ڕووبار)

**٣ـ ناوی ماددی** (CONCRETE NOUNS): ئەو ناوەیە کە قەبارەیەکی هەیە و ئەتوانرێ ببینرێ و بگیرێ، وەك:

چەقۆ، پەنیر، دەرگا، گۆشت، چیا

**٤ـ ناوی مەعنەوی** (ABSTRACT NOUN): ئەو ناوەیە کە قەبارەی نییە، بەڵام ئەتوانرێ تەسەور بکرێ، وەك:

ترس، جوانی، باوەڕ، ئازایی، گیان

وە ناوی مەعنەوی، ئەتوانرێ:

أ ـ لە ئاوەڵناوێك و پیتە پاشگرێ دروست بکرێ، وەك:

ئازایی، چاکە، گەرما، سپێتی

ب ـ لە ناوێك و پیتە پاشگرێ دروست بکرێ، وەك:

منالّی، برایەتی، کوردایەتی، کوڕێنی

جـ ـ لە ڕەگی فرمانێك و پیتە پاشگرێك دروست بکرێ، وەك:

تەقە، گرمە، وەڕە، لوورە

**٥ـ ناوی کۆمەڵ** (COLLECTIVE NOUN): ئەو ناوەیە کە لە بێژانا تاك و لە ناواخنا گەل پیشان ئەدا، وەك:

لەشکر، هۆز، پۆل، گەل، کۆمەڵ

**جینسەکانی ناو** (CENDER)

ناو بە پێ ی جینسەکانی سێ بابەتە:

**١ـ ناوی نێر** (MASCULINE NOUN): ئەو ناوەیە کە بۆ جنسی نێر بەکار ئەهێنرێ، وەك:

دارا، باوك، ئەسپ، سابرێن، یەکانە

وە (ناوی گشتی) ئەگەر ویسترا بکرێ بە ناوی نێر بە مەرجێ ناوی گیانداربێ، پیتە پێشگری (نێر)ی بخەرە بەردەم، لەدوا ئەوەی کە ئامرازی (ە)ی پەیوەندی یان ئەخیتە نێوانەوە، وەك:

| <u>**ناوی گشتی**</u> | <u>**ناوی نێر**</u> |
| --- | --- |
| وورچ | نێر + ە + وورچ = نێرە وورچ |
| کەو | نێر + ە + کەو = نێرەکەو |
| کەر | نێر + ە + کەر = نێرەکەر |

**٢ـ ناوی مێ** (FEMININE NOUN): ئەو ناوەیە کە بۆ جنسی مێ بەکارئەهێنرێ، وەك:

ماین، مریشك، پرشنگ، دایەن، مالۆس

وە (ناوی گشتی) ئەگەر ویسترا بکرێ بە مێ بە مەرجێ ناوی گیانداربێ، پیتە پێشگری (ما، مان، دێڵ، دێڵە، دەڵە)ی بخەرە بەردەم، وەك:

| <u>**ناوی گشتی**</u> | <u>**ناوی مێ**</u> |
| --- | --- |
| کەو | ماکەوژ |
| گا | مانگا |

| | |
|---|---|
| وورچ | دەڵە وورچ |
| سەگ | دێڵە سەگ |

**٣ـ ناوی بێ لایەن** (NEUTER NOUN): ئەو ناوەیە کە نە لە ڕەگەزی مێ یە و نە لە ڕەگەزی نێرە، وەك:

ئەستێرە، خانوو، بەرد، چرا

بەڵام ئەگەر بۆ ناونانی کەسێکی نێر یا مێ بەکارهێنرا، ئەوسا لە بێلایەنی دەرئەچێ و ئەچێتە سەر ئەو جینسەی کە کەسەکەی پێوە ناونراوە.

## ئامرازی پێناس

ئەو پیتە پاشگرە پێ ناسانەن کە ئەخرێنە دوا ناوێکەوە بۆ ئەوەی ببن بە ناسیاو لە شێوەیەکی شوناس یا نەشوناس دا، وەك:

**بە بەردێ دوو چوولەکەکەم کوشت .**

لەم ڕستەیەدا: پیتە پاشگری (ێ) و (کە)ی دوا وشەی (بەرد) و (چۆلەکە) ئامرازی پێ ناسن، چونکە یەکەمیان (= ێ) ناوی (بەرد)ی بەجۆرێکی نەشوناس کردووە بە ناسیاو، بەڵام دووەمیان (=ە) بە جۆرێکی شوناس ناوی (چۆلەکە)ی کردووە بە ناسیاو، وە ئامرازی پێ ناسیش لە کوردی دا، دوو بابەتە:

**یەکەم: ئامرازی نەشوناس** (INDEFNITE ARTICLES):

ئەم پیتە پاشگرانەن (ێ، ێك، یەك) ئەگەر خرانە دوا ناوێکی سادە یا لێکدراوەوە، لە وێنەیەکی نەشوناسدا، ئەیکەن بە ناسیاو، بەڵام کەی وە چۆن بەکارئەهێنرێن؟

أ ـ ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتە بێ دەنگ هاتبێ، ئامرازی (ێ، ێك)ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وەك:

هەنار (هەنارێ ـ هەنارێك)

سەلکەتوور (سەلکە توورێ، سەلکە توورێك)

ب ـ ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتە بزوێنێ هاتبێ، ئامرازی (یەك)ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وەك:

| پیتە بزوێن | ئامرازی پێناسی نەشوناس (یەك) |
|---|---|
| أ | کەوا (کەوایەك) |
| ە | کۆتەرە (کۆتەرەیەك) |
| ێ | هەرمێ (هەرمێ یەك) |
| ۆ | دەنکەجۆ (دەنکەجۆیەك) |
| ی | کانی (کانی یەك) |
| وێ | ئەسکوێ (ئەسکوێ یەك) |
| وو | بەڕوو (بەڕوویەك) |

**دووەم: ئامرازی شوناس** (DEFNITE ARTICLES):

ئەم پیتە پاشگرانەن (کە، ەکە) ئەگەر خرانە دوا ناوێکی سادە یا لێکدراوەوە لە وێنەیەکی شوناسدا، ئەیکەن بە ناسیاو، بەڵام کەی وە چۆن بەکارئەهێنرێن؟

أ ـ ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتبێ، ئامرازی (کە)ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وەك:

مەسینە (مەسینەکە)

دیوارکۆ (دیوارکۆکە)

نانەوا (نانەواکە)

ب ـ ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتە بێ دەنگ هاتبێ، ئامرازی (ەکە)ی بۆ بەکارئەهێنرێ، وەك:

کەو کەوەکە

بەردکێش بەردکێشەکە

بەفرماڵ بەفرماڵەکە

**ژمارەی ناو** NUMBEROF NOUN

ناو بە پێی ژمارە، دوو بابەتە:

**١ـ ژمارەی تاك** (SINGULAR)

**٢ـ ژمارەی گەل** (PLURAL)

**ژمارەی تاك:** ئەو ناوەیە کە تەنیا کەسێ یا شتێ پیشان ئەدا، وەك:

قەل، بەرازێ، هەنارەکە، سەرباز

**ژمارەی گەل:** ئەو ناوەیە کە لە یەکێ زیاتر کەس یا شت پیشان ئەدا، وەك: کچەکان، منالاّن چیایان، ئەم سوارانە

## ئامرازی گەل لە کوردیدا

لە زمانی ئێمەدا چەن ئامرازێ هەیە کە ئەتوانرێ بەهۆیانەوە ناوی تاك بکرێ بە گەل.

١ـ ئەگەر ناوەکە سادەبێ یا لێکدراو، ئامرازی پێ ناسینەوەی شوناس یا نەشوناسی لەسەر نەبوو، وە کۆتایی بە پیتی بێ دەنگ هات بوو، ئەوا بە پاشگری (ان) ئەبێ بە گەل، وەك:

| **ناوی تاك** | **ناوی گەل** |
| --- | --- |
| کەو | کەوان (ئەم کەوانە جوانن) |
| دەسکە گوڵ | دەسکە گولاّن (ئەم دەسکە گولاّنەم کڕی) |
| قۆخ | قۆخان (ئەو قۆخانە گەورەن) |

٢ـ ئەگەر ناوەکە ئامرازی پێ ناسینەوەی شوناس یا نەشوناسی لەسەر نەبوو، سادە بێ یا لێکدراو، کۆتایی بە پیتە بزوێنێ (ا، ێ، ۆ، ی) هات بوو، ئامرازی (یان) ئەلّکێنرێ بەدوا یەکەوە، پێ ی ئەبێ بە گەل، وەك:

| **ناوی تاك** | **ناوی گەل** |
| --- | --- |
| شارەزا | شارەزایان (ئەم شارەزایانە زەوی هەڵ ئەکۆڵن) |
| شانۆ | شانۆیان (ئەو شانۆیانە قوتابخانەی گەلن) |
| تەشوێ | تەشوێ یان (ئەم تەشوێ یانەم بۆ بفرۆشە) |

| | | |
|---|---|---|
| دەسکە چەقۆ | دەسکە چەقۆ (ئەم دەسکە چەقۆیانە شاخن) | |
| گۆرەوی | گۆرەوی یانە (ئەم گۆرەوی یانە هی خۆمانن) | |

٣ـ ئەگەر ناوە سادەکە یا لێکدراوەکە کۆتایی بە پیتی (ە)ی بزوێن هات بوو، پیتە بزوێنەکەی لێ فڕێ ئەدرێ، لەپاشا پاشگری (ان) ئەلکێنرێ بەدوا یەکەیەوە، وەك:

| <u>ناوی تاك</u> | <u>ناوی گەل</u> |
|---|---|
| پەنجەرە (پەنجەر) | پەنجەران (ئەم پەنجەرانە زلن) |
| کۆترەکە (کۆترەك) | کۆترەکان (کۆترەکان هەڵ فڕین) |

٤ـ ئەگەر ناوەکە سادەبێ یا لێکدراو، وە کۆتایی بە هەرچی هات بوو، ئەلوێ بە ئامرازی (گەل) بکرێ بە گەل، وەك:

| <u>ناوی تاك</u> | <u>ناوی گەل</u> |
|---|---|
| گا | گا گەل |
| کوڕ | کوڕگەل |
| بزن | بزن گەل |
| مێ | مێ گەل |

## پیتە پاشگری ناو SUFEIXES OF NUON

پاشگر ئەو پیتە یا پیتانەیە کە ئەکرێن بە پاشکۆی ناوێ بۆ مەعنایەکی نوێ، وەك پاشگری (وانکە) ئەگەر بکرێ بە پاشکۆی (بەر) وشەیەکی نوێ ی لێ دروست ئەکرێ، ئەویش (بەروانکە)یە وە ئەو پاشگرانەی کە هی ناون ئەمانەن:

١ـ پاشگری (ە) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| ئاگر | ئاگرە |
| سوار | سوارە |

٢ـ پاشگری (ۆ) بۆ تەسغیری ناو بەکار ئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| شێر | شێرۆ |
| مشك | مشکۆ |

٣ـ پاشگری (ەك) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| کرم | کرمەك |
| هێڵ | هێڵەك |

٤ـ پاشگری (ۆك) بۆ تەسغیری ناو بەکار ئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| گوند | گوندۆك |
| حەمەد | حەمەدۆك |

٥ـ پاشگری (ك ـ IK) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| پەتك | پەتك |
| دەس | دەسك |

٦ـ پاشگری (ۆکە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| کەپر | کەپرۆکە |
| بزن | بزنۆکە |

٧ـ پاشگری (وو) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| داس | داسوو |

پووش پووشوو

٨ـ پاشگری (ڵە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

گۆزە گۆزەڵە

دیزە دیزەڵە

٩ـ پاشگری (ۆڵە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

کیژ کیژۆڵە

چنگ چنگۆڵە

١٠ـ پاشگری (ۆڵ) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

کرم کرمۆڵ

ئاسك ئاسکۆڵ

١١ـ پاشگری (ۆل) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

عبدالله (عەبە) (عەب) عەبۆل

فاطمە (فاتە) (فات) فاتۆل

١٢ـ پاشگری (یلە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

ئەنگوست ئەنگوستیلە

کار کاریلە

١٣ـ پاشگری (ۆلە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

مێشك مێشکۆڵە

بەرخ بەرخۆلە

١٤ـ پاشگری (کە) بۆ دروست کردنی ناو لەناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| لووت | لووتکە |
| لەت | لەتکە |

١٥- پاشگری (ووله) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| مێش | مێشووله |
| دان | دانووله |

١٦- پاشگری (وولکە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| داس | داسوولکە |
| جام | جاموولکە |

١٧- پاشگری (چە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| باخ | باخچە |
| دەریا | دەریاچە |

١٨- پاشگری (چکە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| ڕێ | ڕێچکە |
| گوێ | گوێچکە |

١٩- پاشگری (ۆچکە) بۆ تەسغیری ناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| مناڵ | مناڵۆچکە |
| کەر | کەرۆچکە |

٢٠- پاشگری (گا)، ناوی پێ ئەکرێ بە ناوی جێگا، وەك:

| | |
|---|---|
| لەشکر | لەشکرگا |
| دەست | دەستگا |

٢١ـ پاشگری (گە) ناوی پێ ئەکرێ بە ناوی جێگا، وەك:

شەڕ　　　　شەڕگە

٢٢ـ پاشگری (دان)، ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

شەکر　　　　شەکردان

ئاگر　　　　ئاگردان

٢٣ـ پاشگری (ستان) زۆربەی ئەو ناوە لەو جێگایەدا، دەر ئەخا کە ئەکرێ بە پاشکۆی، وەك:

دار　　　　دارستان

کورد　　　　کوردستان

٢٤ـ پاشگری (ی، یی، یەتی، ێتی، یەتی) ناوی مەعنوی لەناو پێ دروست ئەکرێ، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| ئاشەوان | ئاشەوانی | (ی) |
| ساوا | ساوایی | (یی) |
| کوڕ | کوڕێتی | (ێتی) |
| پیاو | پیاوەتی | (ەتی) |
| دز | دزێتی | (ێتی) |
| خوێش | خوێشایەتی | (ایەتی) |
| نانەوا | نانەوایەت | (یەتی) |

٢٥ـ پاشگری (ێن) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

هەلووك　　　　هەلووکێن

پشت پشتێن

٢٦ـ پاشگری (ێنە) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

نیسك نیسکێنە

ماش ماشێنە

٢٧ـ پاشگری (ینە) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

دار دارینە

دۆ دۆینە

٢٨ـ پاشگری (ەوا) ناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

شیر شیرەوا

ئارد ئاردەوا

٢٩ـ (ەڵان) ناوی پێ ئەکرێ بە ناوی مادی بۆ جێگا، وەك:

بەرد بەردەڵان

کوندە کوندەڵان

٣٠ـ (ی، یی)، ناوی پێ ئەکرێ بە سیفەتی نیسبی، وەك:

بادینان بادینانی

جوانڕۆ جوانڕۆیی

٣١ـ پاشگری (ەوان)، ناوی پێ ئەکرێ بە ئاوەڵناوی خەبەری، وەك:

ئاش ئاشەوان

باخ باخەوان

٣٢ـ پاشگری (کەر)، ناوی پێ ئەکەرێ بە ئاوەڵناوی خەبەری، وەك:

چێشت چێشتکەر

شەڕ شەڕکەر

٣٣ـ پاشگری (دار) ناوی پێ ئەکرێ بە ئاوەڵناوی خەبەری، وەك:

ئەستێرە ئەستێرەدار

گیان گیاندار

٣٤ـ پاشگری (گەر) ناوی پێ ئەکرێ بە ئاوەڵناوی خەبەری، وەك:

ئاسن ئاسنگەر

چەقۆ چەقۆگەر

٣٥ـ پاشگری (یار) ناوی پێ ئەکرێ بە ئاوەڵناوی خەبەری، وەك:

جووت جووتیار

بەخت بەختیار

٣٦ـ پاشگری (مەن، مەند، مەنگ)، وەك:

هونەر هونەرمەن هونەرمەند هونەر مەنگ

ئارەزوو ئارەزوومەن ئارەزوومەند ئارەزوومەنگ

٣٧ـ پاشگری (ن ـ IN) ئاوەڵناوی خەبەری پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

گۆشت گۆشتن

تووك تووکن

٣٨ـ پاشگری (ین) ئاوەڵناوی خەبەری پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

ئاگر ئاگرین

بەرد بەردین

٣٩ـ پاشگری (اوی) ئاوەڵناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

خۆڵ خۆڵاوی

کرم کرماوی

٤٠ـ پاشگری (ەکی) ئاوەڵناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

دەشت دەشتەکی

خێڵ خێڵەکی

٤١ـ پاشگری (انی) ئاوەڵناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

کچ کچانی

شەڕ شەڕانی

٤٢ـ پاشگری (انە) ئاوەڵناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

شێر شێرانە

کورد کوردانە

٤٣ـ پاشگری (ئاسایی) ئاوەڵناوی پێ لەناو دروست ئەکرێ، وەك:

گورگ گورگاسایی

برا برائاسایی

## سەرباری ناو چییە؟

سەرباری (ناو) ئەلوێ:

١ـ (ناو) بێ، وەك:

| | |
|---|---|
| گوارەی زێڕ | (زێڕ) |
| چیای قەندیل | (قەندیل) |

٢ـ (ڕاناو) بێ، وەك:

| | |
|---|---|
| باوکی ئەوان | (ئەوان) |
| پارەی خۆت | (خۆت) |

٣ـ (ئاوەڵناو) بێ، وەك:

| | |
|---|---|
| بەرخێکی نێر | (نێر) |
| پیاوی دوو ڕوو | (دوو ڕوو) |

٤ـ (چاوگ) بێ، وەك:

| | |
|---|---|
| کارگەی چنین | (چنین) |
| تەنەکەی خۆڵ ڕشتن | (خۆڵ ڕشتن) |

٥ـ (ئاوەڵکار) بێ، وەك:

| | |
|---|---|
| گەردە لوولی پاییز | (پاییز) |
| ڕاوی دۆینێ نیوەڕۆ | (دوێنێ نیوەڕۆ) |

## ئەرکی ناو لە ڕستەدا

ناو لە ڕستەدا ئەم ئەرکانە (وەزیفانە)ی پێ ئەسپێرریٚ:

١ـ بکەر، وەك:

**مەیموونەکە بە دارەکەدا هەڵ گەڕا. (مەیموونەکە)**

٢ـ تەواوکەری سەربەخۆی کاری بەهێز، وەك:

**چراکەم هەڵگیرساند . (چراکە)**

٣ـ تەواوکەری یاریدەدراوی کاری بەهێز، وەك:

**زەوییەکەم بە گاسن کێڵا . (بە گاسن)**

٤ـ تەواوکەری سەربەخۆی کاری بێ هێز، وەك:

**ئەم سوارە باییزە . (بایین)**

٥ـ تەواوکەری یاریدەدراوی کاری بێ هێز، وەك:

**کلیلەکە بە گەلاوێژە . (بە گەلاوێژە)**

٦ـ تەواوکەری ناو (موزاف ئیلەیهی)، وەك:

**ئەسپەکەی شاسوار لە کوێ یە؟ (شاسوار)**

٧ـ بەدەل، وەك:

**گۆرانی بێژی بەناوبانگ، (ئەحەی ناسر)، لە سلێمانی ئەژیا.**

٨ـ مونادا، وەك:

**جەرگت دەن ئەی (گوڵ) بە قەڵبەی چلدا**

**خۆشی (نەبینی)، لەپەردەی دڵدار**

## پرسیاری ٣٩

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەرچی ناوێکی لێکدراو ئەبینی، هێڵێکی بە ژێرا بکێشە :

**١ـ داردەستەکەی شاسوارم کێشا بە بەفرماڵەکەدا .**

**٢ـ دەمە داسەکەی بارام لە دەرەوەدا شکا .**

**٣ـ بەهاران بۆ ڕابواردن ئەچین بۆ هاوینەهەواری پێنجوێن لە سەیرانگای چوارباخ دائەبەزین .**

## پرسیاری ٤٠

ئەم هەڵبەستە بخوێنەرەوە، لەپاشا ئەمانەی لێ دەربهێنە :

١ـ دوو ناوی تایبەتی

٢ـ پێنج ناوی گشتی

٣ـ پێنج ناوی مادی

٤ـ پێنج ناوی مەعنەوی

**لەخەو هەستن**

**لەخەو هەستن، درەنگە ئەی میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە**
**هەموو تەریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**
**دەسا تێ کۆشن، ئەی قومی نەجیبی بێ کەس و مەزڵوم**
**بەگورجی بی بڕن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە**

**بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**

**هەموو ئان و ساتێ، چەشنی قەڵغان و سوپەرتانە**

**بەخۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن، ئەم خاکە شیرینە،**

**کە تۆزی وەك جەواهێر، سوورمە و نووری بەسەرتانە**

**بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن، حەقتانە ئەی کوردان**

**تەماشای سێبەری ئەم شاخ و کێوانە وا لەسەرتانە**

**بەبێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن، حورمەتی بگرن**

**گوڵاڵە سوورەی ئەم دەشتە، خوێناوی جگەرتانە**

**دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەی جەهلە**

**لە سایەی عیلمەوە، ئیمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە**

**زبانی حاڵی ئەحمەد هەر ئەڵێ ووریابن ئەی میللەت**

**بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گەوهەرتانە**

## پرسیاری ٤١

ئەم (ناو) و (ئاوەڵناو) و (ڕەگی فرمان)انە، بکە بە ناوی (مەعنوی) بە پیتە پاشگر:

شین، چل، ڕەش، سەوز، خوا، کوێرەوەر، کۆمەڵ، سەرۆك، ئاسنگەر، کورت، لوور، گرم، وەڕ .

## پرسیاری ٤٢

أ ـ ئاگردان ب ـ ئاگر

دە تۆش هەرچی پیتە پاشگرێ ئەبینی بە دوا ئەم وشانەوە، وەك وێنەی (ب) لێی بکەرەوە:

دەستگا، بەڕە، کەوشەك، چنارۆك، مەنجەڵۆکە، پشتێن، ئازایی، دۆینە، گەرما، برایەتی، خانووچکە.

## پرسیاری ٤٣

أ ـ مەڕ ب ـ مەڕێ، مەڕێك، مەڕەکە

دە تۆش ئەم ناوانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

کەو، سەرلەشکر، هێن، ژوور، مانگەشەو، دار و بەرد.

## پرسیاری ٤٤

هەرچی ئامرازی پێ ناس (شوناس و نەشوناس) هەیە، لەم ڕستانەی خوارەوەدا سەروهێڵیان بە ژێرا بکێشە:

**١ـ قسە کەوتە زارێ، کەوتە شارێ .**

**٢ـ دەستە چەورەکەی خۆی سوو بەسەرمنا .**

**٣ـ ڕۆژێك بەمل بەرزێ نەك سەد ساڵ بەمل حیزی .**

**٤ـ کانی یەك ئاوی لێ بخۆیتەوە، بەردی تێ فڕێ مەدە.**

## پرسیاری ٤٥

أ ـ گەڵا ب ـ گەڵای، گەڵای ناو، گەڵای ناو دار

دە تۆش ئەم ناوانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) ناوێکی تەواوکەر (موزافو ئیلەیهی)ی بخەرە سەر:

**هێلانە، پێڵاو، شار، پورش، چرا، هەیاسە.**

پرسیاری ٤٦

أ ـ سێو ب ـ ئەم سێوە، ئەم سێوانە

دەتۆش ئەم واژانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب)ی لێ بکە:

کلیل، گوڵاو، کێو، بەراز، گەل، نەخۆش .

## پرسیاری ٤٧

لەم دوو ناوەی ناو کەوانەکان، کامیان لەتەك کارەکەیدا ڕێك ئەکەوێ، ئەوەیان بهێڵەرەوەو ئەوی تریان هێڵێکی بەسەرا بهێنە:

**١ـ (باڵندەکان، باڵندەکە) فڕین.**

**٢ـ (کیژۆڵەکە، کیژۆڵەکان) پێ ئەکەنێ.**

**٣ـ (ئەم مەڕە، ئەم مەڕانە) ئەلەوەڕێ.**

**٤ـ (هێلانەکە، هێلانەکان) ڕووخان.**

## پرسیاری ٤٨

ناوی (تاك) له ناوی (گەل) جویَ بکەرەوە، لەپاشا پێنجیان لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

مێرگ، ئەم ڕووبارانە، پڵنگەکان، ئەو کرێکارانە، مەلەوان، ئەم جووتیارانە، ئەستێرە، ئەم گیایانە، ئەو گۆرەوییانە، پیلان، گۆڤار .

## دووەم: ڕاناو PRNOUNS

ڕاناو وشەیەکە، کە لەبری ناوێ، بەکارئەهێنرێ جا ناوەکە لە پێشەوە بێژرابێ، وەیان لە یادابێ، وەك لە بری ئەوەی بڵێم:

مەڕەکان گل ئەدەمەوە و مەڕەکان ئەبەم بۆ شار و مەڕەکان ئەفرۆشم، ئەڵێم: (مەڕەکان گل ئەدەمەوە و ئەیان بەم بۆ شار و ئەیان فرۆشم)،چونکە ئەم ڕستەیەیان لە ڕستەکەی تر جوانترە، وە لەم ڕستەیەدا:

١ـ ڕاناوی (یان) ی پاش پیتە پێشگری (ئە)ی فرمانی (ئەبەم) جێ ی مەڕەکانی پێش فرمانی (ئەبەم)ی گرتووە لە ڕستەی یەکەمدا، دیسان ڕاناوی (یان)ی پاش پیتە پێشگری (ئە)ی فرمانی (ئەفرۆشم) جێی مەڕەکانی پێش فرمانی (ئەفرۆشم)ی گرتووە لەڕستەی یەکەمدا.

## (بابەتەکانی ڕاناو THE KINDS OF PRONOUNS)

### (١ـ ڕاناوی کەسی PERSNALPRONOUNS)

ئەو ڕاناوانەن کە لەبری کەسی یەکەم و دووەم و سێ یەم بەکارئەهێنرێن، وە ئەمانەش دوو بابەتن:

**<u>یەکەم: ڕاناوی کەسی جوێ:</u>** ئەو ڕاناوانەن کە سەربەخۆ دێنە ووتن و ئەلوێ کە ئاخاوتنی پێ دەست پێ بکرێ، وە ژمارەیان شەشە.

١ـ (من): بۆ کەسی یەکەمی تاك (واتە: ئەو کەسەی کە ئەدوێ) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**(من) لە داخی میللەتی کورد لەت لەتە جەرگ و دڵم**

**ئەژدەها ئەگرن بەقەد دێویك و عیبرەت ناگرن**

٢ـ (ئێمە): بۆ کەسی یەکەمی گەل (واتە: ئەو کەسانەی کە ئەدوێن) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**گەرچی دڵداری لە خاکی (ئێمە)دا، ئەفسانەیە**

**هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلارو ئانەیە**

٣ـ (تۆ): بۆ کەسی دووەمی تاك (واتە: ئەو کەسەی کە ئەی دوێنێن) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**مامۆستا گیان (تۆ) لای من زۆر پیرۆزی**

**(تۆ) لە باوکم زیاتر بۆ من دڵسۆزی**

٤ـ (ئێوە): بۆ کەسی دووەمی گەل (واتە: ئەو کەسانەی کە ئەیان دوێنن) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**خۆ (ئێوە) هەمووتان بەشەرن، حەیفە کەوابن**

**سوودی چی یە؟ وادەر بەدەرو سووك و گەدابن**

٥ـ (ئەو): بۆ کەسی سێ یەمی تاك (واتە: ئەو کەسەی کە لێی ئەدوێین) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**(ئەو) بەسواری ئەچێ بۆ قەلاّدزێ .**

٦ـ (ئەوان): بۆ کەسی سێ یەمی گەل (واتە: ئەو کەسانەی کە لێیان ئەدوێین) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**(ئەوان) چییان ئەوێ لە ئێوە.**

## ئەرکی ڕاناوی جویٚ لەڕستەدا

١ـ ئەبێتە (بکەر)، وەك:

**ئەو دوێنێ هات بۆ ئێرە .     (ئەو)**

٢ـ ئەبێتە (تەواوکەری سەربەخۆ)ی:

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**بۆچی ئێوە ئێمەتان نەدی؟   (ئێمە)**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**ئەمە ئێوەن لێرە؟     (ئێوە)**

٣ـ ئەبێتە (تەواوکەری یاریدەدراو)ی:

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**ئەوانە بەمن بفرۆشە . (من)**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**هینەکە بە ئەوانە .   (ئەوان)**

٤ـ تەواوکەری ناوی (موزافو ئیلەیهی)، وەك:

**ئەسپەکەی تۆ گورجە . (تۆ)**

**دووەم: <u>ڕاناوی کەسی لکاو:</u>** ئەو ڕاناوانەن کە سەربەخۆ نایەنە ووتن، هەتا نەلکێنرێن بە واژەیەکی ترەوە، وە نالویٚ ئاخاوتنی پێ دەست پێ بکرێ، وەك ڕاناوی (م) ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

**پێڵاوەکەم لە ڕاڕاوەکەدا بەجێ هێشت .**

وە ڕاناوی لکاویش دوو وێنەی هەیە:

(وێنەی یەکەم)

| کەس | تاك | گەل |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت | تان |
| سێ یەم | ی | یان |

دابەش کردنی ڕاناوی لکاوی کوردی بەم جۆرە تەنیا بۆ نووسین بە پیتی عەرەبی دەست ئەدا، ئەگینا بۆ نووسین بە پیتی لاتینی ئەشێ بە جۆرێکی تر دابەش بکرێ. ئەم وێنەیان لەڕستەدا، ئەم ئەرکانەی پێ ئەسپێرری:

١ـ ئەبێتە (بکەر)ی هەرچی فرمانی ڕابووردووی تێ پەڕ هەیە، وەك:

| تەواوکەر (المفعول) | بکەر (المسندالیە | فرمانە ڕابووردووەکان |
|---|---|---|
| هەنارەکە | م<br>مان<br>ت<br>تان<br>ی<br>یان | خواردن (خواردوە، خواردبوو، ئەخوارد، بخواردایە |

٢ـ ئەبێتە (تەواوکەری سەربەخۆ)ی فرمانی بەهێز، وە ئەخرێتە دوا پیتە پاشگری (ئە)ی دادێی ئەخباری و (ب) ئیلزامی یا ئەمرەوە، وەك:

**باوکت ئەبینم و ئەی دوێنم . (ی)**

**مەبزوێن نەك بمان بینێ . (مان)**

**ئەمانە تاڵن، مەیان خۆ .(یان)**

٣ـ ئەبێتە تەواوکەری یاریدەدراوی فرمانی بەهێز، وەك:

**بۆتان ئەفرۆشم (تان)**

**بۆمان بنێرە (مان)**

٤ـ ئەبێتە تەواوکەری ناو (موزافوئیلەیهی)، وەك:

کراسەکەم (م)      کراسەکەتان (تان)

(وێنەی دووەم)

| کەس | تاك | گەل |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دووەم | ی (یت)<br>ە<br>(...) | ن |
| سێ یەم | ی (یت)<br>ت (ات)<br>(ا...) | ن |

ئەم وێنەیە، ئەم ئەرکانەی پێ ئەسپێرریێ:

یەکەم: (بکەر)ی فرمانی بەهێز لە هەموو دەمەکانی فرمانی (مەعلوم و مەجهول)دا، جگە لە فرمانی ڕابوردووی تێ پەڕ.

أ ـ وێنە بۆ فرمانی ڕابووردووی مەعلوم و مەجهول:

| **مەعلوم** | **مەجهول** |
|---|---|
| من سووتام (م) | من سووتێنرام (م) |
| ئێمە سووتاین (ین) | ئێمە سووتێنراین (ین) |
| تۆ سووتای (ی) | تۆ سووتێنرای (یت) |
| ئێوە سووتان (ن) | ئێوە سووتێنران (ن) |
| ئەو سووتا (...) | ئەو سووتێنرا (...) |
| ئەوان سووتا (ن) | ئەوان سووتێنران (ن) |

| **ئەخباری** | **ئیلزامی** |
|---|---|
| من ئەچم (م) | من بچم (م) |
| ئێمە ئەچین (ین) | ئێمە بچین (ین) |
| تۆ ئەچی (ی) | تۆ بچیت (یت) |
| ئێوە ئەچن (ن) | ئێوە بچن (ن) |
| ئەو ئەچێ (ێ) | ئەو بچێ (ێ) |
| ئەوان ئەچن (ن) | ئەوان بچن (ن) |

ج ـ وێنە بۆ فرمانی دادێی ئەخباری و ئیلزامی مەجهول :

| ئیلزامی | ئەخباری |
|---|---|
| من بنووسرێم (م) | من ئەنووسرێم (م) |
| ئێمە بنووسرێین (ین) | ئێمە ئەنووسرێین (ین) |
| تۆ بنووسرێیت (یت) | تۆ ئەنووسرێیت (یت) |
| ئێوە بنووسرێن (ن) | ئێوە ئەنووسرێن (ن) |
| ئەو بنووسرێت (ت) | ئەو ئەنووسرێ (...) |
| ئەوان بنووسرێن (ن) | ئەوان ئەنووسرێن (ن) |

**کەی ڕاناوی (ە) و (ت، ات) بەکارئەهێنرێ؟**

١ـ ڕاناوی (ە) بۆ صیغەی مفردی مخاطبی فرمانی ئەمر بەکارئەهێنرێ، وەك:

بنووسە، بخوێنە، بفرۆشە، دابنیشە، دابەزە

٢ـ ڕاناوی (ت) بۆ صیغەی مفردی غائب فرمانی دادێی مەجهول بەکارئەهێنرێ، وەك:

ئەخوێنرێ (ئەخوێنرێت) (ت)

بدرێنرێ (بدرێنرێت) (ت)

٣ـ ڕاناوی (ات) بۆ صیغەی مفردی غائبی هەندێ فرمانی دادێی مەعلوم بەکارئەهێنرێ، وەك لەم فرمانانەدا ئەیان بینی:

ئەبـ (ئەبات ـ ببات)

ئەخو (ئەخوات ـ بخوات)

ئەگ (ئەگات ـ بگات)

**ئەی لە چ فرمانێکا ڕاناوی لکاو بەکارناهێنرێ؟**

١ـ لەهەموو دەمەکانی ڕابووردووی تێ نەپەڕ لە صیغەی مفردی غائبا، وەك:

کەوت، کەوتووە، کەوت بوو، ئەکەوت، بکەوتایە

٢ـ لە صیغەی مفردی غائبی دەمەکانی فرمانی (ڕابووردوو) و (دادێ)ی مەجهول، وەك:

| <u>ڕابووردوو</u> | <u>دادێی ئەخباری و ئیلزامی</u> |
|---|---|
| خووسێنرا (...) | ئەخووسێنرێ (...) |
| | ئەخووسێنرێ |

٣ـ لە صیغەی مفردی مخاطبی فرمانی (ئەمر) بە مەرجێ کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتبێ، وەك:

بخۆ، بڕۆ، بنوو، بسووتێ، بگری، بچۆ

دووەم: ئەبێتە (تەواوکەر)ی فرمانی بەهێز، وەك:

سەرم شووشتن (ن)

لە باخەکەدا دیمی (م)

## ٢ـ ڕاناوی خویی REFLEXIVE PRONOUN

ئەو ڕاناوانەن کە لە بری کەسێ یا شتێ، وەیا بۆ تەوکیدی ناوێ یا ڕاناوێکی تر بەکارئەهێنرێ، وەك:

**١ـ بەخۆتم ووت کە نایەم بۆ ئەوێ .**

**٢ـ من خۆم چووم بۆ بازاڕ .**

لە ڕستەی یەکەمدا ڕاناوی (خۆت) لەبری ناوێ بەکارهێنراوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، ڕاناوی (خۆم) بۆ تەوکیدی ڕاناوی (من) بەکارهێنراوە.

وە ڕاناوی خۆیی لە وشەی (خۆ) و یەکێ لەم ڕاناوە لکاوانە (م ـ مان، ت ـ تان)پێك هاتووە، وەك:

| تاك | گەل |
|---|---|
| خۆم | خۆمان |
| خۆت | خۆتان |
| خۆی | خۆیان |

**ئەرکی ڕاناوی خۆیی لە ڕستەدا :**

١ـ ئەبێتە (بکەر)، وەك:

**خۆم ئەی بینم .**

٢ـ ئەبێتە تەواوکەری سەربەخۆی:

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**خۆیان ئەدوێنم .**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**ئەوە خۆتیت .**

٣ـ ئەبێتە تەواوکەری یاریدەدراوی:

أ ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**لەخۆت هیچ مەبوورە، بەڵام لە خەڵکی زۆر ببوورە.**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**ئەمانە بە خۆی بوو؟**

٤ـ ئەبێتە تەواوکەری ناو (موزافو ئیلەیهی)، وەك:

**ئەوەی خۆم ئەخۆم .**

**٣ـ ڕاناوی ئیشاری** EDMONSTRATIVE PRONOVN

ئەو ڕاناوانەن جگە لەوەی کە جێ ی ناوێ یا شتێ ئەگرن، ئیشارەتیشیان پێ ئەکرێتە ناوەکە یا شتەکە، وەك:

**ئەم دارە هەڵ مەکێشە، ئەوە هەڵ بکێشە.**

لەم ڕستەیەدا وشەی (ئەوە) ڕاناوی ئیشارییە چونکە جێی ناوی (دار)ی گرتووە و هەم ئیشارەتیشی پێ کراوە.

وە ڕاناوی ئیشاری لە ڕستەدا:

١ـ یا شارەکەی لە پێشەوە ئەووترێ، وەك:

**بزنەکە و مەڕەکەم فرۆشت، ئەمیان (= بزنەکە) بەدوو دینار ئەویان (=مەڕەکە) بە سێ دینار .**

٢ـ شارەکەی لەیادا ئەبێ، وەك:

**ئەمانە کێن؟**

**ئەوانە چی ئەکەن؟**

وە ڕاناوی ئیشاریش ئەمانەن:

| کەس | نزیک | دوور | ئاوەڵکار | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | | | نزیک | دوور |
| تاك | ئەم، ئەمە | ئەو، ئەوە | ئێرە | ئەوێ |
| گەل | ئەمان، ئەمانە، | ئەوان، ئەوانە | ئێرانە | ئەوی یانە |

وە ڕاناوی ئیشاری لە ڕستەدا، ئەم ئەرکانەی پێ ئەسپێررێ:

١ـ ئەبێتە (بکەر)، وەك:

**ئەوانە ئەچن بۆ سیوەیل .(ئەوانە)**

٢ـ ئەبێتە تەواوکەری سەربەخۆی:

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**لەم نەمامانە، ئەمەیان بڕوێنە . (ئەمە)**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**نەسرین لێرەبوو .(ئێرە)**

٣ـ ئەبێتە تەواوکەری یاریدەدراوی :

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**بە ئەوانە بڵێ بابێن بۆ ئێرە . (ئەوانە، ئێرە)**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**داسوولکەکە بەم بوو . (ئەم)**

٤ـ ئەبێتە تەواوکەری ناو (موزافو ئیلەیهی)، وەك:

**وێنەکەی ئەم لە وێنەکەی ئەوان جوانترە . (ئەم، ئەوان)**

## ٤ ـ ڕاناوی گەیەنەر RELATIVE PRONOUN

ڕاناوی گەیەنەر ئەو ڕاناوانەن کە دوو ڕستە بەیەکەوە ئەبەستن و هەم جێگای ناوێکیش ئەگرن لە پارچەی شوێن کەوتوودا، بەمەرجێ ناوەکە لە پێشەوە بێژرابێ، وەك:

**ئەو پیاوەی کە لەگەڵما ئەدوا، باوکم بوو .**

لەم ڕستەی (تێ کەڵ) ەدا، ڕاناوی (ی کە) ڕاناوی گەیەنەرە، چونکە:

١ـ ڕستەی (ئەو پیاوە باوکم بوو)ی بەستووە بە ڕستەی (لەگەڵما ئەدوا) .

٢ـ جێ ی ناوی (ئەو پیاوە)ی گرتۆتەوە، لە پارچەی شوێن کەوتوودا، کە لە شاپارچەدا بێژراوە.

وە ڕاناوی گەیەنەریش ئەمانەن:

ی، کە، ی کە

ئەوا یەکە یەکەش لێ یان ئەدوێین :

١ـ ڕاناوی (ی) جێی ناوێ ئەگرێ، کە پیتە پێناسی شوناس یا ئاوەڵناوی ئیشاری لەگەڵا بێ، یا (ڕاناوی ئیشاری)، وە ڕاستەوخۆ لەدوایانەوە بێ، وەك:

**زەوییەکەی تۆ کێڵابووت، کردم بە گەنم .**

**ئەو سوارەی لە شایەکەدا گلا باییز بوو .**

**ئەوانەی خوێنی گەل ئەمژن، گەل تۆڵەیان لێ ئەسێنێ .**

٢- ڕاناوی (کە) جێی ناوێ یا ڕاناوێ یا ئاوەڵناوێ ئەگرێ و یەکسەر بەدوایانا دێ، وە ئەشکەوێتە بەینی دوو ڕستەوە، وەك:

**هەندێ کە لە خۆیان بایی ئەبن، لەڕێ ی ڕاست لا ئەدەن .**

**بارام کە لێرەبوو چوو بۆ لادێ .**

**من کە بۆ ئازادی بجەنگم، لە مەرگ ناترسم .**

**من لەو بەراوردەدا دەرچووم کە ئێوە لێ ی ئەترسان .**

٣- ڕاناوی (ی کە) جێی ناوێ ئەگرێ کە پیتە پێناسی شوناس یا نەشوناس، یا ئاوەڵناوی ئیشاری لەگەڵابێ، وەیا جێ ی (ڕاناوی ئیشاری) ئەگرێ وەیەکسەر لەدوایانەوە بێ، وەك:

**(گۆڤارەکەی کە) لەسەر مێزەکە بوو، چی لێ هات؟**

**(ژنێ کە) تێ گەیشتوو بێ، مناڵەکەی باش بەخێو ئەکا .**

**(ئەوەی کە) پێت ووتم هەر لەبیرمە .**

## ئەرکی ڕاناوی گەیەنەر لە ڕستەدا

١- ئەبێتە (بکەر)، وەك:

**ئێوە کە نەیاری بن، بۆ کوێ ڕائەکەن .**

٢- ئەبێتە ئەواوکەر فرمان (OBJECT)، وەك:

**ئەمە ئەو بەرخەیە کە کڕیم .**

٣- ئەبێتە تەواوکەری ناو (موزافو ئیلەیی)، وەك:

**پیاوەکەی کە دانیشت بوو، بەلایا ڕابووردم .**

**٥ـ ڕاناوی پرسیاری** INTERROGTIVE PRONOUN

ئەو ڕاناوانەن کە جگە لەوەی پرسیاریان پێ ئەکرێ، بەشوێن شارەکانیشیانا ئەگەڕێن، وەك ڕاناوی (کێ) ی ناو ئەم دێرە هەڵبەستە:

**گۆیژە هەر بگری تا ئاخر زەمان**

**کێ بت لاوێنێ بە ئەشعاری جوان**

وە ئەو ڕاناوانەی پرسیاریان پێ ئەکرێ، ئەمانەن:

١ـ (کێ): پرسیاری پێ لە کەس ئەکرێ، وەك:

**کێ شێفت ئەبڕێ؟ کێ ئەت کا بە وەرد؟**

**کێ ئاوت ئەدا؟ بەهەناسەی سارد.**

٢ـ (چۆن، چلۆن، کوو) پرسیاریان پێ لە چۆنێتی ئەکرێ، وەك:

*** تەماشاکەن چیایان چۆن دەکۆڵن؟**

**هەتاکەی ئێوە، هەر بەرماڵ بە کۆڵن**

*** چلۆن ئەڕژێتە بەرپێ قەف قەفی قژ؟**

**لە دەستی جەوری زۆردارانی خوێن مژ**

*** زەوی کوو ئەکێڵرێ؟ پاقلە کوو ئەچێنرێ؟**

٣ـ (کام، کامە): پرسیاری پێ لەجیاکردنەوەی کەسێ یا شتێ ئەکرێ لە ناو کۆمەڵە کەسێ یا شتێکا، وەك:

**لە کۆترەکان (کامیان) ئەدەی بەمن؟**

**پارەکەت دا بە کامەیان؟**

٤ـ (کەی، کەنگێ): پرسیاری پێ لەکات ئەکرێ، وەك:

**کەی هاتن؟ کەنگێ دەڕۆن؟**

٥ـ (کوا، کوانێ، کوێ) پرسیاری پێ لەکەس و جێ ئەکرێ، وەك:

**کوا باوکم؟ کوانێ کەواکەم؟**

**سەگ لەکوێ بخوا، لەوێ ئەنوێ؟**

٦ـ (چەند، چەند، چەنگ) پرسیاری پێ لە ژمارە و میقدار ئەکرێ، وەك:

**چەندت بۆ بنێرم؟ بە چەنگ ئەی فرۆشی؟**

**بە چەن لەگەڵما ئەسازێیت؟**

٧ـ (چی، چوو، چما) پرسیاری پێ لە هۆ و شت ئەکرێ، وەك:

**بەچی ئەچی بۆ شار؟ چووزانم؟**

**چما ئێوە لەگوێ ی گادا نووستوون؟**

٨ـ (ئایا) پرسیاری پێ لە مەعنای ئەو ڕستەیە ئەکرێ، کە ئەکەوێتە دوایەوە، وەك:

**ئایا ئەوانیش لەگەڵمانا دێن بۆ سەیران؟**

وە ئەتوانین بەجۆرێکی تریش ڕاناوە پرسیارییەکان دابەش بکەین، ئەویش:

١ـ ئەوانەی کە لەبری (ناو) بەکارئەهێنرێن، ئەمانەن:

(کی، چێ)

٢ـ ئەوانەی کە لەبری (ئاوەڵکار) بەکارئەهێنرێن، ئەمانەن:

(چۆن، چلۆن، کوو، کوێ، کەنگێ، کەی، ئایا، چما، چوو)

٣ـ ئەوانەی کە لە بری (ئاوەڵناو) بەکارئەهێنرێن، ئەمانەن:

(چەند، چەن، چەنگ، کام، کامە، کوا)

**ئەرکی ڕاناوی پرسیاری لە ڕستەدا**

١ـ ئەبنە (بکەر)، وەك:

**کێ حەز بە شەڕ ئەکا جگە لە ئیمپریالیزم .**

٢ـ ئەبنە (تەواوکەری سەربەخۆ)ی:

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك: **فەرهاد چی ئەخوات؟**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك: **ئەمە چی یە ؟**

٣ـ ئەبنە (تەواوکەری یاریدەدراوی):

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك: **کامیانت کڕی؟**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**خەنجەرەکەی من بە کامتان بوو؟**

٤ـ ئەبنە (موزافو ئیلەیهی)، وەك:

**کوڕی کێ لە ئاوەکەدا خنکا .**

**٦ـ ڕاناوی نادیار** INDEFINITE PRONOUNS

ئەو ڕاناوانەن کە بە مووعەیەنی جێی کەسێ یا شتێ ناگرن، وەك:

**لە مافوورەکان یەکێکیانم بۆ بنێرە .**

لەم ڕستەیەدا: واژەی (یەکێك):

١ـ ڕاناوە، چونکە جێی (مافوورێ) ئەگرێ لەناو ئەو مافوورانەدا کە لە پێشەوە ناویان هێنراوە و ئەتەوێ بۆت بنێرێ.

٢ـ نادیار (موبهەمە)،چونکە بە موعەیەنی دیار نییە، کە لە مافوورەکان کامیانت بۆ بنێریٚ، ڕاناوی موبهەم ئەمانەن:

**١ـ (یەکیٚ): یەکیٚ لە بەرازەکانم کوشت .**

**٢ـ (کەس): کەس ناچێتە گۆڕی کەس .**

**٣ـ (فلاّن): فلاّن لێرە چی ئەکا؟**

**٤ـ (فیسار): نازانم فیسار هات؟**

**٥ـ (کابرا): کابرا کالّەك بە ئەژنۆ ئەشکێنیٚ .**

**٦ـ (هەموو): هەموو چووین بۆ گوندی دارەشمانە .**

**٧ـ (هەندیٚ، تۆزیٚ، بڕیٚ، کەمیٚ، پێچیٚ، چۆڕیٚ)، وەك:**

**هەندیٚ لە بەردەکانم فڕیٚ دا .**

**تۆزیٚ لە ئاوەکەدا وەستا .**

**بڕیٚ لە شارەزاکان گەیشتنەجیٚ .**

**چۆڕیٚ لە شۆرباکەم کرد بە قوڕگیا .**

**کەمیٚ لە دۆشاوەکەی خوارد .**

**٨ـ (هیچ): هیچ لە نەمامەکان هەڵ مەکێشە .**

**٩ـ (گەلیٚ): گەلێکم لە مەڕەکان گلدایەوە بۆ داشت .**

**١٠ـ (فرە): فرە لە نەمامەکانم ڕواند لە دێبەرەکەدا.**

**١١ـ (هین، هینەکە)، وەك:**

**هین گەیشتە جیٚ .**

**هینەکە لە زاری گۆزەکە دەربهێنە .**

**١٢ـ (وانەك، وانەکەکە)، وەك:**

**وانەکەکە ڕووخا.**

**١٣ـ (هەرامە، هەرامەکە)، وەك:**

**هەرامەکە هەرەسی هێن .**

**١٤ـ (یارۆ، یارۆکە)، وەك:**

**یارۆکە جێ بەجێ بوو .**

**٧ـ ڕاناوی هەیی** POSSESSIVE PRONOUN

ئەو ڕاناوەیە کە شتێ ئەکا بە هی کەسێك و هەم جێگەی شتەکەش ئەگرێ، وەك:

**ئەو ئەسپە هی نەوزادە .**

لەم ڕستەیەدا وشەی (هی) :

١ـ ڕاناوە، چونکە جێی ئەو (ئەسپ)ەی گرتووە، کە لە پێشەوە بێژراوە.

٢ـ هەییە، چونکە کردوویەتی بە هی (نەوزاد) .

وە ڕاناوی هەیی لەتەك (ڕاناوی جوێ، ڕاناوی ئیشاری، ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕاناوی خۆیی، ڕاناوی پرسیاری)دا بەکارئەهێنرێ، وەك:

هی من، هی ئەوان، هی باوکم، هی ڕەش، هی دوێنێ، هی خۆم، هی چی؟

## ئەرکی ڕاناوی هەیی لە ڕستەدا

١ـ ئەبێتە (بکەر)، وەك:

**هی کوێ سووتا؟**

٢ـ ئەبێتە (تەواوکەری سەربەخۆی):

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**هی کامەت هەڵ بژارد؟**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**میراتی کەر هی کەمتیارە .**

٣ـ ئەبێتە (تەواوکەری یاریدەدراوی) :

أ ـ فرمانی بەهێز، وەك:

**ئەمە بەهی تۆ ئەزانم .**

ب ـ فرمانی بێ هێز، وەك:

**ئەمانە لەهی ئێوەن .**

٤ـ ئەبێتە (موازفو ئیلەیهی)، وەك:

**هی خۆتان دەست لێ مەدە**

## سەرباری ڕاناو چییە؟

سەرباری (ڕاناو) ئەلوێ:

١ـ (ڕاناو) بێ، وەك:

ئەمەی ئێوە (ئێوە)

٢ـ (ناو) بێ، وەك:

ئەوەی دارا (دارا)

٣ـ (ئاوەڵناو) بێ، وەك:

تۆی دەست بەسەر (دەست بەسەر)

٤ـ (ئاوەڵکار) بێ، وەك:

ئەوانەی پار (پار)

## پرسیاری ٤٩

ئەم ڕستانەی خوارەوە، چەند ڕاناویان تیا هەیە، دەریان بهێنە:

**١ـ ئەمانەی کە لەگەڵ ئێوەدان، ئەچن بۆ کوێ؟**

**٢ـ خەنجەری دەبان خۆی لە کێلانا ناگرێ**

**٣ـ ئەوەی خۆت بدە بە من، تۆ بۆ خۆت بکڕە**

**٤ـ کابرام دی کە ئەهات بۆ ئەوێ، پێم ووت بۆچی ئەچیت؟ ووتی بە کەس ناڵێم.**

## پرسیاری ٥٠

ئەم ڕاناوانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:

هەموو، کەی، تۆ، کوا، کە، کوێ.

١ـ ئەمانە پشیلەکانن ......... گۆشتەکەیان خوارد.

٢ـ ........ مناڵەکان؟ ......... چوون بۆ یاری .

٣ـ .......... کەواکەی من نوێ یە، هینەکە .......... نوێ نی یە .

٤ـ ئێوە ئاوی ......... ئەخۆنەوە .

## پرسیاری ٥١

أ ـ بە ئەم ب ـ بەم

دە تۆش ئەمانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

بە ئەو، بە ئەوە، بە ئەوان، بە ئەوانە، بە ئەم، بە ئەمە، بە ئەمان، بە ئەمانە، بە ئێرە، بە ئێرانە، بە ئەوێ، بە ئەوێ یانە.

## پرسیاری ٥٢

ئەم ڕاناوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

من، هی ئێوە، ئەوانە، خۆمان، فلان، ...ی کە، کەی؟

## پرسیاری ٥٣

أ ـ ئەم کێوانە بەرزن ب ـ ئەمانە بەرزن

دە تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

**١ـ ئەم کوردانە دڵپاکن .**

**٢ـ ئەم ژیانە کوێرەوەری یە.**

**٣ـ ئەو سوارانە کێن .**

**٤ـ ئەو چیایانە ڕووتن.**

**٥ـ ئەم بانێژەیە بەرزە.**

**٦ـ ئەم یەکێتی یە ئازادی ڕائەکێشێ.**

## پرسیاری ٥٤

أ ـ چاندم ب ـ چاندمان، چاندت، چاندتان، چاندی، چاندیان:

دە تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بكە:

گرتم، فڕاندم، سڕیم، سووتاندم، شكاندم .

## پرسیاری ٥٥

أ ـ كراسەكەم ب ـ كراسەكەی من

دە تۆش ئەم دەستەواژانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بكە:

پێڵاوەكەی، چراكەت،ماڵەكەتان، مەڕەكەیان، دەستمان.

## پرسیاری٥٦

أ ـ بەیانی ئەچم بۆ هەڵەبجە . ب ـ كەی ئەچیت بۆ هەڵەبجە؟

دە تۆش پرسیارێ بۆ ئەم وەرامانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) دابنێ:

**١ـ ترێ (لە بازاڕ) ئەفرۆشرێ (كوێ؟)**

**٢ـ بەهاران (هەور) ئەگرمێنێ (چی؟)**

**٣ـ تووتن (بەدێراو) ئەروێنرێ (چۆن؟)**

**٤ـ (هیوا) بە كوردی ئەدوێ (كێ؟)**

**٥ـ (ئەمەیان) بكڕم باشترە (كامەیان؟)**

**٦ـ قارەمان (دوێنێ) گلابوو (كەی؟)**

**٧ـ پیاز بە سەلك ئەڕوێنرێ (كوو؟)**

٨ـ ئەم مەڕانە حەوتیان قەڵەون (چەندیان؟)

٩ـ بارام ڕائەکا (هەتا بگاتە فەرهاد) (بۆچی؟)

## سێیەم: ئاوەڵناو ADJECTIVE

واژەیەكە یا بۆ وەسفی ناوێ، وەك وێنەی (أ)، یا ڕاناوێ، وەك (ب) یا فرمانێكی بێ هێز، وەك وێنەی (ج) بەكارئەهێنرێ:

**أ ـ ماسی گەورە لە تاڤگەدا ناگیرێ . (گەورە)**

**ب ـ هەموو كەسێ لە ئاشا بلبلە. (هەموو)**

**ج ـ خانووەكەی ئێوە خۆشە. (خۆش)**

وە ئاوەڵناویش لە كوردیدا:

١ـ یا پێش مەوسوف ئەكەوێ و پێویستی بە (ی) پەیوەندی نی یە، وەك:

هەندێ هەنار، چ ڕۆژێ، شەش پیاو، ئەم گوڵە .

٢ـ یان دوا مەوسوفە ئەكەوێ و پێویستی بە (ی)پەیوەندیەوە هەیە،وەك:

كۆتری سپی، چاوی ڕەش، پیاوی نیشتمان پەروەر.

## جۆرەكانی ئاوەڵناو THE KINDS OF ADJECTIVES

### یەكەم: ئاوەڵناوی خەبەری ADJECTIVE OF QUALITY

ئەو ئاوەڵناوەیە كە جۆری ناوێ یان ڕاناوێكی پێ هەڵئەدرێ بە بۆنەی (ی) وەسفییەوە وە یا فرمانێكی بێ هێزی پێ تەواوئەكرێ، وەك:

**ئەسپی چاك ئاوزەنگی ناوێ . (چاك)**

**قژی نەسرین زەردە . (زەرد)**

وە ئاوەڵناوی خەبەری دوو بابەتە:

**١ـ ئاوەڵناوی سادە** (ADGECTIVE SIMPLE): ئەو ئاوەڵناوەیە کە ڕیشەیەکی هەیە، وەك:

ڕەش، سوور، پان، بەرز، سوێر، کووڕ

**٢ـ ئاوەڵناوی لێکدراو** (COMPOUND ADGECTIVE): ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە دوو ڕیشە یا پتری هەیە، وەك:

بەدخوو، دەم بە پێ کەنین، نا بەدڵ، سەرکز

وە ئاوەڵناوی لێکدراویش:

١ـ ئەلویێ لە دوو (ناو) پێك بهێنرێ، وەك:

گەردن بلور، دەم گاواخن، سەر سەربەتە

٢ـ ئەلویێ لە (ناوێك) و (ئاوەڵناوێك) پێك بهێنرێ، وەك:

دڵ تەنگ، چاوشین، لێو ئاڵ

٣ـ ئەلویێ لە (ئاوەڵناوێك) و (ناوێك) پێك بهێنرێ، وەك:

دوو دڵ، حەوت ڕەنگ، چوارچاو

٤ـ ئەلویێ لە (ئامرازێکی پەیوەندی) و (ناوێ)، یا (ئاوەڵناوێ) پێك بهێنرێ، وەك:

بەهێز، بەجەرگ، بەگوڕ

٥ـ ئەلویێ لە ئاوەڵکارێ + ئامرازێکی پەیوەندی + ناوێ پێك بهێنرێ، وەك:

نابەدڵ، نالەبار

٦ـ ئەلویێ لە ناوێك و ڕەگی فرمانێك پێك بهێنرێ، وەك:

سەرشکێن، نیشتمان فرۆش، مەلابەزێن

٧ـ ئەلوێ لە ناوێك و پیتە پاشگر پێك بهێنرێ، وەك:

بەختیار، تەقڵەباز، نوێژکەر

٨ـ ئەلوێ لە ئاوەڵکارێك و ئاوەڵناوێ پێك بهێنرێ، وەك:

نارەسەن، نارێك، بێ هێز

٩ـ ئەلوێ لە ئاوەڵکارێك و ڕەگی فرمانێ پێك بهێنرێ، وەك:

نەمر، نەبەز، نەخۆر

١٠ـ ئەلوێ لە ڕەگی فرمانێك و پیتە پاشگر پێك بهێنرێ، وەك:

خوێندەوار، فرۆکەوان، فڕگە

١١ـ ئەلوێ لە دووبارەکردنەوەی ناوێ پێك بهێنرێ، وەك:

ڕێ ڕێ، توێ توێ، چین چین

١٢ـ ئەلوێ لە دوو ئاوەڵناو بە مەرجێ ئامرازی (و)ی پێ بەست بخرێتە بەینیانەوە، پێك بهێنرێ، وەك:

پاك و خاوێن، کەم و کوڕ، ڕەش و سپی

١٣ـ ئەلوێ لە ناوێك + ڕەگی فرمانێ + پیتە پێ ناسی (ێ) پێك بهێنرێ، وەك:

دەتەقێ، سەرە لەرزێ، سکە خشکێ

١٤ـ ئەلوێ لە ناوێك و ئاوەڵناوێکی کراو پێك بهێنرێ، وەك:

دەست شکاو، باوك مردوو، سەرسووتاو

١٥ـ ئەلوێ لە دوو ناو بەمەرجێ ئامرازێکی پەیوەندی سادە یا لێکدراو بخرێتە بەینیانەوە، وەك:

دەست لەسەر سنگ، گوڵ بەدەم، تفەنگ بەشان

## پلەکانی ئاوەڵناوی خەبەری(COMPARISON DEGREE)

ئاوەڵناوی خەبەری سادە یا لێکدراو، سێ پلەی هەیە:

**١ـ پلەی سابیت** (POSITIVE DEGREE)

هەر ئاوەڵناوە خەبەریەکە بە ڕێکاوڕێك، وە بۆ وەسفی ناوێ یا ڕاناوێ یا فرمانێکی بێ هێز بەکارئەهێنرێ، وەك:

لەشکری ئازا (ئازا)

ئێمەی نەشارەزا (نەشارەزا)

کراسەکەی نەسرین جوانە (جوان)

**٢ـ پلەی بەراورد** (COMPARATIVE DEGREE)

ئەو ئاوەڵناوەیە کە بۆ بەراورد لە بەینی دوو مەوسوفدا بەکارئەهێنرێ، وەك:

**چنور لە ئالآ گەورەترە .**

لەم ڕستەیەدا (نەسرین) و (ئالآ) دوو مەوسوفن، کە هەردووکیان لە سیفەتی گەورەییدا هاوبەشن، بەلآم پلەی گەورەیی (چنور) پترە لە (ئالآ)، وە بۆ دروست کردنی ئاوەڵناوی بەراوردی:

١ـ پیتە پاشگری (تر) ئەخرێتە دوا ئاوەڵناوی سابیتەوە، وەك:

سوور سوور + تر = سوورتر

جوان جوان + تر = جوان تر

٢ـ لەو دوو مەوسوفە ئەم وەسفیان ئەکا، پلەی کامیان پتربوو، ئەوەیان پێش ئەخرێ و ئامرازی (لە)ی پەیوەندیش ئەخرێتە بەینی هەردووکیانەوە، وەك:

**جۆ لە گەنم هەرزانترە .**

**قارەمان لە نەریمان ئازاترە .**

وە دروستە پشووترێ:

**(جۆ هەرزانترە لە گەنم) (قارەمان ئازاترە لە نەریمان)**

هەندێ جاریش هەر ئەو مەوسوفەیان ئەبێژرێ لەدوو مەوسوفەکە، کە پلەی پترە، وەك:

**(جۆ هەرزانترە) (قارەمان ئازاترە)**

**٣ـ پلەی باڵا** SUPERLATIVE DEGREE:

ئەم پلەیە لە ئاوەڵناوی خەبەری، ئەندازەی باڵایی کەسێ یا شتێ پیشان ئەدا لەناو ئەو ناوانە، یا شتانەدا، کە هەموویان لە ئاوەڵناوێکا هاوبەشن، وەك:

گوڵناز جوانترین کچە لەم گوندەدا

لەم ڕستەیەدا هەرچی کچ هەیە لە گوندەکەدا لە سیفەتی (جوانی)دا، هاوبەشن، بەڵام پلەی جوانیەکەی (گوڵناز) لە هەموویان بەرزترە، وە ئەم پلەیەش لە ئاوەڵناوی خەبەری دروست ئەکرێ، لەدوا ئەوەی کە پیتە پاشگری (ترین)ی ئەخرێتەسەر، وەك:

| ئاوەڵناوی خەبەری | ئاوەڵناوی خەبەری لە پلەی سێ یەما |
|---|---|
| گەورە | گەورە + ترین = گەورەترین |
| سووتاو | سووتاو + ترین = سووتاوترین |
| پاك | پاك + ترین = پاکترین |

## پیتە پاشگری ئاوەڵناوی خەبەری SUFEIXES OF ADJECTIVE

ئاوەڵناوی خەبەری لە کوردی دا، ئەم پیتە پاشگرانەی خوارەوە، وەرئەگرێ:

١ـ پیتە پاشگری (ە)، وە ئاوەڵناوەکەی پێ ئەبێ بە ناو، وەك:

ڕاست ڕاستە

چاك چاكە

٢ـ پیتە پاشگری (ۆ) بۆ تەحقیر بەکارئەهێنرێ، وەك:

پیس پیسۆ

بۆز بۆزۆ

٣ـ پیتە پاشگری (ەك)، بەڵام پێی ئەبێ بەناو، وەك:

بەرز بەرزەك

چەوت چەوتەك

٤ـ پیتە پاشگری (ك = IK) پێی ئەبێ بەناو، وەك:

ئەستوور ئەستوورك

گەرم گەرمك

٥ـ پیتە پاشگری (ۆکە) ئەلکێنرێ بەدوا ئاوەڵناوەوە، کە:

أ ـ یا بۆ ئەوەی ببێ بە (ناو)، وەك:

پیس پیس پیسۆکە

مزر مزرۆکە

ب ـ یا بۆ تەسغیری ئاوەڵناوەکە، وەك:

گێل گێلۆکە

شێت شێتۆکە

٦ـ پیتە پاشگری (ەلە) بۆ تەسغیری ئاوەڵناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

سەوز سەوزەڵە

ڕووت ڕووتەڵە

٧ـ پیتە پاشگری (ۆڵە) بۆ تەسغیری ئاوەڵناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

نەرم نەرمۆڵە

کز کزۆڵە

٨ـ پیتە پاشگری (ۆڵ) بۆ تەسغیری ئاوەڵناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

گەڕ گەڕۆڵ

نەرم نەرمۆڵ

٩ـ پیتە پاشگری (یلە) بۆ تەسغیری ئاوەڵناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

وورد ووردیلە

خنج خنجیلە

١٠ـ پیتە پاشگری (کە) ئاوەڵناوی پێ ئەبێ بە ناو، وەك:

پیس پیسکە

تەڕ تەڕکە

١١ـ پیتە پاشگری (کەلە) بۆ تەسغیری ئاوەڵناو بەکارئەهێنرێ، وەك:

سوور سوورکەلە

سپی سپیکەلە

١٢ـ پیتە پاشگری (ەن) ئاوەڵناوی پێ ئەبێ بە ناو، وەك:

ڕووت ڕووتەن

تیژ تیژەن

١٣ـ پیتە پاشگری (ەڵان) ئاوەڵناوی پێ ئەبێ بە ناوی مادی، وەك:

سەوز سەوزەڵان

نەرم نەرمەڵان

١٤ـ پیتە پاشگری (ی، یی) ئاوەڵناویان پێ ئەبێ بە ناوی مەعنەوی، وەك:

هەژار هەژاری

ئازا ئازایی

١٥ـ پیتە پاشگری (ن = IN)، وەك:

چڵك چڵكن

شەرم شەرمن

١٦ـ پیتە پاشگری (انی)، وەك:

نەرم نەرمانی

ووشك ووشكانی

١٧ـ پیتە پاشگری (انە)، وەك:

مەرد مەردانە

هێمن هێمنانە

١٨ـ پیتە پاشگری (ێن)، وەك:

سوور سوورێن

ڕەش ڕەشێن

١٩ـ پیتە پاشگری (ێنە)، وەك:

سپی سپێنە

زەرد زەردێنە

٢٠ـ پیتە پاشگری (ایی)، وەك:

سوور سوورایی

ڕەش ڕەشایی

٢١ـ پیتە پاشگری (ایەتی)، وەك:

چەوت چەوتایەتی

کەم کەمایەتی

٢٢ـ پیتە پاشگری (ێتی)، وەك:

خۆش خۆشێتی

شین شینێتی

٢٣ـ پیتە پاشگری (ان)[١]، وەك:

باریك باریکان

ڕەق ڕەقان

[١] – ئەگەر بتەوێ پتر لە پیتە پاشگری ئاوەڵناو شارەزابی، بڕوانە کتێبی ( گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی).

## ئەرکی ئاوەڵناوی خەبەری چییە لە ڕستەدا؟

١ـ ئەبێتە سیفەی ناو، وەك:

ئاوی خاوێن، تۆی نەشارەزا

٢ـ ئەبێتە تەواوکەری (سەربار)ی کاری بێ هێز، وەك:

**ئەموستیلەکەی نەسرین گەورەیە .**

## ئایا ئاوەڵناوی خەبەری پیتە پێ ناس وەرئەگرێ؟

ئاوەڵناو کاتێ وەك (ناو) پیتە پێ ناس وەرئەگرێ، کە خۆی و ئەو ناوەی کە وەسفی ئەکا بخرێتە چوارچێوەی ناوێکی لێکدراوەوە، وەك:

بەرخی نێر ( بەرخەنێر + ەکە = بەرخەنێرەکە)

منالّی ساوا (منالّە ساوا + ەکە = منالّە ساواکە)

## ئایا ئاوەڵناوی خەبەری ئەکرێ بە گەل؟

ئاوەڵناو کاتێ وەك (ناو) ئەکرێ بە گەل، کە خۆی و ئەو ناوەی کە وەسفی ئەکا بخرێتە چوارچێوەی ناوێکی لێکدراوە، ئینجا ئەگەر کۆتایی بە پیتە بێدەنگ هات بوو بە (ان) ئەگەر بە پیتە بزوێن هات بوو بە (یان) ئەکرێ بە (گەل)، وەك:

پیاوی بە جەرگ (پیاوە بەجەرگ) (ئەم پیاوە بە جەرگانە)

منالّی ساوا (منالّە ساوا) (ئەو منالّە ساوایانە)

**سەرباری ئاوەڵناوی خەبەری چییە؟**

سەرباری (ئاوەڵناو) ئەلوێ:

١ـ ئاوەڵناوبێ، وەك:

پیاوێکی ئازای بە جەرگ (بەجەرگ)

٢ـ ئاوەڵکار بێ، وەك:

خانوویەکی فرەخۆش (فرە)

**٢ـ ئاوەڵناوی ئیشاری** DEMONSTRAIVE ADGECTIVE

ئەو ئاوەڵناوەیە کە کەسێ یا شتێکی پێ دەست نیشان ئەکرێ، وەك:

**ئەم کوڕە و ئەو کچە خوێشن .**

لەم ڕستەیەدا: وشەی (ئەم...ە) و (ئەو...ە) ئاوەڵناوی ئیشارین، چونکە ئیشارین، چونکە ئیشارەتیان پێ کراوەتە ناوی کوڕەکە و کچەکە.

ئاوەڵناوی ئیشاریش لە کوردی دا دوو بابەتە:

**١ـ ئاوەڵناوی ئیشاری موعەیەن** (DEFINITE DEMONSTRATIVE)

**٢ـ ئاوەڵناوی ئیشاری موبهەم** (INDEFITE DEMONSTRATIVE)

**١ـ ئاوەڵناوی ئیشاری موعەیەن :** ئەو ئاوەڵناوانەن کە بە جۆرێکی موعەیەن ناوێ ڕاناوێ د ەست نیشان ئەکەن، کە ئەمانەن:

١ـ (ئەم..ە) ناوێ یا ڕاناوێ ئەگرێتەخۆی، کە ئەلوێ تاك بێ، یا گەل، سادە بێ یا لێکدراو، بەڵام ئەشێ نزیك بێ، واتە لەبەر دەستا بێ، وە کۆتایی بە پیتی بێ دەنگ هاتبێ، وەك:

ئەم سێوە ئەم سێوانە

ئەم بەڵمەبرنجە ئەم بەڵمە برنجانە

٢ـ (ئەم...یە): ناوێ یا ڕاناوێ ئەگرێتەخۆی، کە تاك بێ بەڵام ئەلوێ سادە بێ یا لێکدراو وە نزیك بێ، بەڵام کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتبێ، وەك:

ئەم چیایە ئەم گوڵە جۆیە

٣ـ (ئەو....ە): ناوێ یا ڕاناوێ ئەگرێتەخۆی کە کۆتایی بە پیتە بێ دەنگ هاتبێ، وە دووربێ، وە تاك یا گەل بێ سادە یا لێکدراوبێ، وەك:

ئەو سوارە ئەو سوارانە

ئەو دار تووە ئەو دار تووانە

٤ـ (ئەو..یە): ناوێ یا ڕاناوێ ئەگرێتەخۆی، کە کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتبێ، وە دووربێ، وە تاك بێ، سادە یا لێکدراو بێ، وەك:

ئەو هەرمێ یە ئەو سەبەتە ترێ یە

ئەو کەوایە ئەو دەسکە چەقۆیە

ئاوەڵناوی (ئەم..ە) (ئەو..ە)، ئەگەر ویسترا، لە دەستەواژەیەکدا:

أ ـ ئەو ناوەی پێ دەست نیشان بکرێ کە کراوە بە سەرباری ناوێکی تر، هەر ئەو ناوە ئەخرێتە بەینی ئاوەڵناوەکەوە، وەك:

خاوەنی ئەم کێڵگەیە (کێڵگە)

جووتیاری ئەو ناوچەیە (ناوچە)

ب ـ ئەو ناوەی پێ دەست نیشان بکرێ کە سەرباری خراوەتە سەر، هەر ئەو ناوە ئەخرێتە بەینی ئاوەڵناوی ئیشارییەکەوە، وەك:

ئەم باخەوانەی ئێوە (باخەوان)

ئەو خانووەی شاسوار (خانوو)

ج ـ دەستەواژەکەی هەموو پێ دەست نیشان بکرێ، ئەوا جارێ دەستەواژەکە ئەخرێتە شێوەی ناوێکی لێکدراوەوە، ئەنجا ئەخرێتە بەینی ئاوەڵناوە ئیشارییەکەوە، وەك:

مریشکی سوور (ئەم مریشکە سوورە)

گەڵای هەنجیر (ئەم گەڵا هەنجیرە)

٥ـ (ەکە): ئەو ناوە سادە یا لێکدراوانەی پێ دەست نیشان ئەکرێ، کە کۆتاییان بە پیتە بێ دەنگ هاتووە، وەك:

ماین ماینەکە

دەستەسڕ دەستەسڕەکە

٦ـ (کە): ئەو ناوە سادە یا لێکدراوانەی پێ دەست نیشان ئەکرێ کە کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتووە، وەك:

پەپوولە پەپوولەکە

دەسکەچەقۆ دەسکەچەقۆ

**٢ـ ئاوەڵناوی ئیشاری موبهەم:** ئەو ئاوەڵناوانەن کە بە جۆرێکی موبهەم ناوێ دەست نیشان ئەکەن، ئەمانەن:

١ـ (ێ، ێك، یەك) کە پیتە پێ ناسی نەشوناسن، بەلاّم:

أ ـ هەرچی (ێ، ێك) هەیە، ئەو ناوانەی پێ دەست نیشان ئەکرێ، کە کۆتاییان بە پیتە بێ دەنگ هاتووە، وەك:

هەنار (هەنارێ ـ هەنارێك)

ب ـ هەرچی (یەك) هەیە، ئەو ناوانەی پێ دەست نیشان ئەکرێ کە کۆتاییان بە پیتە بزوێن هاتووە، وەك:

شانۆ (شانۆیەك)

مامۆستا (مامۆستایەك)

٢ـ (کە): بە بۆنەی (ی) وەسفیەوە، ناوەکە پێ دەست نیشان ئەکرێ، وەك:

مەڕ (مەڕێ کە، مەڕێکی کە، مەڕەکەی کە).

٣ـ (تر): بە بۆنەی (ی) وەسفیەوە ناوێکی پێ دەست نیشان ئەکرێ، وەك:

هەنار (هەناری تر، هەنارێکی تر، هەنارەکەی تر)

٤ـ (دی): بە بۆنەی (ی) وەسفیەوە ناوێکێ پێ دەست نیشان ئەکرێ، وەك:

پێڵاو (پێڵاوی دی، پێڵاوێکی ی، پێڵاوەکەی دی).

٥ـ (دی کە): بە بۆنەی (ی) وەسفیەوە ناوێکی پێ دەست نیشان ئەکرێ، وەك:

شۆڕش (شۆڕشی دی کە، شۆڕشی دی کە، شۆڕشەکەی دی کە).

٦ـ (وا، وەها، وەکو، هەروەکو): بەبۆنەی (ی) وەسفیەوە، ناوێکی پێ دەست نیشان ئەکرێ وەك:

شاری وا، شاری وەها، شاری وەکو ئەم شارە، شاری هەروەکو ئەم شارە.

### ٤ـ ئاوەڵناوی فرمانی VERBAL ADJECTIVE

ئێسکێکی فرمانە و تام و بۆی ناو ئەدا، وەك:

**پیاوی جگەرەکێش زۆر ئەکۆکن .**

لەم ڕستەیەدا وشەی (جگەرەکێش):

١ـ ئاوەڵناوە، چونکە سیفەتی پیاوێ هەڵ ئەدا.

٢ـ فرمانە، چونکە بەیانی کارێ ئەکا.

ئاوەڵناوی فرمانیش دوو بابەتە:

**١ـ ئاوەڵناوی بکەر**

**٢ـ ئاوەڵناوی کراو**

**ئاوەڵناوی بکەر:** ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە چاوگ (المصدر) وەرگیرێ، ئەمیش دوو جۆرە.

**١ـ ئاوەڵناوی بکەری سادە:**

ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە چاوگی سادە وەرگیرێ، وەك:

(نووستوو) کە لە چاوگی (نووستن) وەرگیراوە.

وە ئاوەڵناوی بکەری سادە ئەتوانرێ:

أ ـ یا لە چاوگی تێ نەپەڕ یەکسەر لەدوا ئەوەی کە دوا پیتەکەی (نون) لێ فڕێ ئەدرێ جگە لە چاوگی واوی، وە پیتە پاشگری (و) کە نیشانەی (بکەر)ە، ئەخرێتەسەری، وەك:

| چاوگی تێ نەپەڕ | ئاوەڵناوی بکەری سادە |
|---|---|
| ڕزین | ڕزی + و = ڕزیو |
| مردن | مرد + و = مردو |
| کەوتن | کەوت + و = کەوتو |

ب ـ یا لە ڕەگی چاوگی تێ پەڕ وەرگیرێ، لەدوای ئەوەی کە پیتە پاشگری (ەر) ئەلکێنرێ بەدوایەکەیەوە، وەك:

| ڕەگی فرمان | ئاوەڵناوی بکەری سادە |
|---|---|
| فرۆش | فرۆش + ە ر = فرۆشەر |
| چان (چێن) | چێن + ە ر = چێنەر |

ب ـ یا پیتە پێشگری (ب = BI) ئەخرێتە پێش ڕەگی فرمانێ، وەك:

| ڕەگی فرمان | ئاوەڵناوی بکەری سادە |
|---|---|
| کێش | ب + کێش = بکێش |
| چان (چێن) | ب + چێن = بچێن |

## ٢ـ ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو

ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو، ئەلوێ:

أ ـ لە چاوگی لێکدراوی تێ پەڕ، بە فڕێدانی پیتە پاشگرەکەی پێك بێ، وەك:

| چاوگی تێ پەڕی لێکدراو | ڕەگەکەی (ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو) |
|---|---|
| نان کڕین | نان کڕ |

| | |
|---|---|
| جگەرەکێشان | جگەرەکێش |
| ئارام گرتن | ئارام گر |
| سوێند خواردن | سوێند خوار (خۆر) |

ب ـ یا لە چاوگی لێکدراوی تێ پەڕ، بە فڕێدانی پیتە پاشگرەکە، وە دانانی پیشتە پاشگری (ەر)، پێك دێ.

| چاوگی لێکدراو | ڕەگەکەی | ئاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|---|
| پێ لێ خستن | پێ لێ خ | پێ لێ خەر |
| ژن هێنان | ژن هێن | ژن هێنەر |
| لەناوبردن | لەناو بـ | لەناوبەر |
| هەڵ واسین | هەڵ واس | هەڵ واسەر |

## بەکارهێنانی ئاوەڵناوی بکەر

ئاوەڵناوی بکەری سادە یا لێکدراو:

١ـ ئەلوێ وەك (ئاوەڵناو) بەکاربهێنرێ، وەسفی ناوێ یا ڕاناوێکی پێ بکرێ، وەك:

(پیاوی دەست بڕ) (تۆی ڕۆژووگر)

٢ـ ئەلوێ وەك: (ناو) بەکاربهێنرێ، وە ئەو وەزیفانەی پێ ئەسپێررێ، کە بەناو ئەسپێر ـ رێن، وەك:

**نووستووەکە هەڵ مەسێنە .**

**سەرتاشەکان لەکوێن؟**

٣ـ پیتە پێ ناسیش وەرئەگرێ، وەك:

ڕۆژووگر (ڕۆژووگرێ، ڕۆژووگرێك، ڕۆژووگرەکە)

٤ـ ئامرازی گەلیش وەرئەگرێ، وەك:

سوێند خۆر (ئەم سوێند خۆرانە) (سوێند خۆرەکان)

## ٢ـ ئاوەڵناوی کراو:

ئەوەیە کە کارێکی ئەکەوێتە سەر، وەك:

**خوێن لە جەرگی بڕ ـ بڕاوم ئەتکێ .**

لەم ڕستەیەدا: وشەی (بڕ ـ بڕاو) ئاوەڵناوی کراو، چونکە جگە لەوەی کە وەسفی ناوی (جەرگ) ئەکا، کارێکیشی کەوتۆتە سەر وە ئاوەڵناوی کراویش لە کوردی دا، دوو بابەتەوە:

### ١ـ ئاوەڵناوی کراوی سادە

ئەو ئاوەڵناوە کراوەیە کە لە چاوگی سادە، وەرئەگیرێ، وەك:

(کێشراو) کە لە چاوگی (کێشان) وەرگیراوە.

وە ئەم ئاوەڵناوە، ئەتوانرێ لە چاوگە تێ پەڕەکان ـ جگە لە چاوگی واوی بە فڕێدانی پیتە پاشگرەکان و دانانی پیتە پاشگری (راو)[1] لەجێ یان، دروست بکرێ، وەك:

[1]ـ لە هەندێ شێوەدا (یاو) و (یاگ) بەکارئەهێنرێ، وەك: نووس (نووسیاو) (نووسیاگ).

| چاوگی تێ پەڕی سادە | ڕەگەکەی | ئاوەڵناوی کراوی سادە |
|---|---|---|
| تەکاندن | تەکان (تەکێن) | تەکێن + راو = تەکێنراو |
| بەخشین | بەخش | بەخش + راو = بەخشراو |
| کوشتن | کوش (کوژ) | کوژ + راو = کوژراو |

## ٢ـ ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو

ئەو ئاوەڵناوە کراوەیە کە لە چاوگی لێکدراو، وەرئەگیرێ، وەك:

(جەرگ بڕ ـ ڕاو) کە لە چاوگی (جەرگ بڕین) وەرگیراوە.

وە بۆ دروست کردنی ئەم ئاوەڵناوە کراوە لێکدراوانە، چاوگی لێکدراو ئەهێنرێ و پیتە پاشگر، کەی لێ فڕێ ئەدرێ لەجێ ی پیتە پاشگری (ڕاو)دا بنرێ، وەك:

| چاوگی تێ پەڕی لێکدراو | ڕەگەکەی | ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو |
|---|---|---|
| ڕاکێشان | ڕاکێش | ڕاکێش + ڕاو = ڕاکێشراو |
| خوێن ڕشتن | خوێن ڕێژ | خوێن + راو = خوێنرژێنراو |
| هەڵ کەندن | هەڵ کەن | هەڵ کەن + راو = هەڵ کەنراو |

## بەکارهێنانی ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو

ئاوەڵناوی کراوی سادە یا لێکدراو:

١ـ ئەلوێ وەك: (ئاوەڵناو) بەکاربهێنرێ، وەسفی ناو یا ڕاناوی پێ بکرێ، وەك:

(کوردی خوێن ڕژێنراو) (تۆی باوەڕ پێ کراو)

٢ـ ئەلویٚ وەك (ناو) بەکاربهێنریٚ، وە ئەو ئەرکانەی پیٚ بسپێر ـ ریٚ، کە بە (ناو) ئەسپێر ـ ریٚ لە ڕستەدا، وەك:

**بەڕە ڕاخراوەکان هەڵ مەگرە .**

**نووسراوەکە باش ناخوێنرێتەوە.**

٣ـ پیتە پێناسیش وەرئەگریٚ، وەك:

کوژراو (کوژراویٚ، کوژراوێك، کوژراوەکە)

٤ـ ئامرازی گەلیش وەرئەگریٚ، وەك:

هەڵ واسراو (ئەم هەڵ واسراوانە) (هەڵ واسراوەکان)

**٥ـ ئاوەڵناوی چەندی** ADJECTIVE OF QUANTITY

ئەو ئاوەڵناوەیە کە میقداری ناویٚ بەجۆرێکی موعەیەن یا موبهەم پیشان ئەدا، وەك:

**هەندیٚ نەمام لە دێبەرەکەدا ئەڕوێنم .**

**چوار مریشکم کڕی .**

لەم ڕستانەدا وشەی (هەندیٚ) بەجۆرێکی موبهەم ناوی (نەمام) و وشەی (چوار) بەجۆرێکی مووعەیەن ناوی (مریشك)ی پیشان داوە، واتە: میقدارەکانیانی دەرخستووە.

وە ئاوەڵناوی چەندیش دوو جۆرە:

**١ـ ئاوەڵناوی چەندی موبهەم** QUANTITATIVEINDFINTE

**٢ـ ئاوەڵناوی چەندی موعەیەن** QUANTITATIVEINDFINTE

**ئاوەڵناوی چەندی موبهەم:** ئەو ئاوەڵناوانەن کە بەجۆرێکی نادیار (موبهەم) میقداری موصوفەکە ئەخەنە پێش چاو، کە ئەمانەن:

**١ـ (هەموو): گۆڤاری گەلاوێژ هەموو مانگیٚ دەرئەچوو .**

**٢ـ (هەندیٚ، تۆزیٚ، بڕیٚ، کەمیٚ پێچیٚ، چۆڕیٚ)، وەك:**

**هەندیٚ ڕۆن، تۆزیٚ ئاو، بڕیٚ دار، کەمیٚ کەوەر، پێچیٚ ئاڤ، چۆڕیٚ خۆشاو.**

**٣ـ (هیچ): هیچ نەمامیٚ هەڵ مەکێشە .**

**٤ـ (گەلیٚ): گەلیٚ جار ئەمەمان بیستووە.**

**٥ـ (گشت): گشت مەڕەکانم فرۆشت .**

**٦ـ (هەر): هەر میللەتیٚ تیٚ بکۆشیٚ ئەگاتە ئامانج .**

**٧ـ (نە): نە من ئەچم نەتۆش بچۆ.**

**٨ـ (زۆر، فرە)، وەك:**

**ووتنی زۆر (زۆر ووتن)**

**دۆی فرە (فرە دۆ)**

**٩ـ (کەم)، وەك:**

**پارەی کەم (کەم پارە)**

**ئاوەڵناوی چەندی موعەیەن:** ئەو ئاوەڵناوەیە، کە مەوسوفەکەی بە ژمارە تەعین ئەکا، وە ئاوەڵناوی چەندی موعەیەن، چوار بابەتە:

**١ـ ژمارەی ڕیشەیی**

ئەو ژمارەیەیە، کە کەرتی تیا نییە، وەك: (یەك، هەشت، پەنجا، دوو)، وەهەرچی ژمارەی ڕیشەیی هەیە:

١ـ پێش مەوسوفەکەی ئەکەوێ، وەك:

**دوێنێ چل کاوڕم لە لادێ کڕی. (چل کاوڕ)**

٢ـ پیتە پێ ناس وەرناگرێ، هەتا مەوسوفەکەی لە ڕستەدا، فڕێ نەدرێ، واتە: نابێژرێ (چوارەکە سێوەکەم خوارد) وە ئەبێژرێ (چوارەکەم خوارد)

٣ـ ژمارەی ڕیشەیی هەمیشە وەسفی ناوێکی تاك ئەکا، وەك:

**دە هەنار، حەوت جەواڵ، بیست هێلکە .**

٤ـ ژمارەی ڕیشەیی دوو بابەتە:

**١ـ ژمارەی سادە:** ئەمیش دوو بەشە:

أ ـ بەشێکیان لە (١)ەوە دەست پێ ئەکا هەتا (٩)، وەك (یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ)

ب ـ بەشێکیشیان سەر گرێن (عقدە)، وەك:

(دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا، نەوەد، سەد، هەزار)

**٢ـ ژمارەی لێکدراو:** ئەمیش دوو بەشە:

**أ ـ ژمارەی ئاوێتەیی:** ئەوانەن کە لە دوو ڕیشەی تێکەڵاوە بەیەکتر پێك هاتوون، کە لە (١١)ەوە، دەست پێ ئەکا هەتا (١٩)، یانگزە، دوانگزە، سیانزە، چواردە، پانگز، شانگزە، حەڤدە، هەژدە، نۆدزە.

**ب ـ ژمارەی پێ بەستی:** ئەوانە کە لە دوو ڕیشە پێك دێن، وە ئامرازی (و)ی عەتف ئەخرێتە بەینیانەوە، بۆ ئەوەی کە بە یەکیانەوە گرێ بدا، وەك:

بیست و چوار، هەشتاو پێنج، چل و سێ، هەشتا و هەشت .

## ٢ـ ژمارەی تەرتیبی

ئەوانەن کە ڕێزی ژمێراوەکان تەعین ئەکەن، وە ئەتوانرێ لە ژمارەی ڕیشەیی دروست بکرێ:

أ ـ بە پیتە پاشگری (ەم) و (ەمین) ئەگەر ژمارە ڕیشەییەکە کۆتایی بە پیتە بێ دەنگ هات بوو، وەك:

| **ژمارەی ڕیشەیی** | **ژمارەی تەرتیبی** |
|---|---|
| حەوت | حەوتەم ـ حەوتەمین |
| بیست چوار | بیست و چوارەم ـ بیست و چوارەمین |

ئەلوێ (هەم) و (هەمین) لەبری (چوارەم) و (چوارەمین) بەکاربهێنرێ، وە بووترێ:

(چوارهەم) و (چوارهەمین) لەبری (چوارەم) و (چوارەمین)

ب ـ بە پیتە پاشگری (یەم) و (یەمین) ئەگەر کۆتایی ژمارە ڕیشەییەکە بە پیتە بزوێن هات بوو، وەك:

| **ژمارەی ڕیشەیی** | **ژمارەی تەرتیبی** |
|---|---|
| پەنجا | پەنجایەم ـ پەنجایەمین |
| نۆ | نۆیەم ـ نۆیەمین |

ئەشلْرێ (نۆهەم) و (نۆهەمین)، واتە: دروست پیتە پاشگری (هەم) و (هەمین) لەبری (یەم) و (یەمین) بەکاربهێنرێ.

وە ژمارەی تەرتیبی لە ڕستەدا:

١ـ دروستە پێش مەوسوفەکەی بخرێ بەبێ هۆ، وە دوا مەسوفەکەی بەهۆی (ی) وەسفەوە، وەك:

(یەکەمین رۆژ) (رۆژ یەکەمین)

٢ـ پیتە پێ ناس وەرناگرێ، هەتا مەوسوفەکەی فڕێ نەدرێ، واتە:

(حەوتەمینەکە نەمام هەڵ بکێشە) هەتا (نەمام) کە موسەفەکە فڕێ نەدرێ ئەوساکە ئەبێژرێ:

حەوتەمینەکە هەڵ بکێشە.

٣ـ ئاوەڵناوی تەرتیبی پاش بخرێ یا پێش، موسوفەکەی ئەشێ تاك بێ، وەك:

(هەشتەمین خانوو) (خانووی هەشتەمین)

## ٣ـ ژمارەی تەوزیعی

ئەو ژمارەیە کە ژمێراوەکە، وەك یەك دابەش ئەکا، وە بەدووبارەکردنەوە، ژمارەی ڕیشەیی پێك ئەهێنرێ، وەك:

**گوێزەکانم پێنج پێنج ژمارد .**

لەم ڕستەیەدا ووشەی (پێنج پێنج) ژمارەی تەوزیعیە، وەسفی فرمانی (ژمارد) ئەکا، وە ژمێراوەکەش کە گوێزەکەیە وەك یەك دابەش ئەکا.

## ٤ـ ژمارەی کەسری

ئەوانەن کە ووردەی مەوسوفەکەی خۆیان پیشان ئەدەن، وەك:

چواریەکی خانووەکەم فرۆشت

لەم ڕستەیەدا وشەی (چواریەك) ئاوەڵناوی کەسرییە، وەسفی ناوی (خانوو) ئەکا.

وە ژمارەی کەسری پێش موسوفەکەی ئەکەوێ، وە بە بۆنەی ئامرازی (ی) پەیوەندیەوە، وەسفی مەوسوفەکەی ئەکا، وەك:

(هەشت یەکی گوندەکە) (پێنج یەکی ئاشەکە)

## ٦ـ ئاوەڵناوی پرسیاری INTER ROGTIVE ADJECTIVE

ئەو ئاوڵناوانەن کە ئەخرێنە پاڵ ناوەوە، بۆ پرسیار لە کەسێ یا شتێ، وەك:

**چ منالێکی تەوەزەل لە بەراوردا دەرئەچێ؟**

لەم ڕستەیەدا وشەی (چ) ئاوەڵناوی پرسیارییە، چونکە لە شێوەیەکی پرسیاردا، سیفەی (منالْ)ی تەعین کردوە، وە هەرچی ئاوەڵناوی پرسیاریش هەیە، ئەمانەن:

١ـ (چەن، چەند، چەنگ)، وەك:

**چەن کوڕێ؟ چەند جارێ؟ چەنگ هەنگاوێ؟**

٢ـ چ = CI ، وەك:

**چ کاتێ باران بە لێزمە ئەبارێ. (چ کاتێ)**

٣ـ (چی)، وەك:

**سەبەتەی چی؟ پیاوی چی ڕووناکی چی؟**

٤ـ (چۆن)، وەك:

**چۆن وڵاتێ؟ وڵاتێکی چۆن؟**

٥ـ (کام)، وەك:

**کام کۆسپ؟ کام شێوەی جوان؟ کام خانو؟**

لەم ئاوەڵناوانەدا:

١ـ (چەن، چەند، چەنگ، چ، چۆن، کام) پێش مەسوفەکەیان ئەکەن، وە بەبێ هۆ، وەسفی ئەو وشەیە ئەکەن کە ئەخرێتە پاڵی، وەك:

**چەند چیا؟ چ شارێ؟ کام جوتیار؟ چۆن پیاوێ؟**

٢ـ (چی، چۆن) دوا مەوسوفەکەیان ئەکەون، بەڵام بەهۆی ئامرازی (ی) پەیوەندیەوە، وەسفی ئەو وشەیە ئەکەن، کە ئەخرێتە پاڵی، وەك:

**خۆراکی چی؟ پیاوەتی چی؟ سێوی چۆن؟ ئەسپی چۆن؟**

٣ـ ئاوەڵناوی پرسیاری جگە لەوەی کە وەسفی ناوێ یا ڕاناوێ ئەکەن، لە ڕستەدا:

أ ـ (چەند، چی، چۆن، کام) ئەبنە تەواوکەری سەربەخۆی کاری بێ هێز (مسند ناقص)، وەك:

**ئەم هەنارە چەندە؟ (چەند)**

**ئەمە چی بوو؟ (چی)**

**ئێوە چۆنن؟ (چۆن)**

**جێیەکەی من کامەیە؟ (کامە)**

ب ـ (چەند، کام) ئەبنە تەواوکەری یاریدەدراوی کاری بێ هێز (مسند ناقص) وەك:

**کیلۆی ئەو ترێیە بە چەندە (چەند)**

**پێ نووسەکەی من لەلای کامتانە (کام)**

## پرسیاری ٥٧

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە، لەپاشا هەرچی ئاوەڵناوێکی تیا ئەبینی سەرو هێڵی بەژێرا بکێشە، دواییش بە پێی بابەتەکانیان ڕێکیان بخە:

**١ـ هەرمێ زل بکرە.**

**٢ـ ئەم کۆترە سپی یە.**

**٣ـ هەموو زەوی یەکەم کێڵا .**

**٤ـ پیاوی چی ئەڵی کەوڵە مەڕە .**

**٥ـ دووجار چووم بۆ هەورامان. ٦ـ بارام لە ئارام گەورەترە.**

**٧ـ دوا کڵاوی بابردوو مەکەوە . ٨ـ شەشەم درەخت ببوێرە.**

**٩ـ ئەچن بۆ چ باخێ؟ ١٠ـ هەندێ تۆوم لێرە دانابوو.**

## پرسیاری ٥٨

أ ـ گەورە ب ـ گەورەتر، گەورەترین

دەتوش ئەم ئاوەڵناوانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

سوور، باش، گەش، سەخت، سارد، تەخت، جوان، بەرز

## پرسیاری ٥٩

أ ـ هەموو باڵندەکان فڕین ب ـ باڵندەکان هەموویان فڕین

دە تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

**١ـ هیچ مەڕێ سەرمەبڕە .**

**٢ـ هەندێ کەو بکڕە .**

**٣ـ کام کەوات ئەوێ .**

**٤ـ گشت درەختەکان مەتەکێنە.**

**٥ـ هەموو ئەستێرەیەك بە شەو هەڵ دێ.**

**٦ـ چەند هێلانەیەك ڕووخا.**

## پرسیاری ٦٠

أ ـ بەرخێکی جوان ب ـ بەرخە جوانەکان، ئەم بەرخە جوانانە

دە تۆش ئەم دەستەواژانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

چیای سەخت، بەرازێکی سەرزل، منالێکی چەپەڵ، ئافرەتێکی داوێن پاك، مانگایەکی لەڕ، هەنارێکی ترش، شارێکی خۆش.

## پرسیاری ٦١

ئەم ئاوەڵناوانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:

هار، چ، نازەنین، چەن، دڕ

* ............جوانی شەهید وا لەژێر قەبرا × چەندجا بۆ ئەوان پەردەی دڵ دڕا

* کۆرپە........... گوڵ خونچەی بەهار × وەنەوشەی چیمەن شەوبۆی لانزار.

* ئاخۆ بە............ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من

یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من

* ڕێوی و مەڕن لەبەردەمی بێگانەدا، کەچی:

وەك گورگی .......... و شێری .......... ی بەینی خۆ بەخۆن !

## چوارەم: چاوگ INFINITIVE

چاوگ ئێسکی (صیغە) فرمانە و تام و بۆی ناو ئەدا، وە تەماشای زەمانی تیا ناکرێ، وەک:

**فرۆشتن لەخواستن چاکترە .**

لەم ڕستەیەدا وشەی (فرۆشتن) ناوە، چونکە بکەرە لە ڕستەکەدا، فرمانیشە، چونکە بەیانی کارێ ئەکا، وە نیشانەی چاوگ لە کوردیدا:

١ـ وشەکە کۆتایی بە پیتە پاشگری:

أ ـ (ان = AN) **هاتبێ**، وەک:

گلان، کێشان، سووتان، تەقان

ب ـ (ین = AN) **هاتبێ**، وەک:

وەرین، کڕین، فڕین، داماڵین

ج ـ (تن = TIN) **هاتبێ**، وەک:

گرتن، کوشتن، خستن، چەشتن

د ـ (دن = DIN) **هاتبێ**، وەک:

چەقاندن، مردن، خووراندن، ژماردن

هـ ـ (وون = UN) **هاتبێ**، وەک:

بوون، چوون، گروون، دروون

٢ـ وشەکە تەسریف نەکرێ.

٣ـ وشەکە ئەگەر پیتە پاشگری (ن)ی لێ فڕێ درا، یەکسەر ببێتە فرمانی ڕابووردووی شهودی لە سیغەی موفرەدی غائبا، وەک:

| **چاوگ** | **فرمان** |
|---|---|
| خستن | خست (فەرهاد چراکەی خست) |
| سڕین | سڕی (دارا تەختەکەی سڕی) |

## جۆرەکانی چاوگKINDS OF INFINITIVE

چاوگ بە پێ ی زۆرو کەمی وشەکانی دوو بابەتە:

**١ـ چاوگی سادە:** ئەو چاوگەیە کە ڕیشەیەکی هەیە و کۆتایی بە یەکێ لەم پیتە پاشگرانە دێ (ان، ین، تن، دن، وون)، وەك:

کێڵان، پژمین، نووستن، بردن، جوون

**٢ـ چاوگی لێکدراو:** ئەو چاوگەیە کە لە ڕیشەیەك پتری هەیە، وەك:

سەربڕین، ڕێ پێ گرتن، داگرتن، لەدایك بوون

وە چاوگی لێکدراو لە زمانی ئێمەدا، ئەلوێ:

١ـ لە ناوێك و چاوگێکی سادە پێك بێ، وەك:

یاری کردن، ژن هێنان، چیرۆك نووسین

٢ـ لە ئاوەڵناوێك و چاوگێکی سادە پێك بێ، وەك:

چاك کردن، سووربوون، خێرا ڕۆیشتن

٣ـ لە ئاوەڵکارێك و چاوگێکی سادە پێك بێ، وەك:

وەرگەڕان، پێ کەنین، هەڵ پەڕین

٤ـ لە ئامرازێکی پەیوەندی سادە یا لێکدراو، وە چاوگێکی سادە، پێك بێ، وەك:

لەبەرکردن، لەناوبردن، لێ دان

٥ـ لە ناوێك و ئامرازێكی پەیوەندی و چاوگێكی سادە، پێك بێ، وەك:

دەست لێ دان، ڕێ پێ گرتن، چاو لێ پۆشین

٦ـ لە ئامرازێكی پەیوەندی و ناوێك و چاوگێ پێك بێ، وەك:

لەدایك بوون، لەپێ كردن، لە ئەسپ دابەزین

٧ـ لە ناوێ یا ئاوەڵناوێ یا ئامرازێكی پەیوەندی و چاوگێكی سادە و ئاوەڵكاری پێك بێ، وەك:

تەنگ پێ هەڵ چنین، پێ لێ هەڵ بڕین، چاو لێ داگرتن

## چاوگی تێنەپەڕ ـ چاوگی تێپەڕ

چاوگە بەو پێ یەی کە سەرچاوەی فرمانە، ئەکرێ بەدوو بابەتەوە:

**١ـ چاوگی تێنەپەڕ:** ئەو چاوگەیە کە فرمانی تێنەپەڕی لێ دروست ئەکرێ، وەك:

| **چاوگ** | **فرمان** | |
|---|---|---|
| ڕژان | ڕژا | (دۆیەکە ڕژا) |
| خشان | خشا | (مارەکە خشا) |

**٢ـ چاوگی تێپەڕ:** ئەو چاوگەیە، کە فرمانی تێپەڕی لێ دروست ئەکرێ، وەك:

| **چاوگ** | **فرمان** | |
|---|---|---|
| ڕستن | ڕست | (نەنە خاتون خورییەکەی ڕست) |

| | | |
|---|---|---|
| داپۆشین | داپۆشی | (گەنمەکەم داپۆشی) |

## گۆڕینی چاوگی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ

١ـ ئەگەر چاوگە تێنەپەڕەکە، کۆتایی بە پیتە پاشگری (ان =AN) هات بوو، وەك: (خشان، ڕژان) بە پیتە پاشگری (دن = DIN) ئەبێ بە تێپەڕ، وەك:

| **چاوگی تێ نەپەڕ** | **چاوگی تێ پەڕ** |
|---|---|
| شلّەقان | شلّەقان + دن = شلّەقاندن |
| سووتان | سووتاندن |
| پیشان | پیشاندن |

٢ـ ئەگەر چاوگی تێنەپەڕەکە، کۆتایی بە پیتە پاشگری (ین = YN) هات بوو، ئەوا بەم دوو ڕێگایە ئەکرێ بە تێپەڕ.

| **چاوگی تێ نەپەڕ** | | **چاوگی تێ پەڕ** |
|---|---|---|
| **یایی** | **ئەلفی** | |
| وەرین | وەران | وەران + دن = وەراندن |
| تەپین | تەپان | تەپان + دن = تەپاندن |
| تەقین | تەقان | تەقان + دن = تەقاندن |

ب ـ بە فرێدانی پیتە پاشگری (ین) لە چاوگەکە، وە لکاندنی پیتە پاشگری (اندن) بە دوایەکەیەوە، وەك:

| **چاوگی تێ نەپەڕ** | **چاوگی تێ پەڕ** |
|---|---|
| وەرین (وەر) | وەر + اندن = وەراندن |
| تەپین (تەپ) | تەپ + اندن = تەپاندن |
| تەقین (تەق) | تەق + اندن + تەقاندن |

٣ـ ئەگەر چاوگە تێنەپەڕەکە، کۆتایی بە پیتە پاشگری (دن، تن، ووت) هات بوو، لەبەر ئەوەی کە بنۆشایەکی ڕێك نییە بۆ ئەوەی پێی بکرێ بە (تێپەڕ)، تەنیا ئەوەندە ئەخەینە پێش چاو کە ئەگەر گوێزانەوە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ کۆتاییان بە پیتە پاشگری (اندن) دێ، وەك:

| **چاوگی تێ نەپەڕ** | **چاوگی تێ پەڕ** |
|---|---|
| خەوتن (خەو) | خەواندن |
| گەیشتن (گەیـ) | گەیاندن |
| مردن (مر) | مراندن |

## ئەرکی چاوگ چییە لە ڕستەدا؟

چاوگ لەڕستەدا، سادە بێ یا لێکدراو:

١ـ ئەبێتە (بکەر)، وەك: (چیرۆك نووسین هونەرە).

٢ـ ئەبێتە:ـ

أ ـ تەواوکەری سەربەخۆی فرمانی بەهێز، وەك:

**باران بارینم لە هاوینا کەم دیوە. (باران بارین)**

ب ـ تەواوکەری سەربەخۆی فرمانی بێ هێز، وەك:

**ئەمە دانیشتنە . (دانیشتن)**

٣ـ ئەبێتە :ـ

أ ـ تەواوکەری یاریدەدراوی فرمانی بەهێز، وەك:

**ئەچم بۆ سەردانی باوکم. (سەردان)**

ب ـ تەواوکەری یاریدەدراوی فرمانی بێ هێز، وەك:

**ڕۆن بە کێشانە . (بەکێشان)**

٤ـ ئەبێتە تەواوکەری ناو (موزافو ئیلەیهی)، وەك:

**کارگەی چنین بەسوودە. (چنین)**

## سەربـاری چاوگ چییە؟

سەرباری چاوگ:

١ـ ئەلوێ (ناو) بێ، وەك:

**هاتنی بارام، ڕۆیشتنی نەسرین، پێش کەوتنی نیشتمان.**

٢ـ ئەلوێ (ڕاناو) بێ، وەك:

**نووسینەکەی تۆ، خەوتنەکەی من، ڕاوەستانەکەی ئێوە.**

٣ـ ئەلوێ (ئاوەڵکار) بێ، وەك:

**باران بارینی پار، خەوتنی نێوەڕوان، هەڵسانی بەیانیان .**

**هەروەها** (چاوگ) وەك (ناو):

١ـ پیتە پێ ناسی شوناس وە نەشوناس وەرئەگرێ، وەك:

نووسین (نووسینێ، نووسینێك، نووسینەکە)

٢ـ ئامرازی گەلیش وەرئەگرێ، وەك:

هەڵ پەڕین (هەڵ پەڕینەکان، ئەم هەڵ پەڕینانە)

٣ـ پیتە پاشگری (ەوە) وەرئەگرێ، وەك:

ڕۆیشتن (ڕۆیشتنەوە)، کردن (کردنەوە)

**ڕەگی فرمان ـ چی یە؟** ROOTS OF VERB

ئەو پیتە یا پیتانە کە لەچاوگێکی سادە یا لێکدراو ئەمێنێتەوە، لەدوا ئەوەی کە پیتە پاشگری (ان، ین، تن، دن، وون)ی لێ ئەکرتێنرێ پێی ئەبێژرێ (ڕەگی فرمان)، وەك:

| **چاوگ** | **ڕەگی فرمان** |
|---|---|
| پێوان | پێو |
| وەڕین | وەڕ |
| گەستن | گەس (گەز) |
| مردن | مر |
| بوون | بـ |

ئەوا لێرەدا بەدوور و درێژی ڕەگی هەندێ چاوگ ئەخەینە پێش چاو:

١ـ ڕەگی ئەو چاوگانەی کە کوتاییان بە پیتە پاشگری (ان) دێ:

أ ـ **چاوگی تێ پەڕ**     **ب ـ چاوگی تێ نەپەڕ**

| چاوگ | ڕەگەکەی | چاوگ | ڕەگەکەی |
|---|---|---|---|
| کێڵان | کێڵ | ڕووشان | ڕووش |
| گێران | گێر | خووسان | خووس |
| شێڵان | شێڵ | ئاڵۆزان | ئاڵۆز |
| کێشان | کێش | گەڕان | گەڕ |

٢ـ ڕەگی ئەوچاوگانەی کە کۆتاییان بە پیتە پاشگری (ین) دێ:

**اـ چاوگی تێ پەڕ** — **ب ـ چاوگی تێ نەپەڕ**

| چاوگ | ڕەگەکەی | چاوگ | ڕەگەکەی |
|---|---|---|---|
| داپۆشین | داپۆش | پژمین | پژم |
| تاشین | تاش | فڕین | فڕ |
| هەڵلووشین | هەڵلووش | تەپین | تەپ |
| نووسین | نووس | چەقین | چەق |

٣ـ ڕەگی ئەو چاوگانەی کە کۆتاییان بە پیتە پاشگری (دن) دێ:

**أ ـ چاوگی تێ پەڕ** — **ب ـ چاوگی تێ نەپەڕ**

| چاوگ | ڕەگەکەی | چاوگ | ڕەگەکەی |
|---|---|---|---|
| ژماردن | ژمار (ژمێر) | مردن | مر |
| بواردن | بوار (بوێر) | | |
| بەزاندن | بەزان (بەزێن) | | |
| چەقاندن | چەقان (چەقێن) | | |

٤ـ ڕەگی ئەو چاوگانەی کە کۆتاییان بە پیتە پاشگری (تن) دێ:

| ا- چاوگی تێ پەڕ | | ب - چاوگی تێ نەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| **چاوگ** | **ڕەگەکەی** | **چاوگ** | **ڕەگەکەی** |
| گرتن | گر | خەوتن | خەو |
| فرۆشتن | فرۆش | کەوتن | کەو |
| بیستن | بیس | ڕۆیشتن | ڕۆیش (ڕۆ) |
| کرۆشتن | کرۆش | گەییشتن | گەییش(گە) |

٥- ڕەگی ئەو چاوگانەی کە کۆتاییان بە پیتە پاشگری (وون) دێ:

| **چاوگ** | **ڕەگەکەی** |
|---|---|
| چوون | چـ |
| بوون | بـ |

وە ئەوانەی کە لەم بنواشانە (قاعیدانە) لا ئەدەن، پتر لەو پیتە پاشگرانەی کە لێ یان دووایین (ان، ین، تن، دن، وون)یان لێ فڕێ ئەدرێ،پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی فرە و شارەزاییەکی باش هەیە لە فیۆلۆجی زمانی کوردی و ئەو زمانانەی کە لەگەڵ زمانی کوردی دا، هاوڕەگن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا ئەوا لە هەندێ لەو چاوگانە ئەدوێین کە لە بنواشە لائەدەبن:

| **چاوگی تێ پەڕ** | **ڕەگەکەی** | **چاوگی تێ نەپەڕ** | **ڕەگەکەی** |
|---|---|---|---|
| چەشتن | (چەش) (چەژ) | ڕۆیشتن | ڕۆیشت (ڕۆ) |
| گروون | گروو | نووستن | نووس (نوو) |
| خواستن | خواس (خواز) | ڕشتن | ڕش (ڕێژ) |
| ڕستن | ڕس (ڕێس) | | |

| | |
|---|---|
| خستن | خس (خـ، خە، خا) |
| کردن | کر (کە، کا) |
| خواردن | خوار (خۆ، خوا) |

## پیتە پاشگری ڕەگی فرمان

ڕەگی فرمان سادە بێ یا لێکدراو ئەم پیتە پاشگرانە، وەرئەگرێ:

١ـ پیتە پاشگری (ان، ین، تن، دن، وون)، ڕەگەکەی پێ ئەبێ بە چاوگ، وەك:

| **ڕەگی فرمان** | **چاوگ** |
|---|---|
| پێو | پێو + ان = پێوان |
| هەڵ واس | هەڵ واس + ین = هەڵ واسین |
| گەس (گەز) | گەز + تن = گەزتن |
| بوێر ( بوار) | بوار + دن = بواردن |
| چـ | چـ + وون = چوون |

٢ـ پیتە پاشگری (ە) پێی ئەبێ بە (ناو)، وەك:

وەڕ    وەڕە    وەڕەوەڕ

٣ـ پیتە پاشگری (ەك)، وەك:

ڕوو    ڕووەك

٤ـ پیتە پاشگری (ۆك)، پێی ئەبێ بە (ناو)، وەك:

خش    خشۆك

٥ـ پیتە پاشگری (ۆکە)، پێی ئەبێ بە (ناو)، وەك:

فڕ فڕۆکە

٦ـ پیتە پاشگری (کە) پێی ئەبێ بە (ناو)، وەك:

شەل شەلکە

٧ـ پیتە پاشگری (گە) پێی ئەبێ بە (ناو) بۆ جێگا، وەك:

فڕ فڕگە

٨ـ پیتە پاشگری (یار) پێی ئەبێ بە (ناو) یا (ئاوەڵناو)، وەك:

فرۆش فرۆشیار

٩ـ پیتە پاشگری (ندە، نگە) پێی ئەبێ بە (ئاوەڵناو)، وەك:

بڕ بڕندە بڕنگە

١٠ـ پیتە پاشگری (ن = IN) پێی ئەبێ بە (ئاوەڵناو)، وەك:

نووز نووزن

١١ـ پیتە پاشگری (ار) پێی ئەبێ بە ناو، وەك:

ووت ووتار

١٢ـ پیتە پاشگری (ا) پێی ئەبێ بە ناوی بکەر، وەك:

زان زانا

١٣ـ پیتە پاشگری (انە) پێی ئەبێ بەناو، وەك:

لەرز لەرزانە

١٤ـ پیتە پاشگری (ەمەنی) پێی ئەبێ بە ناو، وەك:

سووت سووتەمەنی

١٥- پیتە پاشگری (ڕا) ڕەگی فرمانی ڕابووردووی تێ پەڕی (مەعلوم)ی پێ ئەبێ بە مەجهول، وەك:

کێڵ          کێڵڕا

١٦- پیتە پاشگری (ڕاو) ڕەگی فرمانی ڕابووری تێ پەڕی پێ ئەکرێ بە ناوی کراو (اسم المفعلو)، وەك:

داپۆش، داپۆش + راو = داپۆرشراو

١٧- پیتە پاشگری (ڕێ) ڕەگی فرمانی (مضارع)ی ئیخباری و ئیلزامی تێ پەڕی مەعلومی پێ ئەکرێ بە مەجهول، وەك:

خوێن          ئە + خوێن + رێ = ئەخوێنرێ

بـ + خوێن + رێ = بخوێنرێ

١٨- پیتە پاشگری (ەر) پێی ئەبێ بە ناوی بکەر، وەك:

بەخش          بەخش + ەر = بەخشەر

١٩- پیتە پاشگری (اندن) ڕەگی تێ نەپەڕی پێ ئەبێ بە تێ پەڕ، وەك:

وەر          وەر + اندن = وەراندن

## پێنجەم : فرمان VERB

فرمان ئەو وشەیەیە کە خەبەری پێ لە کاری کەسێك یا شتێ ئەدرێ لە تافێکا، وەك:

**نازەنین نووست .**

لەم ڕستەیەدا، وشەی (نووست) فرمانە، چونکە خەبەری کارێکی پێ لە (نازەنین) دراوە، لە دەمی ڕابووردوودا، فرمانیش بە پێی (تێپەڕ) و (تێنەپەڕ)ی دوو بابەتە:

**١ـ فرمانی تێپەڕ:** ئەو فرمانەیە کە ئەسەرەکەی لە (بکەر ـ منداڵیە)وە، جوێ ئەبێتەوە بۆ کەسێ یا شتێکی تر، وەك:

**دارا نەمامەکەی ناشت .**

لەم ڕستەیەدا: ئەسەری ناشتنەکە لە داراوە جوێ بۆتەوە بۆ نەمامەکە.

**٢ـ فرمانی تێنەپەڕ:** ئەو فرمانەیە کە ئەسەرەکەی لە (بکەر ـ منداڵیە)وە، جوێ نابێتەوە بۆ کەسێ یا شتێکی تر، وەك:

**سوارەکە گلا .**

لەم ڕستەیەدا ئەسری گلانەکە لە سوارەکە جوێ نەبۆتەوە بۆ کەسێ یا شتێکی تر.

## فرمانی سادە ـ فرمانی لێکدراو

فرمانی (تێپەڕ) بێ یا (تێنەپەڕ) بە پێی زۆر و کەمی ئەو وشانەی کە لێی پێك هاتووە، ئەکرێن بە دوو جۆرەوە:

**١ـ فرمانی سادە** SIMPLE VERB: ئەو فرمانەیە کە تەنیا ڕیشەیەکی هەیە (واتە: لە واژەیەك پێك هاتووە)، وەك:

کەوت، خست، شێوە، گرت، خووسا

**٢ـ فرمانی لێکدراو** COMPOUND VERB: ئەو فرمانەیە کە دوو ڕیشە یان پتری هەیە، (واتە: لەدوو واژە یا پتر پێك هاتووە)، وەك:

هەڵ ئەفڕێ، لەدایك بوو، دانیشت، پێ ئەکەنێ.

فرمانی لێکدراو :

أ ـ ئەلوێ لە ناوێك، وە یا لە ناوێك و ئامرازێکی پێ بەست و فرمانی سادە پێك هاتبێ [1]، وەك:

یاری کرد، لەدایك بوو، نوێژی کرد، لەسەرم کرد.

ب ـ ئەلوێ لە فرمانێکی سادە و یەکێ لەم ئاوەڵکارانە پێك هاتبێ:

١ـ (هەڵ): هەڵ کەوت، هەڵ بوو، هەڵ نیشت

٢ـ (دا): دابوو، داچوو، داگرت

٣ـ (ڕا): ڕائەوەستێ، ڕائەبوێرێ، ڕاخست

٤ـ (ڕۆ): ڕۆکرد، ڕۆچوو، ڕۆبوو

---

[1] – چاوگی لێکدراو لەچی پێك هاتبێ، فرمانی لێکدراوی لەوە پێك دێ.

٥- (پێش): پێش کەوت، پێش خست

٦- (بەر): بەرگرت، بەرکەوت، بەربوو

٧- (سەر): سەرکەوت، سەرخست، سەربڕی

٨- (ڕێ): ڕێ کەوت، ڕێ خست

٩- (پاش، دوا): پاش کەوت، دواکەوت

١٠- (ژێر، بن): ژێر کەوت، بن کەوت

١١- (دەر): دەرپەڕی، دەرئەچێ، دەربوو

١٢- (لا): لاچۆ، لابە

ج - ئەلوێ لە ئامرازی پەیوەندی و فرمانێکی سادە پێك هاتبێ، وەك:

١- (پێ): کە لە بری (بە) بەکارئەهێنرێ، وەك:

پێم ووت (واتە: بە دارام ووت)

٢- (تێ): کە لە بری (لە) بەکارئەهێنرێ، وەك:

تێم گرت (واتە: بەردەکەم لە دارا گرت)

٣- (لێ): کە لە بری (لە) بەکارئەهێنرێ، وەك:

خۆم لێ ئاشکراکرد (واتە: خۆم لە دارا ئاشکرا کرد)

## فرمانی مەعلوم ـ فرمانی مەجهول

**١ـ فرمانی مەعلوم** THE ACTIVE VOICE: ئەو فرمانانەیە كە (بكەر ـ مسندالّیە)كەی لە ڕستەدا، دەرئەكەوێ، وەك:

**باخەوانەكە گوڵ ئەڕوێنێ .**

لەم ڕستەیەدا: فرمانی (ئەڕوێنێ) فرمانێكی مەعلومە، چونكە (مسندالّیە)كەی كە باخەوانەكەیە، دیارە.

**٢ـ فرمانی مەجهول** THE PASSIVE VOICE: ئەو فرمانەیە كە (مسندالیە)كەی لە ڕستەدا، دەرناكەوێ، تەواوكەر (مفعول)ەكەی جێی مسندالیەكەی ئەگرێ، وەك:

**گوڵ ئەڕوێنرێ .**

لەم ڕستەیەدا: فرمانی (ئەڕوێنێ) مەجهولە، چونكە مسندالیە خۆی دیار نییە، بەڵام تەواوكەری فرمانەكە، كە (گوڵ)ەكەیە، لە دوا ئەوەی كە شێوەی فرمانەكەی بۆ گۆڕ ـ ڕاوە، بۆتە مسندلیە.

ڕستەی مەعلوم چون ئەكرێ بە مەجهول

ئەگەر ویسرا ڕستەی معلوم بكرێ بە مەجهول، ئەشێ:

١ـ بكەری ڕستەی مەعلومەكە فڕێ بدرێ .

٢ـ تەواوكەرە (مفعول)ی فرمانە مەعلومەكە بخرێتە جێی بكەرە دەرهاوێژراوەكە.

٣ـ شێوەی فرمانەکەی بۆ بگۆڕ ـ ڕێ، فرمانی ڕابووردوو بە پیتە پاشگری (را)، وە موزاریعی ئەخباری و ئیلزامی بە پیتە پاشگری (رێ) ئەکرێ بە مەجهول، وەك:

| ( أ ) | (ب) |
| --- | --- |
| **دارا گەنمەکەی پێوا** | **گەنمەکە پێورا (را)** |
| **پرشنگ گۆشت ئەجنێ** | **گۆشت ئەجنرێ (رێ)** |

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی (أ) و ڕستەکانی (ب) ئەبینین:

١ـ لە ڕستەکانی ( أ )دا، مسندالیەکانیان کە (دارا) و (پرشنگ)ە، دیارن.

٢ـ بەڵام لە ڕستەکانی (ب)دا، (دارا) و (پرشنگ) دەرهاوێژراون، وە وشەی (گەنمەکە) و (گۆشت)یان خراونەجێ.

٣ـ فرمانی (پێوا) و (ئەجنێ) ڕستەکانی (أ)، لە ڕستەکانی (ب)دان بووە بە (پێورا) و (ئەجنرێ)، فرمانی (پێورا) بە پیتە پاشگری (را)، وە فرمانی (ئەجنرێ) بە پیتە پاشگری (رێ).

## سەربارى فرمان چییە؟

سەرباری فرمان:

١ـ ئەلوێ (وشەیەك) بێ، جا دروستە وشەکە (ناو، ڕاناو، ئاوەڵکار)، بێ، بەهۆی ئامرازی پێ بەستەوە، وەیا بەبێ هۆ وشەکە بێتە سەرباری فرمانەکە، وەك:

**چنور هەرمێ ئەخوا . (هەرمێ)**

**ئەو تۆی نەدی بوو . (تۆ)**

**شۆڕشەکە درەنگ هەڵ گیرسا .(درەنگ)**

٢ـ ئەلوێ (دەستەواژەیەك) بێ، وەك:

**مارەکە بەناو گیاکەدا خشا. (بەناو گیاکەدا)**

**ئەمانەی تۆم نەدی بوو . (ئەمانەی تۆ)**

**سوارەکە بە پڕتاو هات . (بە پڕتاو)**

**بابیز بەمنی ووت: نووسراوەکەم خوێندەوە .**

**کە چوومە ناو باخەکە، چاوم بە باخەوانەکە کەوت .**

## دەمەکانی فرمانTHE TENSES

فرمان لە زمانی ئێمەدا، بە پێی ئەو دەمانەی کە تیا ڕووئەدا، ئەتوانرێ بکرێ بە سێ بەشی سەرەکییەوە:

**١ـ فرمانی ڕابووردوو**

**٢ـ فرمانی دادێ**

**٣ـ فرمانی داخوازی**

### یەکەم: فرمانی ڕابووردوو

ئەو فرمانەیە کە خەبەری پێ لە کەسێ یا شتێ ئەدرێ لە تافێکا، وەك:

گلا، ترازابوو، ئەخووشا، ڕووشاوە، بچووایە

وە فرمانی ڕابووردووش پێنج بابەتی هەیە:

**١ـ فرمانی شهودی**

ئەو وشەیەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی فرمانێ ئەکا لە زەمانی ڕابووردوودا، وەك:

**پووشەکە سووتا (سووتا)**

بەڵام ئەم فرمانە:

١ـ چۆن دروست ئەکرێ؟

لە (چاوگی کرتێنراو [1] + ڕاناوی کەسی لکاو)، وەك:

| **چاوگ** | **چاوگی کرتێنراو** | |
|---|---|---|
| هەڵ تووتان | هەڵ تووتا | **من هەڵ تووتام ـ ئێمە هەڵ تووتاین** |
| | | **تۆ هەڵ تووتای ـ ئێوە هەڵ تووتان** |
| | | **ئەو هەڵ تووتا ـ ئەوان هەڵ تووتان** |

٢ـ چۆن ڕاناوی سەرئەخرێ؟

١ـ لە فرمانی (تێ نەپەڕ)دا، موسبەت بێ یا مەنفی، ڕاناوە لکاوەکان ئەنووسێنرێ بەدوایەکەیەوە، وەك:

**من نووستم (م)** **تۆ نووستیت (یت)** **ئەو نووست (٠)**

**ئێمە نەنووستین (ین)** **ئێوە نەنووستن (ن)** **ئەوان نەنووستن (ن)**

٢ـ لە فرمانی (تێپەڕ)دا، وەك:

---

[1]ـ چاوگی کرتێنراو، بەو چاوگە ئەبێژرێ، نوونەکەی لێ فرێ بدرێ.

أ ـ موسبەت بێ و تەواوکەرەکەی ناونەبرێ، ڕاناوە کەسی یەکان ئەنووسێنرێ بە فرمانەکەوە، وەك:

**من کێلام تۆ کێڵات ئەو کێڵای**

**ئێمە کێلامان ئێوە کێلاتان ئەوان کێلایان**

ب ـ مەنفی بێ و تەواوکەرەکەی ناونەبرێ، ڕاناوە کەسی یەکان ئەلکێنرێ بە ئامرازی (نەفی)یەکەوە، وەك:

**من نەم دی تۆ نەت دی ئەو نەی دی**

**ئێمە نەمان دی ئێوە نەتان دی ئەوان نەیان دی**

ج ـ موسبەت بێ یا مەنفی، تەواوکەری ناو برابێ، ڕاناوە کەسییەکان ئەنووسێنرێ بە تەواوکەرەکە (مفعول)وە، وەك:

**من ئاردەکەم هاڕی. تۆ ئاردەکەت هاڕی. ئەو ئاردەکەی هاڕی.**

**ئێمە ئاردەکەمان نەهاڕی. ئێوە ئاردەکەتان نەهاڕی. ئەوان ئاردەکەیان نەهاڕی.**

٣ـ چۆن بەکارئەهێنرێ؟

١ـ بۆ ڕوودانی کارێکی موعەیەن لە ڕابووردوودا، وەك:

**بابیز پێرێ چوو بۆ شارەزوور .**

٢ـ بۆ ڕوودانی کارێ لەکاتی ئاخاوتنا، وەك:

**ئەوا تانجییەکە کەروێشکەکەی گرت.**

٣ـ بۆ ڕوودانی کارێ لە ئایندەدا، کە چاوەڕێی ڕوودانی بکرێ، وەك:

**ئەگەر چوویت بۆ بازاڕ، تۆزێ قۆخ بکڕە .**

٤ـ بۆ ڕوودانی دوو کار بەدوایەکا، وە بەبێ ووچان، وەك:

**کە دەرمانەکەم خوارد، خەوم لێ کەوت .**

٥ـ بۆ ڕوودانی کارێ کە وەختبێ ڕوو بدا، وەك:

**هاتم. (لە وەرامی کەسێکا کە بانگت بکا)**

## ٢ ـ فرمانی نزیك

ئەو وشەیەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ ئەکا، لە ڕابووردوویەکی نزیکا، وەك:

**گەڵای دارەکە وەریوە. (وەریوە)**

بەڵام ئەم فرمانە:

١ـ چۆن دروست ئەکرێ؟

أ ـ لە چاوگی کرتێنراوی تێنەپەڕ و پیتە پاشگری (وو) و ڕاناوی کەسی لکاو بە ڕێز دروست ئەکرێ، وەك:

| چاوگ | چاوگی کرتێنراو | پیتە پاشگری |
| --- | --- | --- |
| کەوتن | کەوت + وو + ڕاناوی کەسی لکاو | |

**من کەوتووم (م) تۆ کەوتوویت (یت) ئەو کەوتووە (ە)**

**ئێمە کەوتووین (ین) ئێوە کەوتوون(ن) ئەوان کەوتوون (ن)**

ب ـ لە چاوگی کرتێنراوی تێپەڕ و پیتە پاشگری (و) و ڕاناوی کەسی لکاو و پیتە پاشگری (ە)، وەك:

| چاوگ | چاوگی کرتێنراو | پیتە پاشگری (و) | پیتە پاشگری (ە) |
| --- | --- | --- | --- |
| کڕین | کڕی + | و + | ڕاناوی کەسی لکاوە |

**من کڕیومە (م) تۆ کڕیوتە (ت) ئەو کڕیویە (ی)**

**ئێمە کڕیومانە (مان)    ئێوە کڕیوتانە (تان)    ئەوان کڕیویانە (یان)**

٢ـ ڕاناوی چۆن سەر ئەخرێ؟

١ـ لە فرمانی (تێنەپەڕ)دا، موسبەت بێ یا مەنفی ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بەدوایەکەوە، وەك:

**من هاتووم (م)    تۆ هاتوویت (یت)    ئەو هاتووە (ە)**

**ئێمە هاتووین (ن)    ئێوە هاتوون (ن)    ئەوان هاتوون (ن)**

٢ـ لە فرمانی (تێ پەڕ)دا:

أ ـ موسبەت بێ و تەواوکەرەکە ناو نەبرێ، ڕاناوە کەسییەکان ئەخرێتە بەینی پیتە پاشگری (و) و (ە)وەوە، وەك:

**من جنیومە (م)    تۆ جنیوتە (ت)    ئەو جنیویە[(١)] (ی)**

**ئێمە جنیومانە (مان)    ئێوە جنیوتانە (تان)    ئەوان جنیویانە (یان)**

ب ـ مەنفی بێ و تەواوکەرەکەی[(٢)] ناو ئەبرێ، ڕاناوە کەسییەکان ئەخرێتە دوا ئاوەڵکاری (نە)ی نەفیەکەوە، وەك:

**من نەمماڵیوە (م)    تۆ نەت ماڵیوە    ئەو نەی ماڵیوە (ی)**

**ئێمە نەمان ماڵیوە (مان)    ئێوە نەتان ماڵیوە    ئەوان نەیان ماڵیوە (یان)**

ج ـ موسبەت بێ یا مەنفی، ئەگەر تەواوکەرەکەی ناوبرا، ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بەدوا (تەواوکەرەکەوە = مفعول)، وەك:

**من چراکەم نەشکاند.    تۆ چراکەت شکاند.    ئەو چراکەی شکاند.**

---

[١]– ئەشلرێ (جنیویەتی).

[٢]– تەواوکەر = مفعول بە.

**ئێمە چراکەمان شکاند. ئێوە چراکەتان نەشکاند. ئەوان چراکەتان نەشکاند.**

٣ـ چۆن بەکارئەهێنرێ؟

١ـ بۆ ڕوودانی کارێ کە لە ڕابووردوودا بە تەواوی ڕوویدابێ، وەك:

**نەمامەکەم ناشتووە.**

٢ـ بۆ ڕووانی کارێ لە ڕابووردوو دەستی پێ کردبێ و هەتا ئەو دەمەی کە قسەی تیا ئەکرێ هەر مابێ، وەك:

**هێشتا دایکم نەدیوە.**

٣ـ بۆ ڕوودانی کارێکی موعەیەن لە ڕابووردوودا، وەك:

**خانووەکەمان لەپارەوە فرۆشتووە.**

٤ـ بۆ ئیشارەت کردنە کەرێ کە لە ئایندەدا ڕووبدا، وەك:

**ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەت بینم کە بوویتە پیاو.**

٥ـ بۆ ڕوودانی کارێ بە گومانەوە (شك)، وەك:

**نازانم دارا هاتۆتەوە.**

٦ـ بۆ ڕوودانی کارێ کەوا تەسەور بکرێ، ڕووی داوە، وەك:

**وا بزانم پرشنگ لە بەراوردا دەرنەچووە.**

## ٣ـ ڕابووردووی دوور

ئەو وشەیەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ بکا، لە ڕابووردوویەکی دوورا، وەك:

**کە ئێوە (هات بوون)، من (چووبووم) بۆ لادێ .**

بەڵام ئەم فرمانە:

١ـ چۆن دروست ئەکرێ؟

لە چاوگی کرتێنراوی (تێ پەڕ) یا (تێ نەپەڕ) و فرمانی (بوو)ی بێهێز و ڕاناوی کەسی لکاو دروست ئەکرێ، وەك:

| **چاوگ** | **چاوگی کرتێنراو** | **فرمانی (بوو)ی بێ هێز** |
|---|---|---|
| ترسان | ترسا + | بوو + ڕاناوی کەسی |
| **من ترسابووم (م)** | **تۆ ترسابوویت (یت)** | **ئەو ترسابوو (...)** |
| **ئێمە ترسابووین (ین)** | **ئێوە ترسابوون (ن)** | **ئەوان ترسابوون (ن)** |

٢ـ ڕاناوی چۆن سەرئەخرێ؟

١ـ لە فرمانی (تێنەپەڕ)دا، موسبەت بێ یا مەنفی ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بەدوا فرمانی (بوو)ی بێ هێزەوە، وەك:

**من ڕۆیشت بووم (م)　تۆ ڕۆیشت بوویت (یت)　ئەو ڕۆیشت بوو (...)**

**ئێمە نەڕۆیشت بووین (ین)　ئێوە نەڕۆیشت بوون (ن)　ئەوان نەڕۆیشت بوون (ن)**

٢ـ لە فرمانی (تێ پەڕ)دا:

أ ـ موسبەت بێ و تەواوکەرەکەی ناو ئەبرێ، ڕاناوە کەسی یەکان ئەنووسێنرێ بەدوا فرمانی (بوو)ی بێ هێزەوە، وەك:

**من برژاندبووم (م)　تۆ برژاندبووت (ت)　ئەو برژاندبووی (ی)**

**ئێمە برژاندبوومان (مان)　ئێوە برژاندبووتان (تان)　ئەوان برژاندبوویان (یان)**

ب ـ مەنفی بێ و تەواوکەرەکەی ناو نەبرێ، ڕاناوە کەسییەکان ئەخرێتە دوا ئاوەڵکاری (نە)ی نەفیەوە، وەك:

**من نەم گرت بوو (م)　تۆ نەت گرت بوو　ئەوان نەیان گرت بوو (ی)**

**ئێمە نەمان گرت بوو (مان)    ئێوە نەتان گرت بوو    ئەوان نەیان گرت بوو (یان)**

ج ـ موسبەت بێ یا مەنفی، ئەگەر تەواوکەرەکەی ناوبرا، ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بەدوا (تەواوکەرەکەوە)، وەك:

**من پشتێنەکەم بەست بوو (م)    تۆ پشتێنەکەت بەست بوو (ت)**

**ئێمە پشتێنەکەمان نەبەست بوو (مان)  ئێوە پشتێنەکەتان نەبەست بوو (تان)**

**ئەو پشتێنەکەی نەبەست بوو (ی)    ئەوان پشتێنەکەیان بەست بوو (یان)**

## ٤ـ ڕابووردووی ئیستیمراری

ئەو فرمانەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودان و ئیستیمراری فرمانێ ئەکا لە زەمانی ڕابووردوودا، وەك:

**زەوییەکەم ئەکێڵا . (ئەکێڵا)**

بەڵام ئەم فرمانە:

١ـ چۆن دروست ئەکرێ؟

أ ـ پیتە پێشگری (ئە) و چاوگی کرتێنراوی تێنەپەڕ، وە ڕاناوی کەسی لکاو دروست ئەکرێ، وەك:

| **پیتە پێشگری (ئە)** | | **چاوگی کرتێنراو** | |
|---|---|---|---|
| ئە | + | چوو | + ڕاناوی کەسی لکاو |

**من ئەچووم (م)    تۆ ئەچوویت (یت)    ئەو ئەچوو (...)**

**ئێمە ئەچووین (ین)    ئێوە ئەچوون (ن)    ئەوان ئەچوون (ن)**

ب ـ لە پیتە پێشگری (ئە) و ڕاناوی کەسی لکاو، وە چاوگی کرتێنراو تێپەڕ، وەك:

**پیتە پێشگر** **چاوگی کرتێنراو**

ئە + ڕاناوی کەسی لکاو + نووسینی

**من ئەم نووسی (م) تۆ ئەت نووسی (ت) ئەو ئەی نووسی (ی)**

**ئێمە ئەمان نووسی (مان) ئێوە ئەتان نووسی (تان) ئەوان ئەیان نووسی (یان)**

٢ـ چۆن ڕاناوی سەرئەخرێ؟

١ـ لە فرمانی (تێنەپەڕ)دا، موسبەت بێ یا مەنفی ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ، بەدوا فرمانەوە، وەك:

**من ئەدوام (م) تۆ ئەدوای (ی) ئەو ئەدوا (...)**

**ئێمە ئەدواین (ین) ئێوە ئەدوان (ن) ئەوان ئەدوان (ن)**

٣ـ چۆن بەکارئەهێنرێ؟

بۆ ڕوودانی کارێ لە پێش کارێکا بەکارئەهێنرێ، وەك:

کە ئەوان خۆیان کردیە ئاواییەکەدا، ئێمە دەرباز بووبووین

٢ـ لە فرمانی (تێ پەڕ)دا:

أ ـ موسبەت بێ و تەواوکەرەکەی ناو نەبرێ، ڕاناوە کەسی یەکان ئەخرێتە دوا پیتە پێشگری (ئە)وە، وەك:

**من ئەم بیست (م) تۆ ئەت بیست (ت) ئەو ئەی بیست (ی)**

**ئێمە ئەمان بیست (مان) ئێوە ئەتان بیست (تان) ئەوان ئەیان بیست (یان)**

ب ـ مەنفی بێ و تەواوکەرەکەی ناونەبرێ، ڕاناوە کەسییەکان ئەخرێتە دوا ئاوەڵکاری (نە)وە، وەك:

**من نەم ئەخست (م) تۆ نەت ئەخست (ت) ئەو نەی ئەخست (ی)**

**ئێمە نەمان ئەخست (مان) ئێوە نەتان ئەخست (تان) ئەوان نەیان ئەخست (یان)**

ج ـ موسبەت بێ یا مەنفی، ئەگەر تەواوکەرەکەی ناوبرا، ڕاناوە کەسییەکان ئەخرێتە دوا تەواوکەرەکەوە، وەك:

**من گەنمەکەم ئەپێوا (م) تۆ گەنمەکەت ئەپێوا (ت)**

**ئێمە گەنمەکەمان ئەپێوا (مان) ئێوە گەنمەکەتان ئەپێوا (تان)**

**ئەو گەنمەکەی ئەپێوا (ی) ئەوان گەنمەکەیان ئەپێوا (یان)**

٣ـ چۆن بەکارئەهێنرێ؟

١ـ بۆ بەردەوامی فرمانەکە بەکارئەهێنرێ لە زەمانی ڕابووردوودا، وەك:

**کە من هاتم پووشەکە، ئەسووتا.**

٢ـ بۆ خووگرتن (تعود) بە فرمانێکەوە لە زەمانی ڕابووردوودا، وەك:

**پرشنگ هەتاماڵیان لە شاربوو، هەموو هاوینێ، ئەهات بۆ پێنجوێن .**

٣ـ بۆ نزیك بوونەوەی ڕوودانی فرمانێ لە ڕابووردوودا بەکارئەهێنرێ، وەك:

**ئەگەر دەرگاکەم دانەخستایە دزەکە دەرباز ئەبوو .**

## ٥ـ ڕابووردووی ئینشائی

ئەو فرمانەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ ئەکا، لە زەمانی ڕابووردوودا، چ لە وێنەی داخوازی دابێ، چ لە وێنەی گومان؟ چ لە وێنەی تکادا، وەك:

**ئەگەر بمدیایە، ئامۆژگاریم ئەکردی. (بمدیایە)**

**خۆزگە بچوومایە بۆلای. (بچومایە)**

بەلاَم ئەم فرمانە:

١ـ چۆن دروست ئەکرێ؟

أ ـ لە پیتە پێشگری (ب) و چاوگی کرتێنراوی تێ نەپەڕ، وە ڕاناوی کەسی لکاو، لەتەك پیتە پاشگری (ایە)دا، وەك:

| پیتە پێشگر | چاوگی کرتێنراو | پیتە پاشگر |
|---|---|---|
| ب | + خەوت | + ڕاناوی کەسی + ایە |

**خۆزگە من بخەوتمایە(م)** **خۆزگە ئێمە بخەوتینایە(ین)**

**خۆزگە تۆ بخەوتیتایە (ت)** **خۆزگە ئێوە بخەتنایە (ن)**

**خۆزگە ئەو بخەوتایە (..)** **خۆزگە ئەوان بخەوتنایە (ن)**

ب ـ لە پیتە پێشگری (ب) و ڕاناوی کەسی لکاو، وە چاوگی کرتێنراوی تێپەڕ، لەتەك پیتە پاشگری (ایە) وەك:

| **پیتە پێشگر** | **چاوگی کرتێنراو** | **پیتە پاشگر** |
|---|---|---|
| ب | + ڕاناوی کەسی لکاو + شکاند | + ایە |

**بریا من بم شکاندایە (م)** **بریا تۆ بت شکاندایە (ت)**

**بریا ئێمە بمان شکاندایە (مان)** **بریا ئێوە بتان شکاندایە (تان)**

**بریا ئەو بی شکاندایە (ی)** **بریا ئەوان بیان شکاندایە (یان)**

٢ـ چۆن ڕاناوی سەرئەخرێ؟

١ـ لە فرمانی (تێ پەڕ)دا، موسبەت بێ، یا مەنفی، ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ، بەدوا چاوگە کرتێنراوەکەوە، وەك:

**بریا من بچەقیمایە (م)          بریا تۆ بچەقیتایە (ت)**

**بریا ئێمە نەچەقینایە (ن)     بریا ئێوە نەچەقینایە (ن)**

٢ـ لە فرمانی (تێپەڕدا):

أ ـ موسبەت بێ و تەواوکەرەکەی ناو نەبرێ ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بە دوا پیتە پێشگری (ب)ەوە، وەك:

**خۆزگە من بم مژیایە (م)          خۆزگە تۆ بت مژیایە (ت)**

**خۆزگە ئێمە بمان مژیایە (مان)     خۆزگە ئێوە بتان مژیایە (تان)**

**خۆزگە ئەو بی مژیایە (ی)          خۆزگە ئەوان بیان مژیایە (یان)**

ب ـ مەنفی بێ و تەواوکەرەکە ناو نەبرێ، ڕاناوە کەسییە لکاوەکان ئەلکێنرێ بەدوا ئاوەڵکاری (نە)وە، وەك:

**کاشکی من نەم شوشتایە (م)          کاشکی تۆ نەت شوشتایە (ت)**

**کاشکی ئێمە نەمان شوشتایە (مان)     کاشکی ئێوە نەتان شوشتایە (تان)**

**کاشکی ئەو نەی شوشتایە (ی)          کاشکی ئەوانە نەیان شوشتایە (یان)**

ج ـ موسبەت بێ، یا مەنفی، ئەگەر تەواوکەرەکەی ناوبرا، ڕاناوە کەسییەکان ئەلکێنرێ بەدوا تەواوکەرەکەوە، وەك:

**خۆزگە من هەنارەکەم بویستایە (م)     خۆزگە ئێمە هەنارەکەمان بویستایە(مان)**

**خۆزگە تۆ هەنارەکەت بویستایە(ت)     خۆزگە ئێوە هەرنارەکەتان بویستایە (تان)**

**خۆزگە ئەو هەنارەکەی بویستایە(ی)     خۆزگە ئەوان هەنارەکەیان بویستایە (یان)**

٣ـ چۆن بەکارئەهێنرێ، وەك:

١ـ بۆ گومان (شك) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**نازانم ئەگەر بچوومایە، ئەم دی .**

٢ـ بۆ تکای ڕوودانی کارێ بەکارئەهێنرێ، لە ئایندەدا، وەك:

**خۆزگە بەیانی بهاتمایە و بم بینیایە .**

٣ـ بۆ ڕوودانی کارێ بەکارئەهێنرێ، کەوا تەسەور بکرێ ڕوویدابێ، وەك:

**ئەترسم، کە برۆیشتایە .**

٤ـ لەتەك فرمانی (ئەبوو)ی ئیستمراری بۆ (وجوب) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**ئەبوو شتەکەم تێ بگەیەندایە .**

**ئەبوو خانووەکەم لێ بکڕیایە .**

٥ـ بۆ ڕوونەدانی (وەرامی مەرج) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**ئەگەر پەیژەکە بکەوتایە، ئەکەوتمە خوارێ .**

## دووەم : فرمانی دادێ

ئەو فرمانەیە، کە خەبەری پێ لە کەسێ یا شتێ ئەدرێ لەکاتی ئاخاوتن یا دوا ئاخاوتن، وەك:

**کوللە شینایی ئەخوا. (ئەخوا)**

**وازم لێ بێنە، با تۆوەکەم بچێنم .(بچێنم)**

وە فرمانی دادێ ئەلوێ لە فرمانی ڕابووردووی شهودی، وەیا لە چاوگ وە یاخوت لە ڕەگی فرمان دروست بکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی وەرگرتنی لە ڕەگی فرمان ئاسانترە لەوانی تر، ئێمە لێرەدا، هەر لە دروست کردنی لە ڕەگی فرمان ئەدوێین، وە فرمانی دادێ لە کوردی دا دوو بابەتە:

**أ ـ فرمانی دادێ ی ئەخباری** INDICATIVE MOOD:

ئەو فرمانەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ ئەکا لەکاتی ئاخاوتنا وە لەشێوەی خەبەری دا، وەك:

**نازدار گۆشت ئەکڕێ .(ئەکڕێ)**

**نازەنین هەویر ئەشێلێ. (ئەشێلێ)**

وە فرمانی ئەخباری:

١ـ ئەتوانرێ لە پیتە پێشگری (ئە)، و ڕەگی فرمانی چاوگی تێپەڕ یان تێنەپەڕ، لەتەك ڕاناوی کەسی دا پێك بهێنرێ، وەك:

| **<u>پیتە پێشگر</u>** | **<u>ڕەگی فرمان</u>** |
|---|---|
| ئە | + شۆ + ڕاناوی کەسی لکاو |
| **من خۆم ئەشۆم (م)** | **تۆ خۆت ئەشۆیت (یت)** |

**ئێمە خۆمان ئەشۆین (ین)      ئێوە خۆتان ئەشۆن (ن)**

**ئەو خۆی ئەشوا (...)      ئەوان خۆیان ئەشۆن (ن)**

بەڵام چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ، یەعنی ئەو چاوگانەی کە کۆتاییان بە پیتە پاشگری (ان) هاتبێ، وەك (سووتان، خلیسکان، ڕژان، ترازان) لەم بنواشە (قاعیدە)یە، بەدەرە، وە ئەشێ بە پێی ئەم بنواشەیەی خوارەوە فرمانی دادێ ی لێ دروست بکرێ:

أ ـ چاوگەکە بهێنرێ و پیتە پاشگری (ن)، لێی بکرتێنرێ

ب ـ ئەلفەکەی بکرێ بە (ۆ)

ج ـ ئەنجا پیتە پێشگری (ئە)ی بخرێتە بەردەم و ڕاناوە کەسییەکان بلکێنرێ بەدوایەکەیەوە، وەك:

| <u>**چاوگ**</u> | <u>**چاوگی کرتێنراو**</u> |
|---|---|
| خلیسکان | خلیسکا (خلیسکێ) |

(ئە + خلیسکێ + ڕاناوی کەسی لکاو)

**من ئەخلیسکێم (م)      ئێمە ئەخلیسکێین (ین)**

**تۆ ئەخلیسکێت (یت)      ئێوە ئەخلیسکێن (ن)**

**ئەو ئەخلیسکێت (ت)      ئەوان ئەخلیسکێن (ن)**

٢ـ ئەتوانرێ لە ڕستەدا، بۆ ئەم مەرامانە بەکاربهێنرێ

أ ـ بۆ ڕوودانی کارێ کە دەلالەت لە عادەت بکا، وەك:

**هەموو ساڵێ بۆ ڕابواردن ئەچم بۆ شەقلاوە.**

ب ـ بۆ ڕوودانی کارێ لە کاتی ئاخاوتنا، وەك:

**باران ئەبارێ .**

ج ـ بۆ ڕوودانی کارێ لە ئایندەدا، وەك:

**بەیانی ئەچم بۆ شارەزوور.**

د ـ بۆ ڕوودانی کارێ کە دەلالەت لەسەر حەقیقەت بکا، وەك:

**زەوی بە دەوری ڕۆژا ئەسووڕێتەوە.**

هـ ـ بۆ پیشان دانی زەمانی حال لە تەك ئاوەڵکاری (وا، ئێستا هەنووکە)دا بەکارئەهێنرێ، وەك:

**وا ئەچم، هەنووکە ئەگەڕێمەوە، ئێستە پێی ئەڵێم .**

و ـ لەتەك ئاوەڵکاری (وا، وەها) بۆ پیشاندانی نەوع بەکارئەهێنرێ، وەك:

**وای ئەنووسم، وەهای ئەبڕم.**

**ب ـ فرمانی دادێ ی ئیلزامی** SUBJUNCTIVEMOOD:

ئەو فرمانەیە، کە دەلالەت لەسەر ڕووانی کارێ ئەکا، لە وێنەیەکی گومانی یا سڵەمێنەوە، یا تکا، یا مەرج، یا شت دا، وەك:

**ئەبێ ناوت بنووسم.**

لەم ڕستەیەدا فرمانی (بنووسم) فرمانێکی دادی ی ئیلزامییە، چونکە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێ ئەکا، لە وێنەیەکی پێویست و ئیلزامیدا وە فرمانی ئیلزامی:

١ـ ئەتوانرێ یەکسەر لە فرمانی ئەخباری دروست بکرێ، تەنیا بە گۆڕینەوەی پیتە پێشگری (ئە) بە (بـ = BI)، وەك:

**فرمانی دادێی**

| **ئەخباری** | **ئیلزامی** |
| --- | --- |
| **من ئەکرِم** | **من بکرِم** |
| **تۆ ئەپژمی** | **تۆ بپژمی** |

٢ـ وە لە ڕستەدا، ئەتوانرێ بۆ ئەم مەرامانە، بەکاربهێنرێ:

أ ـ بۆ (وجوب) لە تەك فرمانی (ئەبێ)ی ئەخباردا، وەك:

**ئەبێ بە باوکت بلّێم .**

ب ـ بۆ پیشاندانی نەوع لەتەك ئاوەڵکاری (وا، وەها)، وەك:

**وای بگرم، وەهای ببرِم .**

ج ـ بۆ داخوازی لەتەك ئاوەڵکاری (با)دا، وەك:

**با بێم بۆ ئەوێ، تێت ئەگەیەنم.**

د ـ بۆ ئایندەیەك کە حیرەتێکی تیابێ، وەك:

**برِۆم نەڕۆم .**

هـ ـ بۆ مەرج، وەك:

**ئەگەر بکەوتایە، خۆ ملی ئەشکا .**

### ٣ـ فرمانی داخوازی ( طلب )

ئەو فرمانەیە، کە داخوازی کردنی کارێکی پێ ئەکردی لەدوا ئاخاوتن، وەك:

**بارام: نەمامەکە بنێژە.**

لەم ڕستەیەدا: فرمانی (بنێژە) فرمانێکی داخوازی یە، چونکە داوای ناشتنی (نەمام)ی پێ ئەکرێ لەدوا ئاخاوتن، وە ئەم فرمانە، وەك: فرمانی (ڕابووردوو) و (دادێ) شەش ئێسکی نییە، تەنیا دوو ئێسکی هەیە، وەك:

**بخەوە بخەون**

وە ئەم فرمانە ئەتوانرێ لە پیتە پێشگری (ب) وە ڕەگی فرمانی تێپەڕ یا تێنەپەڕ و ڕاناوی کەسی لکاو دروست بکرێ، وەك:

| چاوگ | ڕەگەکەی | فرمانی داخوازی |
|---|---|---|
| گرتن | گر | بـ + ڕاناوی کەسی لکاو |

**تۆ دزەکە بگرە.**

**ئێوە دزەکە بگرن.**

## نەفی فرمان

ئەو ڕستەیەی کە ئەمانەوێ بیکەین بە نەفی، ئەشێ فرمانەکەی تیا بدۆزینەوە، ئەنجا:

١ـ ئەگەر فرمانی ڕابووردووبوو، هەموو دەمەکانی بە ئاوەڵکاری (نە) نەفی ئەکرێ، وەك:

بەست

بەست بوو

پشتێنەکەم نە بەستووە

ئەبەست

بەستایە

٢ـ ئەگەر فرمانەکە دادێی :

أ ـ ئەخباری بوو، پیتە پێشگر (ئە)ی لێ فڕی ئەدرێ و لەجێی ئاوەڵکاری (نا) دائەنرێ، وەك:

ئەت دوێنم نات دوێنم

ئەنێژم نانێژم

ب ـ ئیلزامی بوو، پیتە پێشگری (ب = RI)ی لێ فڕێ ئەدرێ و لەجێی ئاوەڵکاری (نە) دائەنرێ، وەك:

بشێلم نەشێلم

بشڵەقێنێ نەشڵەقێنێ

٣ـ ئەگەر فرمانەکە داخوازی (طلبی) بوو، پیتە پێشگری (ب = BI) دائەنرێ، وەك:

بڕۆ (مەڕۆ)، دانیشە (دامەنشە)

## پیتە پاشگری فرمانSUFFIXES OF VERB

١ـ (ەوە) ئەکرێ بە پاشگری ئەو فرمانانەی کە کۆتاییان بە پیتی بێدەنگی دێ، وەك:

نووست (نووست + ەوە = نووستەوە)

دائەنیشم (دائەنیشم + ەوە = دائەنیشمەوە)

٢ـ (یەوە) ئەکرێ بە پاشگری ئەو فرمانە ڕابووردووانەی کە کۆتاییان بە پیتە بزوێنی (أ) دێ، وەك:

کێڵا (کێڵا + یەوە = کێڵایەوە)

خووسێنرا (خووسێنرا + یەوە = خووسێنرایەوە)

٣ـ (ئەوە) ئەکرێ بە پاشگری:

أ ـ فرمانی ڕابووردووی نزیك لە صیغەی موفرەدی غائیبا، وەك:

فرۆشراوە (فرۆشراوە + تەوە = فرۆشراوەتەوە

گیراوە (گیراوە + ئەوە = گیراوەتەوە)

ب ـ ئەو فرمانە دادێیانەی کە کۆتاییان بە (ا، ێ، ی) هاتبێ، وەك:

ئەشوا (ئەشوا + تەوە = ئەشواتەوە)

بنوێ (بنوێ + تەوە = بنوێتەوە)

ئەچی (ئەچی + تەوە = ئەچیتەوە)

بڕۆی (بڕۆی تەوە = بڕۆیتەوە)

٤ـ (ڕەوە) ئەکرێ بە پاشگری ئەو فرمانە شهودییانەی کە لە صیغەی موفرەدی غائیبا، کۆتاییان بە پیتی (د، ت) دێ، وەك:

چاند (چاند + ۆتەوە = چاندۆتەوە)

ڕست (ڕست + ۆتەوە = ڕستۆتەوە)

## پرسیاری ٦٢

فرمانی سادە و لێکدراو، لەیەکتر جوێ بکەرەوە:

هەڵ گرت، ڕووخاندبوو، ئەپێوا، لەدایك بوو، تکای لێ کردووە، پێشاوە، بدۆشیایە، هەڵ ئەخست، لاچۆ، ناشت، ڕاپەڕی.

## پرسیاری ٦٣

أ ـ کردن ب ـ کرد، کردووە، کردبوو، ئەکرد، بکردایە

دە تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە، وەك: وێنەی (ب) لێ بکە:

بەزین، نووسین، پیشان، گرتن، تەکاندن، مژین، پەرستن.

## پرسیاری ٦٤

هەرچی فرمانی (مەعلوم) و (مەجهول) هەیە، بەجیا لەم ڕستانەدا دەریان بهێنە:

١ـ زەوییەکە کێڵرابوو .

٢ـ ڕۆنەکە ئەکێشرێ .

٣ـ پیازەکە پمیشا.

٤ـ چێشتەکە هەڵ چوو.

٥ـ نەمامەکە ئەڕوێنم.

٦ـ کەوەکە هەڵ فڕێنرا.

## پرسیاری ٦٥

أ ـ فرۆش      ب ـ کافرۆش، کافرۆشەکە، ئەم کافرۆشە

دە تۆش ئەم ڕەگە فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) ناوێکی بخەرە تەك هەتا ببێتە ئاوەڵناوی بکەر، لەپاشا ببێتە پێناسی (ەکە) و ئاوەڵناوی ئیشاری (ئەم ....ە)یشیان بخەرە سەر.

دۆ، کڕ، خەو، بڕ، کێش، ماڵ، گڕ .

## پرسیاری ٦٦

أ ـ نووسین      ب ـ نووس، نووسەر، نووسراو، نووسیار، نووسیاگ

دە تۆش ئەم چاوگانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

بەخشین، ناسین، ماڵین، گوشین، کێشان، شێلان، دانان.

## پرسیاری ٦٧

هەرچی چاوگی سادە و لێکدراو هەیە لە یەکتریان جوێ بکەرەوە:

بیستن، هەڵ چوون، بردن، زەوی کێڵان، فرۆشتن، ئابڕو بردن، وەرگەڕان، سەرشۆڕکردن، برژاندن، خۆ هەڵ کێشان، دەنگ دەرهاتن.

## پرسیاری ٦٨

چاوگی (تێپەڕ) و (تێنەپەڕ) لەیەکتر جوێ بکەرەوە:

تەقین، ئارام گرتن، شێلان، کۆکین، خوساندن، هاڕین، ڕاپەڕین، ژن هێنان، پێنەکردن، گەزین.

## پرسیاری ٦٩

أ ـ لەرزین    ب ـ لەرزە، لەرزە لەرز، لەرزینە، لەرزێنراو

دە تۆش ئەم چاوگانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

لەرین، کۆکین، تەپین، فڕین، تەقین.

## پرسیار ٧٠

أ ـ کوشت    ب ـ ئەکوژێ (ناکوژێ) ج ـ بکوژە (مەکوژە)

دە تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) و (ج) لێ بکە:

چەشت، کرۆشت، ناشت، ڕشت ز

## پرسیاری ٧١

أ ـ ڕژا   ب ـ ئەرژێ، ئەڕژێنرێ، بڕژێنرێ

دە تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

خزا، خشا، کشا، هەڵ قرچا، داڕووخا، داگیرسا.

## پرسیاری ٧٢

أ ـ برد        ب ـ ئەبا، ئەبات، ئەباتەوە

دە تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

خوارد، کرد، خست، ڕۆیشت، گەیشت .

## پرسیاری ٧٣

أ ـ کێڵ ب ـ ئەکێڵم ، بکێڵە

دە تۆش ئەم ڕەگی فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

ترس، پێو، گە، بەخش، مر، نێژ، شۆ، خەو، کە .

## پرسیاری ٧٤

أ ـ هات ب ـ واهات، ئەواهات، دەواهات.

دە تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

چوو، گرت، فڕی، ڕووخا، تەقی، ڕژا .

## پرسیاری ٧٥

ئەم فرمانانەی خوارەوە نەفی بکە:

گەیاندبوو، ئەترسا، هەڵ بژاردووە، ئەسڕێ، بپیشێ، ئەترسا، لێم ببورە، بکەوێ، خووراندووە.

## شەشەم ـ ئاوەڵکار ADVERB

ئەو واژەیەیە (WORD)، وەك وێنەی (أ)، یان ئەو دەستەواژەیەیە (PHRASE)، وەك وێنەی (ب)، یا ئەو پارچە شوێن کەوتووەیە (SUBORDINATE CLAUSE)، وەك وێنەی (ج) کە وەسفی بەشێ لە بەشەکانی ئاخاوتن ئەکا، جگە لە (ناو) و (ڕاناو) .

**أ ـ بەرخەکە باش ئەلەوەڕێ. (باش)**

**ب ـ چۆلەکەکە لەسەر دارەکە فڕی. (لەسەر دارەکە)**

**ج ـ کە مالۆسەکەم کوشت، یەکانەکە لەناو زەلکاوەکەدابوو.**

وە ئاوەڵکار، ئەلوێ لە ڕستەدا:

١ـ وەسفی فرمانێ بکا، وەك:

**گەلاوێژ فرە ئەدوێ. (فرە، ئەدوێ)**

٢ـ وەسفی ئاوەڵناوی بکا، وەك:

**گۆشتەکەم زۆر باش جنی. (زۆر، باش)**

٣ـ وەسفی ئاوەڵکاری بکا، وەك:

**پەمووەکەی تۆزێ زوو چاند (تۆزێ، زوو)**

**ئێوە لەسەر چی یاری ئەکەن (لە، سەر)**

وە ئاوەڵکار بە پێ ی زۆر و کەمی ئەو وشانەی لێی بووە ئەبێ، سێ بابەتە:

**١ـ ئاوەڵکاری سادە** SIMPLE ADVERB**:** ئەو ئاوەڵکارەیە کە تەنیا ڕیشەیەکی هەیە، وەك:

بەیانی، لا، فرە، مە، هەمیشە.

**٢ـ ئاوەڵکاری لێکدراو:** COMPOUND ADVERB**:** ئەو ئاوەڵکارەیە کە دوو ڕیشە یا پتری هەیە، وە لە ڕستەدا بەسەر یەکەوە موعامەلەی ئاوەڵکارێکی سادەی لەگەڵ ئەکرێ، وەك:

پاشەو پاش، لا لا، کەم کەم، پشتاو پشت

٣ـ ئاوەڵکاری دەستەواژەیی (CLAUSE): ئەو کۆمەڵە واژە لەیەکتر دانەبڕاوەیە، کە وشەکانی لێی پێك هاتووە، موعامەلەی جیا جیایان لەگەڵا ئەکرێ لە ڕستەدا، وەك:

سبەی بەیانی، ڕۆژی هەینی، زۆر زوو، هەفتەی ڕابووردوو.

## جۆرەکانی ئاوەڵکار THE KINDS OF ADVERB

**١ـ ئاوەڵکاری تافی** ADVERB OF TIME**:** ئەو ئاوەڵکارەیە کە بەیانی ئەو کاتە ئەکا کە فرمانێکی تیا ڕوو ئەدا، وەك:

**ڕۆژی هەینی ئەچم بۆ مەرگە.**

لەم ڕستەیەدا: دەستەواژەی (ڕۆژی هەینی) بەیانی ئەوکاتە ئەکا، کە چوونەکەی تیا ڕوو ئەدا بۆ مەرگە.

وە ئەمانە هەندێ لەو ئاوەڵکارانەن کە بۆ کات بەکارئەهێنرێن:

بەهار، هاوین، پاییز، زستان، هەینی، ئێستە، ئێستا، هەنووکە، هەر ئێستا، تا ئێستا، هەتا ئێستا، هەتاوەکو ئێستا، لە ئێستاوە، هەموو ڕۆژێ، مانگ، هەفتە، ساڵ، سەدە، شەو، شەوێ، بەیانی، سۆزی، ئێوارە، ئێوارێ، ئێواران، چێشتەنگاو، نیوەڕۆ، دوانیوەڕۆ، دوێنێ، دەست بەجێ، ئەمشەو، هەموو کاتێ، لەپاشا، لەدواییا، ئەمڕۆ، لەدوا، لەپاش، لەپێش، درەنگ، زوو، هەمیشە، ئەمساڵ، جارێ، جارجار، هەندێ، کتوپڕ، لەناکاو، بەیانی نادوو بەیانی، دووسبەی، پێرێ، دیسار، دیسانەوە، پار، پێرار، وا، ئەوا، مانگی ڕابووردوو، مانگی داهاتوو، بەسەر پێرار، هەفتەی ئایندە، لەمەولا، لەمەوبەر، لەمەوپێش، هەفتەی ئایندە.

**٢ـ ئاوەڵکاری شوێنی**[١] ADVERB OF PLACE**:** ئەو ئاوەڵکارەیە کە شوێنی ڕوودانی فرمانی هەڵ ئەدا، وەك:

**فەرهاد لەژێر کەپرەکەدا نووست.**

لەم ڕستەیەدا: واژەی (ژێر) بەیانی ئەو جێگایە ئەکا کە فەرهاد تیا نووستووە وە ئەمانە هەندێ لەو ئاوەڵکارانەن کە بەیانی شوێن ئەکەن:

دوور، نزیك، بەرەودوا، سەرەو خوار، لالا، پشتاوپشت، پاشەوپاش، ڕاست، چەپ، سەر، خوار، دوا، تەنیشت، لا، کن، ناو، پاش، کن، پێش...

---

١– هەمیشە لەتەك وەرامی (کوێ) دا ئەسازێ.

**٣ـ ئاوەڵکاری چەندی** ADVERB OF QUJANTITY**:** ئەو ئاوەڵکارەیە کە وەسفی فرمانێ ئەکا و هەم میقدارەکەشی دەرئەخا، وەك:

پەروین گەلێ دانیشت .

لەم ڕستەیەدا: وشەی (گەلێ) ئاوەڵکارە، چونکە وەسفی فرمانی (دانیشت) ئەکا، چەندییە، چونکە میقداری دانیشتنەکەی پەروینمان بۆ دەرئەخا.

وە ئەمانە هەندێ لەو ئاوەڵکارانەن کە بۆ (چەندی) بەکارئەهێنرێن:

گەلێ، فرە، زۆر، کۆڵێ، تۆزێ، هەندێ، نەختێ، کەمێ، بڕێ، چۆڕێ، پێچێ، تۆزە تۆزە، تێر تێر، کەم کەم، ووردە ووردە، جارێ، جارجار، دەم دەم، تاوتاو، چەلێ، ڕایەك، هەمیشە، تاوێ، ئەوەندە، ئەوەنە، ئەوەنگە.

**٤ـ ئاوەڵکاری ئاوەڵناوی** ADVERB OF QUALITY**:** ئەو ئاوەڵناوەیە، کە لەگەڵ وەرامی (چۆن)دا، ئەسازێ، وەك:

چێشتەکەت چۆن خوارد؟ بە گەرمی

لەم ڕستەیەدا: دەستەواژەی (بە گەرمی) ئاوەڵکاری ئاوەڵناوییە و چۆنێتی ڕوودانی فرمانی (خوارد) دەرئەخا، وە ئەمانە هەندێ لەو ئاوەڵکارانەن:

بەگورجی، بەدڵ شکاوی، بەڕەگەوە، بەکوڵ، بەگوڕ، بە شەرمەوە، لە ترسانا، لەخۆشیدا، بەسکەخشکێ، بە پەلەپروزێ، لەسەر پاشوو، بەسواری، لەسەرلا، وەها، وا.

**٥ـ ئاوەڵکاری نەفی** ADVERB OF NEGATIVE**:** ئەو ئاوەڵکارانەن کە بۆ نەفی بەکارئەهێنرێن، وەك:

**بەڵام تاخووڵقی نەکا چێشتەنگاو**

**نایەتە ناو دێ، پرشنگی هەتاو**

لەم دێرە هەڵبەستەدا: ئاوەڵکاری (نە) و (نا) نەفی فرمانی (ئەکا) و (ئەیەت) ئەکەن، وە ئەمانە ئەو ئاوەڵکارانەن کە بۆ نەفی بەکارئەهێنرێن:

١ـ (نا): ئەلوێ:

أ ـ ناوی پێ نەفی بکرێ، وەك: (ناپیاو، ناکەس)

ب ـ ئاوەڵناوی پێ نەفی بکرێ، وەك: (ناپاك، نابەدڵ)

ج ـ فرمانی دادێ ی پێ نەفی بکرێ، وەك:

(ئەسڕم ـ ناسڕم) (هەڵ ئەگرم ـ هەڵ ناگرم)

٢ـ (نە): ئەلوێ:

أ ـ ڕەگی فرمانی پێ نەفی بکرێ، وەك:

(مر ـ نەمر) (خۆر ـ نەخۆر) (بڕ ـ نەبڕ)

ب ـ فرمانی ڕابووردووی پێ نەفی بکرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| کەوت | نەکەوت |
| کەوتووە | نەکەوتووە |
| کەوت بوو | نەکەوت بوو |
| ئەکەوت | نەئەکەوت |
| بکەوتایە | نەکەوتایە |

٢ـ فرمانی دادێ ی ئیلزامی پێ نەفی بکرێ، وەك:

ئەوان بیخۆن          ئەوان نەی خۆن

من بخۆم          من نەخۆم

٣ـ (مە): تەنیا فرمانی ئەمری پێ (نەفی) ئەکرێ، وەك:

(بچێنە ـ مەچێنە)          (بکێڵن ـ مەکێڵن)

٤ـ (بێ): تەنیا ناوی پێ نەفی ئەکرێ، وەك:

(کەس ـ بێ کەس)          (من ـ بێ من)

٥ـ (نی): نەفی فرمانی بێ هێزی لە زەمەنی حاڵدا، پێ ئەکرێ، وەك:

**(پێنجوێن خۆشە ـ پێنجوێن خۆش نییە)**

**(هاوین گەرمە ـ هاوین گەرم نییە)**

**٦ـ ئاوەڵکاری وەرامی:** ئەو ئاوەڵکاریە کە یا دان بە ڕوودانی ئەو فرمانەدا ئەنێ یا نانێ کە وەسفی ئەکا، وەك:

**خۆشت شوشت؟ بەڵێ**

لەم ڕستەیەدا: وشەی (بەڵێ) ئاوەڵکارە، وە دان بە ڕوودانی فرمانەکەدا ئەنێ، وە ئەمانە هەندێ لەو ئاوەڵکارانەن کە بۆ وەرام بەکارئەهێنرێن:

بەڵێ، ئا، ئەرێ، نەخێر، خراپە، جوانە، دروستە، باشە، ڕاستە.

## سەربارى ئاوەڵكار چییە؟

سەربارى ئاوەڵكار هەر ئاوەڵكار ئەبێ، بەڵام ئەلوێ:

١ـ بەهۆى (ى) ئامرازى پەيوەندى يەوە تەواوى بكا، وەك:

(ڕۆژى هەينى) (شەوى بەهار)

٢ـ بەبێ هۆ تەواوى بكا، وەك:

**مانگ (زۆر درەنگ) هەڵ هات.**

ئاوەڵكار چۆن بەكارئەهێنرێ؟

١ـ وەك ئاوەڵكار بەكارئەهێنرێ،وەك:

**جار جار سەرتان لێ ئەدەم (جارجار)**

٢ـ وەك ناو بەكارئەهێنرێ،وەك:

**بارام هاتە سەر پشتم .(پشت)**

### پرسيارى (٧٦)

ئەم ڕستانەى خوارەوە بخوێنەرەوە، لەپاشا هەرچى ئاوەڵكارێكى تيا ئەبينى هێڵێكى بەژێرا بكێشە، وە پێمان بڵێ كە وەسفى چى ئەكا:

**١ـ بەيانى زوو كەڵەشێر ئەخوێنێ.**

**٢ـ لەبن تووتڕكەكەدا مارێ دەرپەڕى.**

**٣ـ گوڵناز جارجار پێ ئەكەنێ، كەچى جەمشيد هەر ئەگرى.**

**٤ـ پووشەكە تۆزى سووتا. ٥ـ مناڵەكە بەكوڵ ئەگريا.**

**٦ـ كوڕى وا بەجەرگ لەكوردا كەم هەڵ ئەكەوێ.**

## پرسیاری ٧٧

أ ـ شاسوار ئەدوێ        ب ـ شاسوار زۆر ئەدوێ

دە تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) هەر یەکی بە یەکێ لەم ئاوەڵکارانە (تۆزێ، فرە، کەم، بەسواری، هەندێ، گەلێ) وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

**١ـ دۆیەکە شلّەقا .        ٤ـ ئاوەکە بڕا.**

**٢ـ مەیمونەکە هەڵ تووتا.    ٥ـ فرۆکەکە فڕی.**

**٣ـ سەگەکە وەڕی .        ٦ـ سوارەکان لە ڕووبارەکە پەڕینەوە.**

## پرسیاری ٧٨

ئەم ئاوەڵکارانە لەڕستەدا بەکاربهێنە:

باییز، تەنیشت، پشتاوپشت، هەرگیز، نەختێ، بەگورجی.

## پرسیار ٧٩

أ ـ فەرهاد خلیسکا        ب ـ فەرهاد باش خلیسکا

دە تۆش ئەم ڕستانەی لای خوارەوە، هەر یەکی بە یەکێ لەم ئاوەڵکارانە (جوان، بەرز، قنج و قیت، چاك، گورج) وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

**١ـ باڵندەکە فڕی .        ٤ـ ئاکۆ لە ڕیزەکەدا ئەڕوا.**

**٢ـ ئەسپ جۆ ئەخوا.**

**٣ـ نۆکەرەکە ئەسپەکە ئەگرێ.**

## پرسیاری ٨٠

أ ـ دوور ب ـ دوورتر ج ـ دوورترین

دە تۆش ئەم ئاوەڵکارانە وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

زوو، نزیك، خوار، درەنگ، بالآ، بن، سەر.

## پرسیار ٨١

ئەم واژانە نەفی بکە:

ئەبڕێ، کەس، بوەرێنە، گوڵ، هەڵ چوو، ئەنێژم، بسڕە، بەدڵ، مر.

## حەوتەم ـ ئامرازی پەیوەندی PREPOSITION

ئەو واژەیەیە، کە لەپێش (ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو)ەوە، بەکارئەهێنرێ، بۆ دەرخستنی بەندیواری (علاقە)ی ناوەکە، یا ڕاناوەکە یا ئاوەڵکارەکە، لەتەك وشەکانی تری ڕستەکەدا، وەك:

**فەرهاد لە بازاڕ بوو.**

لەم ڕستەیەدا: واژەی (لە) بەندیوار بەینی (فەرهاد) و (بازاڕ) دەرئەخا، هەروەها:

**هیوا ئەچێ بۆ هەڵەبجە. (بۆ)**

**لیمۆی ترش. (ی)**

## پیتە پاشگری ئامرازی پەیوەندی

پیتە پاشگری ئامرازی پەیوەندی ئەمانەن:

١ـ (وە، ەوە) بۆ دەست پێ کردن و تەعینی ئاقار بەکارئەهێنرێ، وەك:

لە ماڵەوە (لە .... ەوە)

لە کوێ وە؟ (لە .... وە)

٢ـ (دا):

أ ـ ئەگەر ببێتە پاشگری (ناو)، یا (ڕاناو) جێ پیشان ئەدا، وەك:

**لە خێڵەکەدا (لە.......دا)**

**بەسەر مندا (بەسەر ... دا)**

**پێیدا (پێ ...... دا)**

ب ـ ئەگەر ببێتە پاشگری (ئاوەڵکار) حاڵ پیشان ئەدا، وەك:

**لە ترسا (ترس دا) (لە ... دا)**

**لە گەرما (گەرم دا) (لە ... دا)**

**لە خۆشیا (خۆشی دا) (لە ... داو)**

٣ـ (ڕا): بۆ دەست پێ کردن و تەعینی ئاقار بەکارئەهێنرێ، وەك:

**لەکوێ ڕاهاتیت؟ (لە ... ڕا)**

**لە ڕانیەڕا هاتم . (لە ... ڕا)**

## بابەتەکانی ئامرازی پەیوەندی

ئامرازی پەیوەندی دوو بابەتە:

**١ـ ئامرازی پەیوەندی سادە:** ئەو ئامرازانەن کە ڕیشەیەکیان هەیە، وە (بە، لە)ی ئەم ڕستانەی خوارەوە:

*** تووتن بە هاوین ئەچێنرێ .**

*** کولاو لە گوڵ دەرئەهێنرێ .**

**٢ـ ئامرازی پەیوەندی لێکدراو:** ئەو ئامرازانەن کە دوو ڕیشە یا پتری هەیە، وەك: (هەتا، لەسەر، بەبێ)ی ئەم ڕستانەی خوارەوە:

*** هەتا شارەزوور ئەچم .**

*** بەبێ ئێوە نای دوێنم.**

*** مریشکەکە لەسەر دارەکە هەڵ نیشت بوو.**

## ئامرازەکانی پەیوەندی

یەکەم (بۆ)، وەك:

**سوورە چناری لق و پۆپ درێژ**

**سێبەر ئەکا، بۆ خەوی بەردە نوێژ**

وە ئەم ئامرازە ئەتوانرێ:

١ـ بۆ بەیانی جێگا بەکاربهێنرێ، وەك:

**لە سلێمانییەوە ئەچم بۆ شەقڵاوە.**

٢ـ بۆ بەیانی (کات) بەکاربهێنرێ، وەك:

**ئەمانە بۆ هاوینێکی تر هەڵ ئەگرم.**

٣ـ بۆ (نیاز) بەکاربهێنرێ، وەك:

**بۆ خوێندن هاتووین بۆ ئێرە.**

٤ـ بۆ (تەمەلوك و تەخەسوس) بەکاربهێنرێ، وەك:

**ئەمە بۆ من ئەوەش بۆ تۆ .(تەمەلوك)**

**ئەم مەڕە بۆ داشت دانراوە. (تەخەسوس)**

دووەم (بە)، وەك:

**دە ساقی بە حەقی پیاڵەی شەراب**

**بە جەرگی پروزاوی هەر وەك کەباب**

وە ئەم ئامرازە ئەتوانرێ:

١ـ بۆ (کات) بەکاربهێنرێ، وەك:

**بە ڕۆژ ئەڕۆیشتین و بەشەو دائەنیشتین.**

٢ـ بۆ (جێگا) بەکاربهێنرێ، وەك:

**بەناو باخەکەدا ئەسووڕانەوە.**

٣ـ بۆ (سوێند) بەکاربهێنرێ، وەك:

**بەخوا ناتوانم جارێ سەرتان لێ بدەم!**

٤ـ بۆ (ئیستیعانە) بەکاربهێنرێ، وەك:

**دارەکەم بە تەورەکە قلّیشاند.**

٥ـ بۆ (حالّ) بەکاربهێنرێ، وەك:

**دوێنێ بە دڵ شکاوی گەڕاینەوە.**

٦ـ بۆ (کەمییە) بەکاربهێنرێ، وەك:

**لە سلێمانی گەنم بە ڕبە ئەفرۆشن.**

٧ـ لەگەڵ ئاوەڵناوێکا بەکاربهێنرێ، وەك:

بەکوڵ، بەجەرگ، بەهێز

٨ـ بۆ گۆڕینی شتێ لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر بەکاربهێنرێ، وەك:

ترێ ئەبێ بە مێووژ

ئاو ئەبێ بە سەهۆڵ

٩ـ بۆ گرێدانی دوو وشە بە یەکترەوە بەکاربهێنرێ، وەك:

(دەست بەدەست) (دێ بە دێ)

١٠ـ بۆ میقدار و نرخ بەکاربهێنرێ، وەك:

بە چەند؟

سێ یەم (لە)، وەك:

**ئەجدادی تۆ شێرانی کورد**

**لەڕێ ی وەتەن، بە مەردی مرد**

وە ئەم ئامرازە ئەتوانرێ:

١ـ بۆ پیشاندانی (جێ) بەکاربهێنرێ، وەك:

**لە گوڵزارا، لە سەرچاوەی بەهارا**

**لە چیمەندا، لەبن سایەی چنارا**

٢ـ بۆ پیشاندانی کات (زەمان) بەکاربهێنرێ، وەك:

**لە مانگی ئایندەدا دێم بۆ لاتان.**

٣ـ بۆ (هەندێتی = تبعیض) بەکاربهێنرێ، وەك:

**لە سێوەکەم خوارد.**

٤ـ بۆ (تەفزیل) بەکاربهێنرێ، وەك:

**شێر لە پڵنگ ئازاترە.**

٥ـ بۆ بەیانی (جینس) بەکاربهێنرێ، وەك:

**پاوانەکەی نەسرین لە زێڕە.**

٦ـ بۆ دابڕینی شتێ، وەك:

**لە دوێنێ یەوە، دارام لە مەمك بڕیوەتەوە.**

٧ـ بۆ (سەبەب) بەکاربهێنرێ، وەك:

**لەخۆشی دا وەختابوو شامەرگ ببم.**

٨ـ بۆ بەیانی (ژمارە) بەکاربهێنرێ، وەك:

**لە هەشت کەوەکە، چواریانم سەربڕی.**

٩ـ بۆ دەربازبوون (مجاوزە) بەکاربهێنرێ، وەك:

**چۆلەکەکەم لەدەست فڕی.**

**چوارەم (لۆ) وەك:**

**سادەی غیرەتێ لۆ کوردەواری**

**لابەین لەناوا کزی و هەژاری**

پێنجەم (پەی)، وەك:

**پەی دووری بالآت زامەکەم سەختەن**

**مەزانۆ بەحاڵ مەردەنیم وەختەن**

شەشەم (تا، هەتا، هەتاکو، هەتاوەکو)، وەك:

* **تا ڕەواندوز چووم و گەڕامەوە.**
* **هەتا ئێرە لە گەڵتانا دێم.**
* **دوێنێ شەو هەتاوەکو بەیانی نەنووستم.**

حەوتەم (ی)، وەك:

**خاکی پیرۆزی زازا و سۆرانی**

**ڕاوگەو هەوارگەی لوڕ و گۆرانی**

وە ئەم ئامرازە ئەتوانرێ:

١ـ بۆ ئیزافە بەکاربهێنرێ، وەك:

(کەواکەی پرشنگ)　　　(ئەموستیلەی زێڕ)

٢ـ بۆ وەسف بەکاربهێنرێ، وەك:

(خواردنی باش)        (سێوی ترش)

هەشتەم: (ە)، وەك:

**ئەڕواتە ناو ماڵ بەبێ بەزەیی**

**لە بنەڕەتا ئەی خاتە زەوی**

نۆیەم: (بێ)، وەك:

**بەبێ ئێوە تاوێ هەڵ ناکەم.**

دەیەم: (وە)، وەك:

**وەنەوشەم ئەچنی پەنجەم کەوت لە گوڵ**

**شەوگارم شەق کرد، نەگەیم وە دڵ**

یانگزەهەم: (وەك، وەکو) بۆ تەشبییە بەکارئەهێنرێ، وەك:

**ئەم باخە وەك بەهەشتە**

**تۆ وەکو من لەگەڵیا بدوێ**

دوانگزەهەم: (پێ) لەبری (بە) بەکارئەهێنرێ، وە پێش فرمان ئەکەوێ، وەك:

**پێت بڵێم: ڕۆڵە، سەر سوودی چی یە؟**

**بۆ بەردەبازی، ڕێ ی ئازادی یە!**

سیانگزەهەم: (لێ) لە بری (لە) بەکارئەهێنرێ و پێش فرمان ئەکەوێ، وەك:

**خۆم لێ داگرت. (واتە: خۆم لە بارام داگرت)**

چواردەهەم: (تێ): لەبری (لە) بەکارئەهێنرێ، وە پێش فرمان ئەکەوێ، وەك

**لەسەر بوارەکە تێم خوڕی. (واتە لە زەلامەکەم خوڕی)**

## پرسیاری ٨٢

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە، لەپاشا هەرچی ئامرازێکی پەیوەندی سادە یا لێکدراوت بەرچاوکەت هێڵێکی بەژێرا بکێشە:

**١ـ بە مەکینەکەی ئێوە هەشت دۆنم زەویم کێڵا.**

**٢ـ مەڕەکانم لە پاوەنەکەدا، ژمارد.**

**٣ـ لە دامێنی چیاکەوە، خۆمان ئەکوتا بۆ تەوقە سەدەکەی.**

**٤ـ پێم ووت و تێم گەیاند، ئەنجا لێ ی جوێ بوومەوە.**

**٥ـ لەسەربانەکەوە خۆم هاوێشتە ناو باخەکەوە.**

## پرسیاری (٨٣)

أ ـ سەر        ب ـ لەسەر، بەسەر، ەسەر

دە تۆش ئەم ئاوەڵکارانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە هەتا ببێتە ئامرازی پەیوەندی لێکدراو.

(ناو، بن، کن، لا، تەنیشت، بەر، پشت، پاش، پێش).

## پرسیاری (٨٤)

أ ـ لە     ب ـ لەسەر، لەبن، لە تەنیشت، لەکن، لەلا، لەناو، لەبەر، لە پشت، لەپاش، لەپێش، لەبن، لەژێر، لەخوار.

دە تۆش ئەم ئامرازە پەیوەندی یانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

( بە، ە).

## پرسیار (٨٥)

أ ـ ئەچم بۆ پێنجوێن      ب ـ ئەچمە پێنجوێن      ج ـ هەتا پێنجوێن ئەچم

دەتۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب، ج) لێ بکە:

**١ـ ئەڕۆم بۆ لادێ .      ٢ـ دێم بۆ ئەوێ .      ٣ـ ئەفڕم بۆ بەغدا.**

## پرسیاری (٨٦)

أ ـ پێ      ب ـ پێدا، پێوە، پێرا      ج ـ پێکدا، پێکەوە، پێکڕا

تۆش ئامرازی (تێ) و (لێ) وەك وێنەی (ب) و (ج) لێ بکە:

## هەشتەم: ئامرازی پێ بەست CONJUNCTION

ئامرازی پێبەست واژەیەکە بۆ گرێدان و بەستنەوە و یەک خستن بەکارئەهێنرێ، وەک:

**کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن.**

لەم ڕستەیەدا: واژەی (و) ئامرازی پێبەستە، چونکە وشەی (کورد) و (عەرەب)ی یەک خستووە.

وە ئامرازی پێ بەست، ئەلۆێ:

١ـ بۆ یەک خستنی دوو واژە، یا پتر بەکارئەهێنرێ، وەک:

**گەل تامی ئازادی و سەربەخویی چەشتوە. (دوو واژە)**

**من و نەسرین و دارا لە بەراوردا دەرنەچووین. (پتر)**

٢ـ بۆ یەک خستنی دوو دەستەواژە یا پتر بەکاربهێنرێ، وەک:

**لە خانوەکەی ئێمە و خانوەکەی ئێوەوە ئاو لرفەی ئەکردە سەر شەقامەکە.**

٣ـ بۆ یەک خستنی دوو ڕستە یا پتر بەکاربهێنرێ، وەک:

**هەنارەکان ترشن ،بەڵام سێوەکان مزرن.**

وە ئامرازی پێ بەست لە کوردیدا

١ـ ئەگەر لە ڕیشەیەک پێک هات بوو، پێی ئەڵێ (ئامرازی پێ بەستی سادە)، وەک:

**سێوەکە یا هەنارەکە (یا)**

**ئێمە بەشەو و ڕۆژ تێ ئەکۆشین (و)**

٢ـ ئەگەر لە دوو ڕیشە یا پتر پێك هاتبوو، پێ ئەلرێ (ئامرازی پێ بەستی لێکدراو)، وەك:

**ڕێوی بە فێڵ ناوەستێ (مەگەر) تەڵە پێی ببەستێ.**

**ئیتر ناتان دوێنم، (چونکە) بەجێتان هێشتم.**

وە هەرچی ئامرازی پێبەستیش هەیە لە کوردیدا، ئەمانەن:

١ـ (و)، وەك:

**پونگە و بەنگۆکە، کوزەڵە و پیشۆك**

**گێلاخەو کاردوو، شنگ و هەڵەکۆك**

وە ئامرازی (و) لە ڕستەدا، ئەتوانێ:

أ ـ دوو (ناو) یەك بخا، وەك:

بارام و فەرهاد

ب ـ ناوێك و ڕاناوێ، بە پێچەوانەوە، ڕاناوێك و ناوێ، یەك بخا، وەك:

(من و محەمەد) (بارام و تۆ)

ج ـ دوو فرمان یەك بخا، وەك:

پێ ئەکەنین و ئەگریان

د ـ دوو ئاوەڵناو، یەك بخا، وەك:

(ڕەش و سپی) (سەوز و سور)

هـ ـ دوو ئامرازی پەیوەندی یەك بخا، وەك:

(بە من و بە تۆ) (لە دەشت و لەدەر)

و ـ دوو ئاوەڵکار یەك بخا، وەك:

(ئێرە و ئەوێ)       (هاوین و زستان)

ز ـ دوو دەستەواژە یەك بخا، وەك:

تاڤگەی زەڵم و ڕووباری تانجەڕۆ

ك ـ دوو ڕستە یەك بخا، وەك:

**باوکی دارا هەژارە، بەڵام دڵ و دەروونی دەوڵەمەندە.**

وە ئەم ئامرازە لە ڕستەدا:

أ ـ هەندێ جار ئەو دوو واژەیەی کە بە یەکێکیانەوە ئەبەستێ، لە مەعنادا لەیەکیان دوور ئەخاتەوە، وەك:

(حوشتر و حەمام!)       (مەیموون و عەبا!)

ب ـ هەندێ جاریش لە یەکتریان نزیك ئەخاتەوە، وەك:

(سۆفی و خانەقا)       (هەور و بەهار)

٢ـ (وە): ئەو ئەرکانە ئەبینی کە (و) ئەی بینێ، وەك:

**پرشنگم دی ئەهات و ئەچوو لە بێڵاییەکەدا.**

٣ـ (بەڵام، بەڵان، وەلێ) بۆ ئیستدراك بەکارئەهێنرێن، وەك:

*** ڕاستە من ڕێبوارم، سەر پێ ی ئەڕوانم**

**بەڵام وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم**

*** هەنگوینەکە بخۆ بەڵان گۆشتەکە بۆ من دابنێ.**

*** وانەکەم ڕەوان کرد، وەلێ بە بەراوردا نەگەیشتم.**

٤ـ (تا، هەتا، تاکو، هەتاکو، تاوەکو، هەتاوەکو)، وەك:

*** مەیەن تا تەلەفۆنتان لەگەڵ ئەکەم.**

*** پیچ بده بەخۆت لەچەم، لە کێوان**

**هەتا ئەچیتە سەر ئاوی سیروان**

*** تاکو ڕانە مەڕەکە ئەگاتە ناو دێ، من ناڕۆم.**

*** هەتاکو گەرما بمێنێ، سەرتان لێ نادەم.**

*** تاوەکو ڕێوی قەوارەی خۆی ئەخوێنێتەوە، چەرمی ئەبەنە دەباغخانە.**

*** هەتاوەکو نەی بینم، بەڵێن نادەم.**

٥ـ (نەك، نەوەك، نەوەکو، نەکو)، وەك:

*** کورج و کۆڵم نەك گێژم**

**بۆیە نەمام ئەنێژم**

*** نەکو ئێوە نەچن، من جارێ چۆن ئەچم؟!**

*** تۆ لێرە دابنیشە نەوەك لەپڕ بێن.**

*** من باخەکەی بۆ ئاو ئەدەم نەوەکو ئەمرۆ نەیەتەوە.**

٦ـ (کەی)، وەك:

**کەی سالار بگاتە جێ، ئاهەنگێکی بۆ ئەکەم.**

٧ـ (ئەگەر، گەر، مەر، مەگەر، ئەر، ئەرنا، ئەگەنا، ئەگینا، دەنا)، وەك:

*** ئەگەر چوویت بۆ ڕاو، ئاگادارم بکە.**

*** بێرە کوردستانی عەزیزم گەر تۆ سەیرانت ئەوێ**

**بت بەمە قەندیل، ئەگەر گوڵزاری کوێستانت ئەوێ**

*** مەر مێوانەکانم بڕۆن، سەرێکتان لێ بدەم.**

*** مووروووی هاوماڵ، مەگەر بەشەو بکرێتە مل.**

*** ئەر مەندووب هەیە بۆچی مام کوێخا؟**

**لەسەر خۆرایی، ئابڕوم ئەبا؟!!**

*** من نەم دی، ئەگینا تێم ئەگەیاند.**

٨ـ (یان، یان، یاخو، یاخوت، وەیا، وەیاخوت، یام، وەیام)، وەك:

*** ئیتر ڕابوورد من پیربم یان دڵم بمرێ**

**یا بلووری شادمانیم، هەرگیز گەرد بگرێ**

*** نازانم مەڕەکەت ئەوێ یاخو بەرخەکە یا بەرانەکە.**

٩ـ (نە)، وەك:

**سێوەکەم خوارد نە هەنارەکە.**

١٠ـ (ئەنجا، ئینجا، ئینجا)، وەك:

*** وەردەکە ئەکێڵم ئەنجا گەنمەکەی پێوە ئەکەم.**

*** میوان زێڕە، ئینجا ئەبی بە زیو، لەپاشا ئەبێ بە ئاسن.**

*** جۆ پێ ئەگا، ئەنجا گەنم.**

١١ـ (هەم، هەم، ... و)، وەك:

**ئەو نیشتمانە، ئەو ئاووگڵە**

**پشت و ئەژنۆیە، هەم جەرگ و دڵە**

١٢ـ (ش، ش و، و... ش)، وەك:

*** ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە، بشمری لام وایە، قەبری گردی سەیوانت ئەوێ.**

*** بەیانی تۆش و داراشم لە باخەکەدا، دی.**

*** گەنمەکەش و جۆیەکەشم فرۆشت.**

١٣ـ (جگە، بێجگە) بۆ دەرهاوێشتنی شتێ لە شتێ بەکارئەهێنرێ، وەك:

**کچەکانم لە باخەکەدا دی جگە لە نەسرین.**

**دەرسەکانم لەبەر بێجگە لە کوردی.**

١٤ـ (بەشکو، بەڵکو)، وەك:

*** ئەچم بۆ ئەوێ بەشکو چاوێکم پێ ی بکەوێ.**

*** ئەم دەرمانەت بۆ ئەنووسم بەڵکو سوودی لێ وەربگری.**

١٥ـ (کە)، وەك:

**بە باخەوانەکەم ووت کە بەرچنەیەك ترێمان بۆ بنێرێ.**

١٦ـ (کەچی)، وەك:

**من نای دوێنم کەچی خۆیم تێ هەڵ ئەسوێ.**

١٧ـ (چونکە)، وەك:

**ئەوانە دەست لێ مەدە چونکە هی خۆمان نین.**

## پرسیاری ٨٧

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە، لەپاشا چەند ئامرازی پێ بەسست بەرچاو ئەکەوێ، سەرو هێڵیان بەژێرا بکێشە، وە لەپاشا پێمان بڵێ سادەن یا لێکدراون:

*** خاك و گوڵ و گڵ و گیا**

**شاخ و چەم و چڵ و چیا**

*** پۆڵای خۆڕاگر شکا، توایەوە**

**بەڵام ناوی تۆی نەمر، مایەوە**

*** وەرە ئەی نەوجوان، گەر هۆشیاری**

**بخوێنە سەرف و نەحوی کوردەواری**

*** باڵندەکان فڕین جگە لە شینە شاهۆکە.**

*** هەتاوەکو ئەوان هاتن ئێمە لە جێ ی خۆمان**
**ماینەوە، وەلێ برسی مان بوو، ئەگینا باکمان**
**نەبوو، گەرچی درەنگ تریش بهاتنایە**

## پرسیاری ۸۸

ئەم ئامرازە پێ بەستانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:

(و، کە، هەتا، نەك، بەڵکو)

١ـ ناویان ئەدەم .... هەڵ بدەنەوە سەر لە نوێ.

٢ـ شێر بم شکێنێ .... ڕێوی بم خوات.

٣ـ ئەمانە بدە بە من .... ئەوانە بۆ خۆت.

٤ـ ئارەزوو ئەکەم .... بت بینم.

٥ـ ئەمانە لێرە دائەنێم .... ئەگەڕێینەوە.

## پرسیاری ۸۹

أ ـ چەند ب ـ هەرچەند ج ـ هەرچەندکە

دە تۆش ئەم وشانەی خوارەوە، وەك وێنەی (ب) و (ج) لێ بکە:

(چی، چۆن، کام).

## نۆیەم: ئامرازی نیدا INTERJECTION

ئەو واژەیەیە کە یا بۆ وووریاکردنەوەی دوێنراو (مخاطب)، وەیا دەربڕینی هەست بە (پەستی، پەژارە، سەرسوڕمان، خۆشی، ترس، چاکە) بەکارئەهێنرێ، وەك:

**ئەی وەتەن، با جارێ وابێ تا هەلێکت دێتە پێش**

**تێ ئەگەیت ئەوسا، وەکو شێر، ئارەزووی مەیدان ئەکەم**

لەم دێرە ڕستەدا:

١ـ واژەی (ئەی) ئامرازی نیدایە، چونکە ناوێکی پێ وووریاکراوەتەوە، کە لەگەڵیا ئەدوێیت.

٢ـ واژەی (وەتەن) مونادایە، چونکە ئەو ناوەیە کە وووریاکراوەتەوە وە مونادا ئەلوێ:

١ـ لە واژەیەکی سادە یا لێکدراو پێك هاتبێ، وەك:

*** ئەی پرشنگ بخوێنە، بە خوێندن پێش ئەکەوێ (پرشنگ)**

*** ئەی ملەکەوە بۆچی داماوی؟**

**بۆچی وا کەوەو شین هەڵ گەڕاوی؟ (ملەکەوە)**

٢ـ لە دەستەواژەیەك پێك هاتبێ، وەك:

*** ئەی پەری بەهەشت ڕوومەت خوێناوی**

**ئەی گەردن بلوور، چاو تەلیسماوی**

وە هەرچی ئامرازی نیدا هەیە، ئەمانەن:

١ـ (ئەی): **ئەی کاکەی شوان ئێجگار دەروون زووخاڵم**

**چاوەڕێ ی دەنگێکی بەرزی شمشاڵم**

٢- (هۆ): **هۆ کاکەی شوان گوێم لێ یە لەو بن دارە**

**ئەوی ئەی لێیت، نای لێیتەوە، دووبارە**

٣- (ئەرێ): **ئەرێ پاییز، ئەرێ باران!**

**بۆ قارت گرت، لە کوردستان؟!**

٤- (ە): بۆ وریاکردنەوەی یەکێ بەکارئەهێنرێ، کە نێرینە بێ، وە ئەکەوێتە دوایەوە، وەك:

**کوڕە، تۆ ئەڵێم تۆ! بۆچی وا پەستیت؟!**

٥- (ێ): بۆ وریا کردنەوەی مێینە بەکارئەهێنرێ، وە ئەکەوێتە دوایەوە، وەك:

**خوشکێ، بۆ بە خۆڕایی داوێنم ئەگری.**

٦- (ئای): **ئای چی پێ کردم، دیسانەوە دڵ**

**تازە من لەکوێ و شیوەنی بەکوڵ!!**

٧- (ئای ئای): **ئای ئای ئەیانەوێ بە درۆ لە خشتەمان بەرن!**

٨- (ئادەی): **ئادەی کەنیشکە نەختێ ئاو بێرە.**

٩- (چش): **هەر باخەکە مابوو، ئەویشم فرۆشت، چش.**

١٠- (دەچش): **دە چش لەخۆت بکە و بچۆ.**

١١- (حەست): **خانووەکەمان سووتا، حەست!!**

١٢- (وەی): **وەی لە مام هۆمەر چەند بەسەزمانە!**

١٣- (وەی وەی): **وەی وەی تازە ئەیانەوێ بگەنە کاروانی شارستانی.**

١٤- (هیزە): **هیزە بگەنە فریام ئەگینا ئەخنکێم!**

١٥- (ئۆی): **ئۆی لەم زەمانەیە کەتێ ی کەوتووین برا ئاوڕ لەبرا ناداتەوە!**

١٦ـ (ئۆف): **ئۆف لە برینەکەم، هاتۆتە سوێ!**

١٧ـ (ئاخ): **ئاخ بۆ دەنگ خۆشێ لە ژوور سەرینمان**

**بە بەیتی کوردی بدا، تەڵقینمان**

١٨ـ (خۆزگە)[1]: **خۆزگە فیڵم بدیایە.**

١٩ـ (بریا): **بریا نەمامەکەم بچەقاندایە.**

٢٠ـ (کاشکی): **کاشکی گەنمەکەم بکڕیایە.**

٢١ـ (هاها): **هاها چی بوو؟ بوو بەخوێنی سیاوەحش هەر نەکوژایەوە!!**

٢٢ـ (ئەها): **ئەها بانێژەکە ڕووخا!**

٢٣ـ (دەك، ئەك، هەك)، وەك:

*** درك پیرۆزت بێ، یانە بە تەنیا**

**دیارە ڕووسووری لە هەردوو دنیا**

*** ئەك نەمری بۆ خۆت و دەستی ڕەنگینت!**

*** هەك نانی کەمی نەخۆی لە ژیانا.**

٢٤ـ (هەی): **کە ڕووی لێ نیشت گەردی شیعرم**

**هەی جوانە مەرگ خۆم! هەی بمرم**

٢٥ـ (وای): **وای لە شاسوار چەند ساویلکە و گێژە**

٢٦ـ (داد): **داد لەدەست جەوری زەمانە!**

٢٧ـ (داخ): **داخ بۆ ڕابووردوو چۆن هەڵ ئەکێشم؟!**

---

[1] ـ خۆزگە و بریا و کاشکی لە ڕستەدا، لەگەڵ فرمانی ڕابووردووی ئینشائی، یا ئیستمراری بەکارئەهێنرێ.

٢٨ـ (پەح): **پەح لەو پیاوەی کە قسان دەکا!**

٢٩ـ (پەکوو): **پەکوو کە لەسەر قسان دەڕوا!**

٣٠ـ (ئا): **ئا وەرە بۆ لای من!**

٣١ـ (ئۆخەی): **ئۆخەی کە چاوم لە چاوت بڕا!**

٣٢ـ (ئاخۆ): **ئاخۆ بە چ ڕۆژێ ئەمرێ؟!**

٣٣ـ (هەو): **پرشنگ تۆراوە، هەو، خۆ دوێنێ برا بە بووکی!!**

## پرسیاری ٩٠

ئەم دێرە هەڵبەستانە بخوێنەرەوە، هەرچی ئامرازێکی نیدا و مونادات بەرچاوکەوت، سەرو هێڵ بکێشە بە ژێریانا:

*** ئاخ هێلانەم شێوا، ڕما**
**بەیاخی، یەئسم هەڵ کرا**

*** ئەی مانگ بۆ لێڵە تریفەت ئیمشەو ـ هەل بزرکاوە**
**چاوی کەژاڵت وەك چووبێتە خەو ـ سیس و ژاکاوە**

*** ئۆخەی کە دڵم تێر گریا**
**بەکوڵ، بەجۆش، بە ئاشکرا**

*** چون تۆ ئێستە چوبیتە ژێر گڵ**
**وەك کوێربن، پاریزیش و گوڵ**

## پرسیاری (٩١)

**ئەم ئامرازانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە:**

**خۆزگە، ئەها، ئەی، ئاخ، دەك، یێ**

**١ـ پوور .... بەیانی وەرە بۆ ماڵی خۆمان.**

**٢ـ .... کەپرەکە سووتا!**

**٣ـ .... ئەسپەکەم لێ بکڕیایە.**

**٤ـ .... هەستە لەخەو .... لاوی کورد**

**تێ بکۆشە، بەدەست و برد**

**٥ـ .... لەدەست ناڕەوایی!**

**٦ـ .... ئاخ و ئۆفی دایکی جەرگ سووتاو**

**بۆ خەتا باران، ببێتە ژانی چاو**